# مرۆڤ بەچی دەژی؟




# مرۆڤ بەچی دەژی؟

نووسینی: لێڤ نیکۆلاڤ تۆڵستۆی
وەرگێڕانی بۆ تورکی: مستەفا ئالتوگ
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئاوات  عەبدوڵڵا بابان
بابەت: چیرۆک
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا- زانا سامان
تیراژ: ٧٥٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن:١٤٢٦ ی ٢٠٠٩
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان- سلێمانی
www.sardam.org

سەرچاوە:
INSAN  NE ILE YASAR
DUNYA KALSIKLERI  SERISI
TOLSTOY
ZAMBAK  YA YINLARI
IZMIR / 2006

تۆڵستۆی

# مرۆڤ بەچی دەژی؟

وەرگێڕانی لە تورکییەوە:

ئاوات عەبدوڵڵا بابان

سلێمانی ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٩٥)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

***ئازاد بەرزنجی***

# پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ ٧

مرۆڤ بە چی دەژی؟ ٩

سێ پرسیار ٤٣

سێ پرسیار ئاغا و خزمەتکار ٥١

پێویست بوو ئاگرەکە هەر بە پریشکی خۆی بکوژێنیتەوە ١١٩

# پێشەکیی وەرگێڕ:

(مرۆڤ بە چی دەژی؟) یەکێکە لە شاکارە ناوازە و دیارەکانی ئەدیب و نووسەری بەناوبانگی ڕووسیا و جیهان (لێڤ نیکۆلاڤ تۆڵستۆی). لە سەردەمی نەهامەتی و چەرمەسەریی گەلانی ڕووسیادا تۆڵستۆی مامۆستا و ڕێنیشاندەری گەلەکەی بووە و بەرهەمەکانی مەرهەمی سارێژکەرەوەی برینی ئەوان بووە.

گەلی کورد، بەتایبەتی کوردی باشووری کوردستان چەندین ساڵە، بەڵکو چەند سەدەیە بێبەش نییە لە نەهامەتی و بەدبەختیگەلێکی گشتیی کۆمەڵایەتی، ئابووری،... هتد. بەم پێیەش ناوەڕۆکی باسی چەرمەسەریی هەر گەلێك لەگەڵ ئەوانەی گەلی ئێمەدا دەستەخوشکن، بەڵام لەماوەی چەند ساڵی دواییدا دانیشتووانی ئەم بەشەی کوردستان لە سایەی بەتەنگەوەهاتنی ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی گەلەکەمانەوە چەشنێك لە سەربەخۆیی بەخۆیەوە دیوە و تارادەیەك دەرگا ئاوەڵا بووە بە ڕووی ئاشنابوون بە چەندین بواری زانستی و ئەدەبیدا، منیش وەکو سوودمەندێکی ئەو لایەنە، بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی وەفادار بم بەرامبەر ڕێنیشاندەرانم، گەرچی کەمیش بێت، لەو زانیارییانە ببەخشمە کەسانی تر.

فاکتەری سەرەکیی هەڵبژاردنم بۆ ئەم بەرهەمە ـ چ هی تۆڵستۆی بێت، یان نووسەرانی تر- دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك خاسیەت و جیاکەرەوەی ئەم پەرتووکە لەوانی دیکە، وەکو خۆشەویستی و بەزەیی، لێبووردەیی و فیداکاری، یەکترخوێندنەوە و گرنگیدان بە هۆشیاری... هتد.
هەموو ئەم بابەتانە و چەندینی تر کە لە دوتوێی ئەم بەرهەمەدا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، بەڕای من و هەرکەسێکی دی کە پێشکەوتنی لایەنی ڕۆشنبیری وڵاتی کوردەواری، بەتایبەت چینی گەنجان، بەرز دەنرخێنێت، ئەوانەی کە باس کران پێداویستیی سەرەکی و خۆراکی ژیانەوەی کۆمەڵگان.
هیـوادارم خوێنــەرانی بەڕێــز لە هـەڵـە و کەمــوکـوڕیـمان ببـــوورن.

**پێم باشە دوا وتەم بکەمە سوپاس و پێزانین بۆ:**
- مامۆستا دڵسۆزەکانم کە فێری ئەو زمانانەیان کردووم.
- خانەوادەکەم کە هەمیشە پشتیووان و هاوکارم بوون لە خوێندنەکەمدا.
- هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە کاری تایپ و دیزاین و پێداچوونەوەدا یارمەتیان داوم.

کاری ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە:
- کتێبخانەی کوردی و مامۆستا ماندوونەناسەکانم.
- دایك و باوك و خوشك و برا خۆشەویستەکانم کە هەمیشە هاندەرم بوون بۆ فێربوون.
- ڕۆحی پاکی جوانەمەرگی هاوڕێم، دکتۆر (ڕێناس حەسەن).
- هەموو هاوڕێ و خۆشەویستانم، بەتایبەتی هاوڕێیانم لە کۆلێژی دەرمانسازیی.
- هەموو ئەوانەی نرخی ماندووبوونی ئەوانی تر دەزانن...

# مرۆڤ بە چی دەژی؟

١

پینەچییەکی هەژار بەناوی سیمۆن لە خانووچکەیەکی کەلاوە ئاسای گوندەکەدا لەگەڵ ژنەکەی و منداڵەکانیدا ژیانی بەسەر دەبرد. چەشنی گشت کەس، نە خانوویەکی خۆی و نە گێڵگەیەکی هەبوو. لەو دەورەشدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ داهات کەمتر و شتومەك گرانتر دەبوو. سیمۆن بە هێزی بازووی هەوڵی دەدا ژیانی دەستەبەر بکات، بەوەی کە دەستی دەکەوت، دەیتوانی تەنها زگی خێزانەکەی پێ تێر بکات.

ئەو تاکە پاڵتۆیەی ژن و مێرد، کە لە پێستی مەڕ دروست کرابوو، بەدرێژایی زستان پێکەوە بەکاریان دەهێنا، ئیدی وردەوردە کۆن بوو، بووە پەڕۆکۆن. سیمۆن دوو ساڵ بوو دەیویست پێستەیەکی مەڕ بکڕێت و پاڵتۆیەکی تازەی لێ دروست بکات، پێش هاتنی وەرزی سەرماوسۆڵە، گەرچی کەمیش بێت بڕێك پارەی کۆکردەوە، لە دەغیلەی ژنەکەیدا پارەیەکی کاغەز بە بڕی سێ ڕوپیە خۆی حەشار دابوو، لە مشتەرییەکانی گوندیشدا پێنج ڕوپیە و بیست کۆبەکێکی قەرزی هەبوو وەریگرێتەوە.

بەیانییەکیان زوو سیمۆن بۆ کڕینی پێستەمەڕێك خۆی ئامادە کرد. بەسەر

کراسەکەیدا چاکەتە خورییە، پیناوییەکەی ژنەکەی و لەسەر ئەویشەوە پاڵتۆ قوماشەکەی خۆی لەبەرکرد. پاش خواردنی نانی بەیانی بەپەلە سێ ڕوپیەکەی لەگیرفان نا. لقێکی لە درەختی ناو باخچەکە کردەوە بۆ گۆچانی دەستی و پاشان کەوتەڕێ، هەر بیری دەکردەوە"ئەوەی پێویستمە بە پێنج ڕوپیە تەواو دەبێت و سێ ڕوپیەشی لێ دەمێنێتەوە کە بەئاسانی پێستەیەکی مەڕی لێ دەکڕم بۆ دروستکردنی پاڵتۆیەکی پیاوانە".

کە گەیشتە ناو دێ، خێرا چووە لای یەکەم قەرزاری، بەڵام کابرا لەماڵەوە نەبوو، ژنەکەی پێی وت پیاوەکەی لە ماڵ نییە و ئەمیش بەبێ پرسی ئەو پارە بە کەس نادات، لەبەرئەوە هەفتەی داهاتوو قەرزەکەی دەدەنەوە.

سیمۆن چووە لای قەرزارێکی تری، ئەمیشیان سوێندگەلی هەمەجۆری دەخوارد بەوەی کە هیچ پارەی نییە و تەنها دەتوانێت حەقی پینەی پێڵوەکانی کە بیست کۆبەك بوو بدات، لەبەرئەوە سیمۆن ویستی پێستەکە بەقەرز بکڕێت، بەڵام بازرگانەکە، لەبەرئەوەی زۆر نەدار بوو، متمانەی بە سیمۆن نەکرد.

وتی:"دوای ئەوەی کەپارەکەت هێنا، دەتوانی پێستەی مەڕ ببەیت، من چاك دەزانم ڕاکردن بەدوای قەرزاردا چۆن ئیشێکە".

لەم بارودۆخەدا ئەمڕۆ سیمۆن تەنها حەقی چاککردنی جووتێك قۆنەرە و جووتێك جزمە ـ ژێری لێدابوو ـ هەڵکراند. هەموو ئەمەش دەیکردە بیست کۆبەك، هەربۆیە سیمۆن زۆر بێزار بوو، بیست کۆبەکەکەشی دایە مەی و بەدەستی خاڵی ملی ڕێی ماڵەوەی گرت. بەیانی کە هات ئەوەندەی سەرما بوو دابووی لە مۆخی، بەڵام ئێستا پاش خواردنەوەی هەندێ ڤۆدگا، بێئەوەی پاڵتۆی پێستیشی لەبەردا بێت هەستی بە سەرما نەدەکرد.

سیمۆن بە دەستێکی جوتە جزمەیەکی کۆن ـ کە بۆ چاککردن پێی درابوو ـ هەڵگرتبوو، بە دەستەکەی تریشی تووڵەکەی دەکێشا بە زوقمی سەر ڕێگاکەدا.

لە حاڵێکی بێهۆشیدا و بە لەرزەلەرز بەدەم تەیکردنی ڕێگاوە قسەی دەکرد:"هیچ سەرمام نییە، زۆرباش گەرمم بۆتەوە، گرنگ نییە با پاڵتۆی

پێستەشم نەبێت، چی بکەم لە فەروو؟! بێئەوەی دڵگران بم بۆ هیچ شتێك، بە ڕێی خۆمدا دەڕۆم! بەڵا من کەسێکی ئاوام، تەنانەت گوێشی نادەمێ! بەبێ فەرووش دەتوانم بژیم! ئیتر پێویستم پێی نییە! دەزانم ژنەکەم لێم توڕە دەبێت! حەقی خۆیەتی، نەدەبوو وا بووایە، بەڕاستی زۆر شەرمەزارییە! تا ئێوارە کار بکە، وەختە گیانم دەربچێت، ئەوانیش حەقدەستم نەدەنێ! تۆزێك ڕاوەستە، ئەگەر ئەو پارەیە نەهێنیت پێستت وەك پێستی مەڕ کەوڵ نەکەم، شیری دایکمم پێ حەرام بێت. تۆ تەماشای ئەمەش؟! ئەو هەموو قەرزەی لایە دەیەوێت خۆی لێ بدزێتەوە و بە بیست کۆبەك لێی دەرچێت. بیست کۆبەك سوودی چییە بۆ من! منیش دام بە شەراب... خۆ هیچی تر ناکات. دەڵێ دەستی کورتە، لەوانەیە ڕاستیش بکات، بەس من چی لێ بکەم! تۆ خانوو و ڕان و هەموو شتێکی خۆتت هەیە، بەڵام من جگە لەم دووکانی پینەچێتییە، هیچی تر شك نابەم. تۆ گەنمەکەت لە کێڵگەکەتەوە بۆ دێت، بەڵام من بۆ هەر دەنکە گەنمێك پارە دەدەم. هەرچۆنێك دەستی پێوە بگرم لە هەفتەیەکدا تەنها بۆ کڕینی نان سێ ڕوپیە خەرج دەکەم. دێمەوە بۆ ماڵەوە، دەبینم نان تەواو بووە، یەڵێ ڕوپیەونیوێکی تر دەرکە! بەڵێ ئاوایە، بۆیە خێرا دەبێت قەرزەکەت بدەیتەوە، نامەوێت لەوە زیاتر گوێم لە هەڵیت وپەڵیت بێت".

بەم شێوەیە لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد تا گەیشتە گۆڕستانەکە، سەری هەڵبڕی تەماشای سەرەوەی کرد، ڕاست لەپشت گۆڕستانەکەوە شتێکی سەرتاپا سپی بەرچاو کەوت، سیمۆن هەرچەند بەوردی سەرنجی دەدا، تەواو بۆی ڕوون نەبووەوە چییە، چونکە خەریك بوو بولێڵی ئێوارە دادەهات.پێشتر لێرەدا بەردێکی ئاوا سپیم نەدیبوو، ئەگەر بڵێم گایە لە گاش ناچێت، سەری لە سەری مرۆڤ دەچێت، بەڵام زۆر سپییە.ئەی مرۆڤ لێرەدا چی دەکات؟

بۆئەوەی بۆی یەکلایی بێتەوە چییە، لێی نزیك بووەوە. بۆی دەرکەوت ئەمە مرۆڤە، بەڵام ئاشکرا نەبوو کە ئەو مرۆڤە مردووە یان زیندوو! کەسێکی بێ جلوبەرگ، پاڵی داوە بە دیواری مەزارگەکەوە و بەبێئەوەی

نقەی لێوە بێت، ئارامی گرتبوو. بە دیتنی ئەو دیمەنە سامناکە پینەچییەکە مووەکانی گرژ بوو، لە مێشکی خۆیدا لێکی دەدایەوە"کەسێك ئەم پیاوەی روت کردۆتەوە و کوشتوویەتی و لێرەدا فڕێیداوە، گەر خۆمی تێوە بگلێنم، بێگومان تووشی دەردەسەری دەبم".

سیمۆن بەدەم ئەم ئەندێشانەوە ملی ڕێگەی گرتەوە و چووە رووکاری پێشەوەی گۆڕستانەکە تاکو کابرا نەبینێت. پاش کەمێك، ئاوڕی دایەوە، سەیری دوای خۆی کرد و بینی کابرا ئیتر پاڵی بە دیوارەکەوە نەداوە و دەبزوێت و سەیری ئەم دەکات، پینەچیی هەژار زیاتر ترسی لێنیشت، تێفکریی: "بگەڕێمەوە بۆ لای، یان بڕۆم و جێی بهێڵم؟ ئەی ئەگەر ڕۆیشتم و شتێکم بەسەرهات ئەوکات چی؟ کێ دەزانێ ئەم کابرایە چ کارەیە؟ بوونی لێرەدا ئاماژەیەکی باش نییە. ئەگەر بڕۆمە لای و بە رووومدا هەڵشاخێت و دەست بنێتە بینەقاقام، چۆن ڕزگارم دەبێت؟ با بڵێین ئەوەشی نەکرد، بەڵام دیسان دەبێتە هۆی نارەحەتیم. من چی بکەم لە کەسێکی ڕوتوقووت؟ خۆ جلەکانم داناکەنم و بیدەم بەو، خوا یار بێت باشترە بڕۆم و ڕزگارم بێت لە دەستی".

پینەچییەکە بەم هەست و بیرکردنەوانەیەوە گۆڕستانەکەی بەجێهێشت و زۆر بەخێرایی هەنگاوی هەڵدەهێنا. مەودایەك لە گۆڕستانەکە دوورکەوتبووەوە، ویژدانی ئازاری دەدا و بووە کۆسپ لەبەردەمیدا، ڕێگەی ڕۆیشتنی لێ گرت، هەنگاوەکانی هێواش کردەوە، لە ناوەڕاستی ڕێگەکەدا هەڵوێستەیەکی کرد و بە خۆی وت:"سیمۆن خۆشت دەزانی چی دەکەیت؟ کابرا حاڵی پەرێشانە و پێدەچێت لەبرسا بمرێت، تۆش لەترسی گیانی خۆت دەتەوێت بەجێی بهێڵیت و بڕۆیت؟ چییە دەڵێی دەوڵەمەند بوویت و لە چەتە و ڕێگرەکان دەترسیت! ئەی خاك بەسەرت سیمۆن لە کردەوەکانت تەریق بەرەوە"، پاش ئەم مشتومڕانە بە شوێنی خۆیدا گەڕایەوە، چووە لای کابراکە.

## ٢

سیمۆن کە گەیشتە لای غەریبەکە، بۆی دەرکەوت کە گەنجێکی هێندە لاوازە، سەرەڕای ئەوەی زیندوو بوو، هێزی ئەوەی نەبوو سەیری ئەم بکات.

بەدبەختە خۆی هەڵپەساردبوو بە دیوارەکەدا، دەتوت بوراوەتەوە. سیمۆن کە گەیشتە لای، خەریك بوو لەسەرما دەیبەست، تۆزیك هاتەوە هۆش خۆی، ئاوڕی دایەوە و چاوەکانی کردەووە، سەیری رووخساری سیمۆنی کرد. ئەو تاکە نیگایە بەس بوو بۆ دروستبوونی هەستێکی تێکەڵ بە خۆشەویستی و بەزەیی بەرامبەر بە گەنجەکە لە دڵی سیمۆندا، جوتە جزمەکەی دەستی خستە سەر زەویەکە، پشتێنی پاڵتۆکەی کردەوە و فڕێی دایە سەر جزمەکانی و بەپەلە پاڵتۆ قوماشەکەی داکەند.

- دەی خێرا هەستە ئەم پاڵتۆیە لەبەرکە.

ئەمەی وت و قۆڵی کابرای گرت و یارمەتی دا تاکو هەڵسێتە سەرپێ.

کە گەنجەکە هەستایە سەرپێ، سیمۆن سەرنجی ساغ و سەلامەتی لەش و دەست و پێی دا. شەیدای نیشانەی چاکە و خۆشەویستی نێو رووخساری ئەم گەنجە بووبوو. پاڵتۆکەی خستە سەرشانی و هاوکاری کرد بۆ لەبەرکردنی، دوای ئەوەی لەبەری کرد، پشتێنەکەشی جوان لە کەمەریەوە پێچا. بەم چەشنە هەموو لەشی داپۆشی.

سیمۆن کڵاوە دڕاوەکەی سەری لابرد بۆئەوەی بیدات بە کابرا، بەڵام هەستی کرد سەری سەرمای بووە:"کەللەی من هیچ تووکی پێوە نەماوە، بەڵام ئەو قژێکی لوولی پێوەیە". ئەمەی بە بیردا هات و دووبارە کڵوەکەی کردەوە سەری، وتی:"باشترە شتێکی بدەمێ لەپێی بکات". گەنجەکەی دانیشاند و جزمەکانی کردە پێی.

- ئێستا تەواوە دۆستەکەم. تۆزیك جموجووڵ بکە با جەستەت گەرم ببێتەوە،

دوایی کێشەکانی تریش چارەسەر دەبن

- دەتوانیت بەپێ بڕۆیت؟

کورە گەنجەکە هەستایە سەرپێ و بە ڕوویەکی شەرمەزاریی و منەتبارانەوە نیگایەکی لە سیمۆن کرد، بەڵام هیچی نەوت.
سیمۆن:
- بۆچی قسە ناکەیت؟ ناتوانین لێرە بوەستین، هەوا زۆر ساردە، دەبێت بچینەوە بۆماڵەوە. هانێ ئەو گۆچانە بگرە بەدەستەوە ئەگەر بێهێزیت. دەی ئێستا بڕۆ بزانم.
گەنجەکە کەوتەگەر، بەئاسانی ڕێگای دەبڕی و بەهیچ جۆرێکیش دوانەدەکەوت.
لە ڕێگادا سیمۆن کۆمەڵێك پرسیاری لێ کرد:

- خەڵکی کوێیت؟
- خەڵکی ئەم ناوە نیم.
- خۆیشم هەر پێموابوو، خەڵکی ئەم ناوە هەمووی دەناسم، باشە چۆن هاتیتە لای مەزارگەکە، ئیشت چیە لەوێ؟
- ناتوانم ئەمەت پێ بڵێم.
- کەسێك خراپەی لەگەڵ کردوویت؟
- نەخێر کەس خراپەی بەرامبەر نەکردووم، من خواوەند سزای داوم.
- هەڵبەت خۆشی و ناخۆشی هەموو لەلایەن خوداوەیە، بەڵام خۆ هیچ نەبێت دەبێت تیکەیەك نان و جێگەیەکی نووستن بۆ خۆت دابین بکەیت. ئێستا دەتەوێت بەرەو کوێ بڕۆیت؟
- بۆ من تەوفیرێکی نییە.
سیمۆن سەری سورما! ئەم کابرایە لە کەسێکی فێڵباز ناچێت! و سەرەرای ئەمەش زۆر بەڕێزانە دەدوێت. هیچ شتێك دەربارەی خۆی نادرکێنێت. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە سیمۆن لە مێشکی خۆیدا دەیهێنا و دەیبرد:"کێ دەزانێت چی بەسەرهاتووە ئەم خاك بەسەرە". ئاوڕی دایەوە بەلای نەناسراوەکەدا:
- کەواتە با بچین بۆ ماڵی ئێمە،لەوێ هیچ نەبێت تۆزیك گەرم دەبیتەوە".

سیمۆن ملی ڕێگای ماڵەوەی گرت و گەنجەکەش لە تەنیشتیەوە، ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵیکرد لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە کاریگەری مەیەکە نەمابوو لەسەری، لەبەرئەوە سیمۆن لەژێر کراسەکەیەوە هەستی بە سەرما دەکرد. جارجار چڵمێکی بۆ هەڵدەلووشی، خۆی بە خۆی دەوت:"ها سیمۆن فەروت دەوێت؟ ئەم بەیانییە چوویت پێستەی مەڕ بکڕیت، بەڵام ئێستا لە پاڵتۆکەی بەریشت بوویت! سەرەڕای ئەم ئیشە جوانەت، کەسێکی نەناس دەبەیتەوە بۆ ماڵەوە! مارتیۆنا بەهیچ جۆرێك ئەمەی پێ خۆش نابێت".
کە بیری لە ژنەکەی دەکردەوە ترسی لێ دەنیشت، بەڵام ئەو نیگایەی کابرای لاو ـ لە مەزارگەکە لێی کردبوو ـ دەهێنایە بەرچاوی خۆی، ئاهێکی دەهات بە بەردا و هەندێك دڵخۆش دەبوو.

## ٣

مارتیۆنای ژنی سیمۆن ئەو ڕۆژە کارەکانی ماڵەوەی زووبەزوو تەواو کردبوو. داری بڕی، ئاوی هێنا، زگی منداڵەکانی تێرکرد و خۆیشی نانی خواردبوو، دانیشتبوو، بیری دەکردەوە. خۆی بۆ خۆی "ئەمڕۆ نان بکەم، باشە یان هەڵیگرم بۆ سبەینێ؟. هێشتا پارچەیەك نان مابوو "ئەگەر سیمۆن نانی نیوەڕۆی خواردبێت، ئێوارە شتێکی وای بۆ ناخورێت، لەبەرئەوە نانەکە بەشی سبەینێش دەکات".
پارچە نانەکەی لەدەست نابوو، هەر وەزنی دەکرد و وتی: "ئەمڕۆ نان ناکەم، خۆ تەنها بەشی یەکجاری تر ئاردمان ماوە، دەستی پێوە بگرین، بەشی ئەم هەفتەیە دەکات"
مارتیۆنا، دوای ئەوەی ئەو بڕیارەی دا، پارچە نانەکەی هەڵگرت و چووە لای مێزەکە و دەستی کرد بە پینەکردنی کراسی مێردەکەی. بەدەم درووماندنەوە هەر خەمی سیمۆنی مێردی بوو کە بۆ کڕینی پێستەی مەڕ چووبووە دەرەوە.
"هیوادارم فرۆشیارەکە مێردەکەم هەڵنەخەڵەتێنێت، مێردەکەی من زۆر

بەسۆز و دڵسافە، هەرگیز بیر لە خەڵەتاندنی کەسانی تر ناکاتەوە، بەڵام منداڵێکی بچووکیش دەتوانێت ئەو فریو بدات. هەشت ڕوپیە پارەیەکی زۆرە، بەو برە پاڵتۆیەکی گەرم دەکرێت، ڕاستە پێستەیەکی زۆر چاك ناکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت، پاڵتۆیەکی باشی لێ ساز دەکات. زستانی ڕابردوو لە بێ پاڵتۆیدا کەم ناڕەحەتیم چێشت؟ بەهیچ شێوەیەك نەچوومە دەرەوە. کاتێك مێردەکەم دەچووە دەرەوە هەرچیەك هەبووایە لە ماڵەکەدا هەڵیدەکێشایە بەری و هیچی بۆ من نەدەهێشتەوە. ئەمڕۆ زوو نەڕۆیشت، بەڵام دەبووایە تا ئێستا هەر بهاتایەتەوە، هەر خوا بکات پارەکانی نەدابێت بە ئاودا، ئیدی قەیدێ ناکات".

مارتیۆنا کە بیری لەم شتانە دەکردەوە، لەپڕ دەنگی تەپەی پێی بیست، یەکێك لە دەرگای حەوشەوە خۆی کرد بە ژووردا. دەرزیەکەی چەقاند بە کراسەکەدا و چووە هۆڵەکەوە تا بزانێت کێیە هاتووە. لەبەر دەرگاکەدا لوتی تەقی بە لوتی دوو کەسدا. ئەوانیش یەکێکیان سیمۆن و ئەوی دی غەریبەیەکی سەر ڕوت و جزمەلەپێ بوو.

مارتیۆنا خێرا درکی بە بۆنی مەی کرد و لەبەرخۆیەوە: " سەیرکە! دیسان خواردوویەتیەوە"، بەڵام کە مێردەکەی بێ پاڵتۆ، تەنیا چاکەتێکی لەبەردا بوو، بەدەستی بەتاڵ و وەك بڵێیت تاوانێکی کردبێت، بینی، بیری بۆ شتێکی تر چوو "لەگەڵ ئەم سەرسەریەدا ڕاییواردووە و پارەکەشی بەفیڕۆداوە، بەوەشەوە نەوەستاوە ئەم هەتیومچەیەشی هێناوەتەوە بۆ ماڵەوە".

مارتیۆنا ئەوانی هێنایە ژوورەوە، بێئەوەی تەنانەت یەك وشەیش بڵێت بەدوایاندا هاتە ژوورەوە، ئەوکات هەستی کرد بەوەی کە ئەو گەنجێکی بونیادناسك بوو و پاڵتۆی مێردەکەی ئەمیشی دابوو بە شانیدا. لەژێرەوە شتێکی لە شێوەی کراس نەدی. کڵاویشی لەسەردا نەبوو. گەنجە پاش هاتنەژوورەوەی سەری داخست، تەنانەت نە چاوی هەڵبڕی تەماشای ژنەکەی سیمۆن بکات و نە جموجووڵیشی دەکرد. مارتیۆنا وتی: "لە کەسێکی باش دەچێت، بە ترسەکەیدا دەردەکەوێت".

دوایی برۆکانی هێنایەوە یەك و ناوچەوانی گرژ کرد، چووە لای ئاگردانەکەوە و چاوەڕێی دەکرد بزانێت ئەو دووانە بەتەمای چین.
سیمۆن وەك ئەوەی هیچ لەگۆڕێدا نەبێت، کڵوەکەی داکەند و لەسەر کورسییەك دانیشت:
- یەڵێ مارتیۆنا ئەگەر خواردن ئامادەیە بیهێنە با بیخۆین.
مارتیۆنا لەژێر لێوەوە بۆڵەبۆڵێکی لێوە هات، بێئەوەی هیچ وەڵامێکی دروست بداتەوە لەلای ئاگردانەکەوە ڕاوەستابوو. سەیرێکی مێردەکەی و ڕێبوارەکەشی کرد و بەواتای "نەخێر" سەرێکی بادا. سیمۆن زانی کە ژنەکەی لێی زوویر بووە، بەڵام خۆی لێ کەڕ کرد، دەتوت مێشێك میوانی نییە، قۆڵی گەنجەکەی گرت:
- هاوڕێکەم دانیشە، دانیشە با نانەکەمان بخۆین.
ئەویش لەسەر کورسییەکە دانیشت، ئینجا سیمۆن بە مارتیۆنای وت:
- خواردنی ئێوارەت ئامادە کردووە؟
مارتیۆنا بەتوڕەیی وەڵامی دایەوە:
- چێشتم لێناوە بەڵام نەك بۆ ئێوە، مەی داویەتی لە کەللەت، لەماڵەوە بۆ کڕینی پێستەی مەڕ دەرچووبوویت، ئێستا پاڵتۆکەی بەریشت داوە بە یەکێکی تر، بەوەشەوە نەوەستایت سەرسەرییەکی نەناسیشت لەگەڵ خۆت هێناوەتەوە، نەخێر من خواردن نادەم بە سەرخۆشێکی وەك ئێوە".
- بەسە مارتیۆنا، تفەنگ بە تاریکیەوە مەنێ. پێش هەموو شتێك بزانە کەسێکی چۆنە.
- پێش هەموو شتێك تۆ پێم بڵێ پارەکەت چی لێکرد؟
سیمۆن دەستی کرد بە گیرفانی چاکەتەکەیدا و سێ ڕوپیەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە داینا:
- ئەوە پارەکەیە، تریفۆنۆف قەرزەکەی نەدایەوە، پێی وتم بە زوترین کات دەیداتەوە.
مارتیۆنا بە بیستنی ئەمە زیاتر توڕە بوو. کەواتە مێردەکەی پێستەکەی نەکڕیوە. پارەی سەر مێزەکەی برد و لە شوێنێکی پارێزراودا قایمی کرد.

لەولاشەوە بەتورەییەوە وتی:
- خواردن نادەم بە ئێوە، بۆ دەبێ هەرچی سەرخۆشی دونیایە، ئێمە تێری بکەین؟!
- بەسە ئیتر مارتیۆنا تۆزێك بێدەنگ بە، سەرەتا گوێ بدە قسەکانم پاشان...
- گوێ ناگرم لەو درۆیانەی زمانە سەرخۆشەکەت دەیانکات. چەند بەجێ بووم، رازی نەدەبووم ببمە هاوسەری هیچوپووچێکی وەك تۆ! جیازییەکەی دایکم پێی دابووم، ئەویشت دا بە مەی. ئێستاش پارەی پاڵتۆکەت داوە بە مەی.

هەرکاتێك سیمۆن دەیویست تێیبگەیەنێت کە تەنها بیست کۆبەکی داوە بە مەی و حیکایەتی غەریبەکەشی بۆ بگێڕێتەوە، ژنەکەی قسەکەی پێ دەبری. ئەم وشەیەکی لەزار بهاتایەتە دەرەوە ئەو دە وشەی دەوت، تا وایلێهات لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا هەرچییەك ڕوویدا بوو هەڵیڕشت.
مارتیۆنا دوای ئەوەی هەرچییەك لە ناخیدا بوو دەریخست، هێرشی بردە سەر سیمۆن و کردی بە قۆڵیدا:
- چاکەتەکەم بەرەوە. هەرچیم هەیە و نییە هەر ئەمەیە، تۆش لێت زەوت کردووم و لەبەرت کردووە. نەبینم جارێکی تر بەبێ ئاگاداری من لەبەری بکەیت. دەی بمدەرەوە ! ئەی هیچوپووچی خوێڕی. یاخوا خۆشی لە خۆت نەبینیت.
سیمۆن خەریك بوو چاکەتەکەی داکەنێت، بەڵام قۆڵێکی گیر بوو، مارتیۆنا چاکەتەکەی ڕاکێشا و تەقەڵەکانی بەر بوو. توند چاکەتەکەی لە دەست گرت و دای بەسەر شانیدا و ڕاست بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. چووە دەرەوە تا غەم و پەژارەکەی ڕۆ بکات، بەڵام دڵەراوکێی بوو، هەم دەیویست ڕق و کینەکەی لەبیر خۆی بباتەوە هەم بیشزانێت کە ئەو کابرایە کێیە.

٤

مارتیۆنا لە شوێنی خۆیدا ئاوڕی دایەوەو قیژاندی " گەر کەسێکی باش بووایە، ئاوا بێکار نەدەسورایەوە. سەیرکە کراسێك چییە لەبەریدا نییە. گەر کەسێکی چاك بووایە پێت دەوتم لەکوێ ناسیوتە".

سیمۆن:

- ئێ منیش لەو کاتەوە دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم. کاتێك بەلای گۆڕستانەکەدا تێدەپەڕیم، بینیم کەسێکی بێ جلوبەرگە و لەسەرما خەریکە دەیبەستێت. خۆ ئەوە ئاو و هەوای دانیشتن نییە. خودا منی بۆ ئەو ناردبوو. ئەگینا بێچارە هەر لەوێدا گیانی لەدەست دەدا. بەڕای تۆ چیم بکردایە؟ کێ دەزانێ چی بەسەرهاتووە؟ منیش هەڵم ساندەوە و پاڵتۆکەم لەبەر کردو هێنام بۆ ئێرە. ئەوەندە تووڕە مەبە مارتیۆنا، گوناهە! بیرت نەچێت ڕۆژێك دێت هەموومان دەمرین.

مارتیۆنا یەك کۆمەڵ قسەی ناخۆش هاتبووە سەر زمانی، بەڵام کە چاوێکی لە کابرای نەناس کرد، ئەوکات دانی بە خۆیدا گرت. کابرای گەنج بەبێ فزە و وەك پەیکەرێك لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو. دەستی لەسەر ئەژنۆکانی نابوو، سەری داخستبوو، چاوی نووقاندبوو و لە خەفەتا برۆکانی هێنابووە یەك. مارتیۆنا بێدەنگ بوو. سیمۆن لەسەرخۆ:

- مارتیۆنا خۆشەویستی و ترسی خودا لە دڵتدا نییە؟

مارتیۆنا کە ئەمەی بیست، دیسان چاوێکی لە گەنجەکە کرد و هەستی کرد لەپڕ دڵی بەرامبەری نەرم بووە. لەلای دەرگاکەوە گەڕایەوە. خێرا چووە چێشتخانە و خواردنی ئامادە کرد. پەرداخێکی لەسەر مێزەکە دانا و هەندێك شیری تێکرد، پارچە نانەکەی کە مابوو هێنای و کەوچك و چەتاڵیشی دانا.

وتی:

- یەڵێ، ئەگەر دەخۆن بخۆن.

سیمۆن غەریبەکەی هێنایە سەر سفرەکە، وتی: "خوێنگەرم، دەی وەرە، لێرە دانیشە".

سیمۆن نانەکەی ورد کردە ناو گۆشتاوەکەوە و پێکەوە دەستیان پێکرد. مارتیۆناش لە سوچێکی مێزەکەوە دانیشتبوو، چاوی بڕیبووە کوڕە لاوەکە.
سۆز و بەزەیی دڵی مارتیۆنای بەرامبەر غەریبەکە نقووم کردبوو، لە ناخیدا هەستی بە خۆشەویستی دەکرد. لەهەمانکاتدا شەوق و ڕووناکییەك هاتە سەر ڕووخساری لاوەکە، لە ئەویندا دەدرەوشایەوە، ئیتر دەموچاوی نەدەداڵ بەیەکدا، سەری هەڵبڕی و نیگایەکی لە مارتیۆنا کرد و بزەیەکی کرد.
پاش تەواوبوونی نانخواردن، مارتیۆنا سفرەی کۆکردەوە، دەستی کرد بە پرسیار کردن:
- خەڵکی کوێیت؟
- خەڵکی ئەم ناوە نیم.
- باشە ئەی لەم ناوەدا چی دەکەیت؟
- ناتوانم ئەمەتان پێ بڵێم.
- کەسێك پارە و پوولی لێ دزیویت.
- خودا منی سزا داوە.
- لەوێ بە ڕوتی و قوتی کەوتبوویت، وانییە؟
- بەڵێ بووم و خەریك بوو لەسەرما ڕەق دەبوومەوە. سیمۆن کە بینیمی بەزەیی پێمدا هاتەوە، پاڵتۆکەی داکەند و کردیە بەرم و هێنامیەوە بۆ ماڵەوە. تۆش سۆزت نواند و خواردن وخواردنەوەت پێدام. دڵنیا بن بەدیهێنەری گەورە پاداشتان دەداتەوە.
مارتیۆنا هەستایە سەرپێ و کراسی مێردەکەی کە پێش ئەوەی ئەوان بێنەوە پینەی دەکرد دایە نەناسەکە. دواتریش پانتۆڵێکی بۆ هێنا.
- کراست لەبەردا نییە، هانێ ئەمە بکە بەرت، دواتریش بەئارەزووی خۆت یان لە سەر سەکۆی ئاگردانەکە، یاخود لە بنمیچەکەدا بنوو.
غەریبەکە چاکەتەکەی داکەند و کراسەکەی کردە بەری و بەرەو بنمیچەکە کشا، مارتیۆنا مۆمەکەی کوژاندەوە و پاڵتۆکەی هەڵگرت و بەرەو جێگای

مێردەکەی ڕۆیشت.
مارتیۆنا پاڵتۆکەی دا بە خۆیدا و ڕاکشا، بەڵام هەرچی دەکرد خەو نەدەچووە چاوی، چونکە دڵی هەر لەلای نەناسەکە بوو. دڵگرانیش بوو کە کۆتا پارچەنانی ماڵەکەیان تەواو بووە، بەڵام بزەی سەرلێوی گەنجەکە دڵشادی دەکرد.
مارتیۆنا بەم ئەندێشانەوە ماوەیەکی زۆر بە بێداری مایەوە، دەرکیشی کرد کە سیمۆن نەخەوتووە و پاڵتۆکەی بەلای خۆیدا کێشا.
- سیمۆن...
- ها، چی بووە؟
- ئەو پارچە نانەی مابوو، ئەویشتان خوارد، من وتم بەشی بەیانیش دەکات، بۆیە هەویرم نەشێلا، نازانم چی بکەم؟ لەوانەیە بتوانین هەندێ نان لە مارتای دراوسێمان وەربگرین.
- خوا گەورەیە، هەتا بەیانی بمێنین، خۆراکێك هەر چنگ دەخەین.
- لە کەسێکی باش دەچێت، بەڵام بۆچی خۆیمان پێ ناناسێنێت؟
- دڵنیام، هۆیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.
- سیمۆن..
- چیە؟
- ئێمە هەمیشە شت دەدەینە خەڵکی، ئەی بۆ کەسێك نییە شت بدات بە ئێمە؟
سیمۆن لەبەرئەوەی نەیزانی چی وەڵام بداتەوە، وتی: "ئیتر با واز لە قسەکردن بهێنین". و ڕووی وەرچەرخاند و نووست.

٥

سیمۆن بەیانی زوو بەخەبەر هات، منداڵەکان هێشتا لە شیرینیی خەودا بوون، لەسەر داواکاری ژنەکەی، بۆ هەندێ نان چوو بۆ ماڵی مارتای دراوسێی، گەنجەکەش پانتۆڵ و کراسە کۆنەکەی لەبەر کرد و بەتەنها لەسەر کورسییەکە دانیشت. ڕووخساری لە ئێوارە درەوشاوەتر بوو. سیمۆن بە لاوەکەی وت:

- سەیرکە هاورێکەم، ورگی مرۆڤ بۆ تێربوون، خۆراکی پێویستە و لەشی ڕوتوقووتیش جلوبەرگ... مرۆڤ بۆئەوەی موحتاجی کەس نەبێت لە ژیانیدا پێویستە کار بکات، تۆ چ کارێك دەزانیت.

- هیچ کارێك.

سیمۆن زۆر سەری سورما بە وەڵامەکەی‌و، وتی:

- مرۆڤ ئەگەر بیەوێت، دەتوانێت هەموو کارێك فێر بێت. مادام خەڵکی کار دەکات، کەوابێ، منیش کاردەکەم.

- تۆ ناوت چیە؟

- میکایل.

- بڕوانە میکایل، گەر پێت خۆش نییە دەربارەی خۆت قسە بکەیت، خۆت دەزانیت، منیش زۆرت لێ ناکەم. بەڵام بۆئەوەی بژیت دەبێت کار بکەیت، ئەوەی من پێت دەڵێم بیکەیت، هەم جێگا و هەم خۆراکیشت بۆ دابین دەکەم.

- خودا لێتان ڕازی بێت! من دەبێت چی بکەم؟ تەنها پێم بڵێن؟ ئیدی ئەوی تری بۆ من دانێن.

سیمۆن پەتێکی هێنا لە دەستی کردو بە گلۆڵەکردنی بە دەوری پەنجە گەورەیدا

- بڕوانە، دیت؟ هیچ قورس نییە.

میکایل سەرەتا جوان دیقەتی ئەوی دا، پاشان هەمان ئیشی ئەوی دووبارە کردەوە، فێری تەکنیکی کارەکە بوو.

دواتر سیمۆن فێری کرد چۆن پەتەکان دەکات بە مۆم، هەروەها فێری سمینی پێستەو دروومانی کرد، میکایل زۆر زوو ئەمانەی وەرگرت. سیمۆن هەرچییەکی پێ دەوت میکایل هێندەی بڵێیت یەك و دوو لێی تێدەگەیشت، تا وایلێهات پاش سێ ڕۆژ وەك ئەوەی بڵێیت بەدرێژایی ژیانی سەرقاڵی پینەچیەتی بووبێت، درووممانی دەکرد. زۆر کاری دەکرد و خۆراکیشی کەم دەخوارد، کە کار تەواو دەبوو بێدەنگ دادەنیشت و سەیری دەرەوەی دەکرد. بەدەگمەن دەچووە دەرەوە، تەنها ئەگەر پێویست بووایە دەدوا، نەبینرابوو لەگەڵ کەس شۆخی بکات. کەس نەیدی، پاش ئەو جارەی کە مارتیۆنا خۆراکی بۆ هێنا بزەیەکی کرد، جارێکی تر پێبکەنێت.

## ٦

ڕۆژگار ڕۆژگار و مانگ مانگی بەرێ دەکرد، بەمجۆرە ساڵێك تێپەڕی. میکایلی نیشتەجێی ماڵی سیمۆن بەهۆی دەستڕەنگینی لە کارەکەیدا ڕۆژبەڕۆژ ناوبانگی زیاد دەبوو. ئەوەندە ناسرا بوو، خەڵکی هەموو دەیانوت کەس نییە هێندەی میکایلی شاگردی سیمۆن شارەزا بێت، لەبەرئەوە خەڵکی ناوچەکە تێکڕا دەهاتنە لای سیمۆن بۆ پێڵاودروستکردن، سیمۆن بەردەوام داهاتەکەی زیاتر دەبوو، وردەوردە دەوڵەمەند دەبوو.

ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی وەرزی زستان، سیمۆن و میکایل سەرقاڵی کارکردن بوون، لەناکاو بینیان درووشگەیەکی - ڕازێنراو بە دیکۆری قەشەنگ، سێ ئەسپ ڕایاندەکێشا - بەرەو شوێنکارەکەیان دێت. درووشگەکە لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستا. خزمەتکارێکی لەڕو لاواز دابەزی و دەرگای عەرەبانەکەی کردەوە. پیاوێکی بە شان و شەوکەت، پاڵتۆی فەرووڵەبەر دابەزی و بەرەو دەرگاکە هات. مارتیۆنا خێرا لە جێگاکەی خۆی دەرپەڕی دەرگاکەی بەتەواوی کردەوە. کابرا سەری دانەواند و هاتەژوورەوە، ئەگەر قەدی ڕێك بکردایەتەوە، سەری دەگەیشتە سەقفەکە، بەدەنە زەبەلاحەکەی سووچی ژوورەکەی داگیر کردبوو.

سیمۆن هەستایە سەرپێ و بۆی چەمایەوە و سەلامی لە ئاغاکە کرد و بە سەرسوڕمانەوە چاوی لێ دەکرد، لە ژیانیدا کەسێکی تری بەمجۆرە نەدیبوو. خۆی سیسکۆس، میکایل لەڕو لاواز، مارتیۆناش پارچەیەك گۆشت و دوو چڵ ئێسقان بوو. دەبێت ئەم کابرایە لە دونیایەکی یەکجار جیاوازەوە هاتبێت. دەموچاوی سوور، هەیکەلی و باڵابەرز و چوارشانە بوو. هەناسەیەکی هەڵکێشا و پاڵتۆ فەرووەکەی داکەند، فڕێیدایە لایەکەوە، لەسەر کورسییەکە دانیشت و پرسی:

- کامتان وەستای ئێرەن؟

سیمۆن هەنگاوێك هاتە پێشەوە:

- منم! قوربان.

پاش ئەمە کابرا بە خزمەتکارەکەی وت:

- هێی فێدکا.. پێستەکە بهێنە بۆ ئێرە.

خزمەتکار بە پاکەتەکەی دەستیەوە خۆی کرد بە ژووردا. کابرا پاکەتەکەی لە دەست گرت و لەسەر مێزەکە داینا و فەرمانی دا "بیکەرەوە". خزمەتکارەکە کردیەوە.

ئاغا بە دەستێکی ئیشارەتی بۆ پێستەکە کرد:

- سەیری ئێرە بکە، پینەچی ئەمە دەبینیت؟

- بەڵێ، قوربان.

- ئەی دەزانیت چ جۆرە پێستەیەکە؟

سیمۆن دەستی دایە پێستەکە، وتی

- لە پێستەیەکی باش دەچێت.

- کەواتە پێستەیەکی باشە. گێلی هیچوپووچ، تۆ لە ژیانتدا پێستەی ئاوات دیوە؟ ئەڵمانییە، نرخەکەشی بیست ڕوپییە.

سیمۆن بە ترس و لەرزەوە:

- من ئاوا پێستەیەك لەکوێ ببینم قوربان؟

- ئێستا دەتوانیت جووتێك جزمەم بۆ دروست بکەیت؟

- بەڵێ، بەڕێزم دەتوانم.

لەسەر ئەمە کابرا بەسەر سیمۆندا نەڕاندی:
- یەعنی دەتوانی دروستی بکەیت وانییە؟ زۆرباشە، بیرت نەچێت کە ئەو جزمانە بۆ کێ دروست دەکەیت و پێستەکەش چ جۆرێکە! ئەو جزمەیەی بۆ منی دروست دەکەیت دەبێت لە ماوەی ساڵێکدا نە شێوەی تێکبچێت و نە تەقەڵەکانیشی بەری بدات. ئەگەر باوەڕت بە خۆت هەیە ئەمە بکەیت پێستەکە ببە، ئەگەر نا لە سەرەتاوە قسە بکە، نەتوانیت زیندانیت دەکەم. گەر ساڵێك شێوەکەی تێك نەچێت و تەقەڵەکانی بەر نەبێت، دە ڕوپیە حەقدەستت دەدەمێ.
سیمۆن پەرێشان بوو، نەیدەزانی چ وەڵامێك بداتەوە. سەیرێکی میکایلی کرد و پرسی بە میکایل کرد:
- وەری بگرم؟
میکایل بەواتای ئەرێی سەرێکی ڕاوەشاند.
سیمۆن دووبارە میکایلی لە مەرجەکە ئاگادار کردەوە.
ئاغا خزمەتکارەکەی بانگ کرد بۆئەوەی جزمەکانی دابکەنێت، قاچی چەپی درێژ کرد، بە سیمۆنی وت:
- ئەندازەی قاچم بگرە.
سیمۆن پارچە کاغەزەکانی نا بەیەکەوە و جوان ڕێکی خستن و قاڵبێکی چل سانتیمەتری لێ دروست کرد. لەبەردەم کابرادا بەچۆکدا کەوت، لەترسی ئەوەی گۆرەوییەکانی پیس نەکات، دەستی بە بەروانکەکەی سڕی و دەستی کرد بە پێوانە. نێوان پەنجەی قاچی و قووله قاپەی و سەر قاچی پێوا و پاشان کە هاتە سەر پێوانی پووزی، کاغەزەکە بەشی نەکرد. پووزی هێندەی بنە دارێك ئەستوور بوو.
- ئاگاداربە هێی، ئازاری پووزم نەدەی.
سیمۆن کاغەزێکی تری لکان بە قاڵبەکەوە. کابرا لەژێر گۆرەوییەکانیەوە یاری بە پەنجەکانی دەکرد، لەلایەکی تریشەوە سەرنجی کەرەستەکانی شوێنکارەکەی دەدا. لەم کاتەدا چاوی بە میکایل کەوت و پرسی.
- ئەمە کێیە؟

- خەلفەی منە! لە سازکردنی پێیٚودا یارمەتیم دەدات.
کابرا بە میکایلی وت:
- سەیرکە، دەبێت بەشی ساڵێك بکات، ئەمە لەبیر نەکەیت".
سیمۆن چاوی لە میکایل کرد و میکایلیش لەبری کابرا، وەك ئەوەی کەسێکی تر ببینێت تەماشای سووچەکەی دەکرد. میکایل بۆ ماوەیەك سەیری کرد و پاشان لەپڕ بزەیەکی کرد. دیسان دەموچاوی گەشایەوە.
کابرای بەشان و شەوکەت بە دەنگێکی بەرز:
- چیە ئاوا خەڵەفاوی گێلی هیچوپووچ؟! گوێ بدەیتە تەواوکردنی جزمەکان لەکاتی خۆیدا باشتر نییە.
- باشە قوربان. لەکاتی خۆیدا ئامادە دەبێت.
- بۆ خۆت باشترە لەکاتی خۆیدا تەواو بێت.
پاڵتۆکەی هەڵکێشایە بەری و جزمەکانی لەپێ کرد و بەرەو دەرگاکە هەنگاوی هەڵدەهێنا، بیری چوو خۆی بچەمێنێتەوە، سەری کێشا بەسەر دەرگاکەدا.
بەدەم جنێودانەوە دەستی بە تەوێڵیدا دەهێنا. پاش بەجێهێشتنی ئەوناوە، سیمۆن:
- دە برۆ دەی، ئەوەش دەرگا بۆ تۆی پیاو. بە چەکوشیش بدەی لەناو قەدی نایخەیت، خەریك بوو دەرگاکە بڕوخێنێت، کەچی خۆی هیچی لێ نەهات.
مارتیۆنا خۆی تێهەڵقورتاند:
- تەماشا چەند دەوڵەمەندە. بەو ژیانەی ئەو هەیەتی، ئیتر چۆن بەهێز نابێت؟ پیاوێکی تاشەبەرد ئاسای ئاوا، مردنیش نایتلێنێتەوە.

پاش کەمێك سیمۆن بە میکایلی وت:

- ئێ کوڕم، کارەکەمان وەرگرت و پێویستە وریا بین، با بەڵایەکمان بەسەر نەیەت، پێستەکە زۆر سەنگینە و کابراش سەرسەختە. نابێت هیچ هەڵەیەك بکەین. ئێستاش رۆڵە گیان چاوەکانی تۆ لەوانی من باشترە، لە وەستاکەشت باشتر کارەکە فێر بوویت، تۆ ئەندازەکەی بگرە و پێستەکە ببڕە، با من ئەمەی لەبەردەستمدایە تەواوی بکەم.

میکایل فەرمانی وەستای بەجێهێنا. پێستەکەی هێنا لەسەر مێزەکە رایخست، دوو قەدی کرد و بە کەتەرەکەی دەستی، دەستی کرد بە بڕین. مارتیۆنا بۆئەوەی ئاگای لە بڕینی پێستەکە بێت، هاتە تەنیشت میکایلەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە شێوەی بڕینەکەی تێنەگەیشت، واقی وڕمابوو. مارتیۆنا پێشتر چەند جار سەیری دەستی مێردەکەی کردبوو، لە کاتی کارکردندا شتێك لە شێوەی بڕینی جزمە فێر بووبوو. لە کاتێکدا میکایل نەك بۆ جزمە، بەڵکو بە بازنەیی پێستەکەی هەڵدەهێنایەوە.

مارتیۆنا ویستی شتێك بە میکایل بڵێ، بەڵام لەبەر خۆیەوە وتی: "من سەر لە پێڵوی پیاوانە دەرناکەم. لەوانەیە ئەمە شێوازێکی جیاوازی جزمە بێت. میکایل ئیشەکەی خۆی لە من باشتر دەزانێت، ئەگەر وازی لێبهێنم و خۆمی تێهەڵنەقورتێنم چاکترە.

پاش ئەوەی بڕین تەواو بوو، میکایل دەرزی و دەزووی هێنا و لەبری دوو قات، وەك ئەوەی بڵێیت نەعل دەدوورێت، یەك لۆی کردەوە و دەستی کرد بە دوورین.

مارتیۆنا دیسان سەرسام بوو، بەڵام ئەم جارەش هیچی نەوت. میکایل هەتا نیوەڕۆ بەبێ وچان کاری کرد. لەم سەروبەندەدا سیمۆن بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ دەستی لە کار هەڵگرت. کە تەماشای میکایلی کرد جووتێك نەعلی بینی، لە پێستەی کابرا دەوڵەمەندەکە دروست کرابوو.

سیمۆن لە ناخیەوە هاواری لێ بەرز بووەوە "ئەی هاوار! چۆن دەبێت کەسێکی وەك میکایل سالێکە لەلام کاردەکات و هیچ هەڵەیەکی نەکردووە،

کەچی ئێستا ئەو پێستەی ئاوا وێران کردووە. خاوەنەکەی جووتێك جزمەی یەك پارچەیی لە ئێمە داوا کردبوو. میکایلیش جووتێك نەعلی لێ دروست کردووە و پێستەکەی بەفیڕۆ داوە. چی بە کابرا بڵێم؟ لە ژیانمدا ناتوانم پێستەیەکی لەو جۆرەی بۆ بکڕمەوە".

پاشان ڕوی دەمی کردە میکایل و وتی:

- ئاخ کوڕە! چیت کرد! منت ماڵوێران کرد ! خۆ خۆت دەتزانی کابرا داوای جزمەی درێژی کردبوو، سەیرکە تۆش چیت بۆ دروستکردووە.

سیمۆن بەرلەوەی زیاتر دەرفەتی لۆمەکردنی میکایلی هەبێت، تەقەی زەنگە ئاسنینەکەی دەرگاکە هات، لە پەنجەرەکەوە تەماشای کرد بۆئەوەی بزانێت کێیە، کابرایەك خەریکبوو ئەسپەکەی بەدارێکەوە دەبەستەوە. کە دەرگاکە کرایەوە زانیان هەمان خزمەتکاری کابرای بەیانییە، خزمەتکار:

- ڕۆژ باش

سیمۆن پاش وەڵامدانەوەی سەلامەکەی بە تاسەوە لێی پرسی:

- فەرمانتان چیە قوربان، من دەتوانم چیتان بۆ بکەم؟

- خاتوون، منی بۆ جزمەکان ناردووە.

- چی بووە؟

- ئاغام چیتر پێویستی بە ئەو جزمانە نییە، مردووە.

- چۆن شتی وا دەبێت، بەڕاستە؟

-پاش ئەوەی ئێوەمان بەجێهێشت، بەرلەوەی بگەینە ماڵەوە، لەناو گالیسکەکەدا گیانی لەدەست دابوو. کە گەیشتینە ماڵەوە خزمەتکارەکان دەرگاکەیان کردەوە، بینیان لەناو درووشگەکەدا خاوبۆتەوە. بێگومان ماوەیەکی زۆر بوو گیانی سپاردبوو. زۆر بەزەحمەت لە گالیسکە دەرمان هێنا، لەبەرئەوە خێزانی منی نارد و پێی وتم: "بە پینەچییەکە بڵێ چیتر مێردەکەم پێویسی بە جزمە نییە، خێرا بۆ جەنازەکە جووتێك نەعل درووست بکەن، چاوەڕێ بکە هەتا دروستی دەکەن، پاشان بیهێنەرەوە" منیش بۆ ئەوە هاتووم.

میکایل پارچە زیادەکانی کۆکردەوە. نەعلەکانی هێناو بە بەر یەخەکەی

سرییەوە و لەگەڵ پارچەکاندا دای بە خزمەتکارەکە. وتی:
- ڕۆژ باش.
خزمەتکارەکە نەعلەکانی وەرگرت و سوپاسی کردن، خێرا سواری ئەسپەکە بوو و کەوتەڕێ.

## ٨

ساڵ بەدوای ساڵدا وەك ئاوێکی بەخوڕ دەهات و گوزەری دەکرد. ئەوە ماوەی شەش ساڵی ڕەبەقە میکایل لە ماڵی سیمۆن بوو، بەڵام لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا هیچ شتێك لە ژیانی میکایل نەگۆڕا، هەمیشە وەك خۆی بوو، بۆ هیچ جێگایەك نەدەچوو، ئەوەندەی پێویست بوو قسەی دەکرد. لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا تەنها دووجار خەندە هاتبووە سەر لێوی. یەکەمجار کە مارتیۆنا نان و خۆراکی پێدا و دووەمجاریش کاتێك کابرای دەوڵەمەند هات بۆ شوێن کارەکەیان بۆ دروستکردنی جزمە. سیمۆن زۆر ڕازی بوو لە شاگردەکەی، ئێستاش لێی نەپرسی کە لەکوێوە هاتووە، چونکە لەوە دەترسا ڕۆژێك بڕوات و بەجێیان بهێڵێت. ڕۆژێکیان ئەندامانی خێزانەکە هەموویان لە ماڵەوە بوون، مارتیۆنا مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگردانەکە نا، منداڵەکان لەم کورسی بۆ ئەو کورسی هەڵبەزودابەزیان دەکرد و لە پەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد. سیمۆن لەبەردەم پەنجەرەیەکدا خەریکی دوورینی جووتێك پێڵو بوو، میکایلیش ژێری بۆ جووتێکی تر دادەنا.
یەکێك لە منداڵە کوڕەکانی هاتە لای میکایل و شانی گرت و وتی:
- مامە میکایل، سەیری ئەو ژنە کە منداڵەکانی لەگەڵدایە. وا بزانم بۆ ئێرە دێت، یەکێك لە کچەکانی قاچی شەلە.
کە منداڵەکە ئەمەی پێوت، میکایل وازی لە کارەکەی هێنا و لە پەنجەرەکەوە تەماشای شەقامەکەی کرد.

سیمۆن بەم حاڵە سەری سوڕما، چونکە سەیرکردنی شەقامەکە عادەتی میکایل نەبوو، بەڵام ئێستا لەبەردەم پەنجەرەکەدا وەستاوە و وا دیارە زۆر بەقووڵی سەرنجی شتێك دەدات...

سیمۆن سەیرێکی دەرەوەی کرد. خاتوونێکی چاوپێکەوت کە چاکەتێکی خوری و تەنوورەیەکی شۆڕی لەبەردا بوو، دەستی دوو کیژۆڵەی خنجیلانەی گرتبوو و ڕاست بەرەو شوێن کارەکەی ئەمان دەهات. جیاکردنەوەی ئەم دوو منداڵە کارێکی قورس بوو، جگە لەوەی یەکێکیان بەهۆی ناتەواوی لاقی چەپییەوە دەشەلی.

خاتوونەکە لەبیری ئەوەدا بوو کە چۆن بچێتە ژوورەوە، لەپڕ دەسکی دەرگاکەی بینی، کێلونەکەی بەرز کردەوە و دەرگاکە کرایەوە. لەپێشدا منداڵەکان و پاشان بەدوایاندا خۆشی هاتە ژوورەوە.

- ڕۆژ باش.

سیمۆن:

- فەرموو بەڕێزەکەم، بەخێرهاتن، من دەتوانم چیتان بۆ بکەم؟

خانمەکە لەتەنیشت مێزەکەوە دانیشت، منداڵەکانیش وەك ئەوەی بڵێن لە دانیشتووانی شوێنکارەکە ترسابن توووند توووند خۆیان خزاندبووە ئەملاولای ژنەکەوە.

- دەمەوێت دوو جووت پێڵاوی چەرم بۆ ئەم منداڵانە دروست بکەم.

- باشە، هەرچەندە پێڵاوی منداڵانمان دروست نەکردووە، بەڵام دەتوانین بیکەین، میکایل هەمووی دەزانێت.

سیمۆن ئەمەی وت و چاوی بڕیە میکایل و بینی دەستی لە کارەکەی هەڵگرتووە و چاو لە کیژۆڵەکان دەکات. سیمۆن بەمە سەرسام بوو، گەرچی منداڵە بچووکەکان چاوڕەش، کوڵم سوور، دەموچاو خڕ و سەرنجڕاکێش بوون. جلوبەرگیشیان قەشەنگ بوو، بەڵام سیمۆن لەوە تێنەدەگەیشت کە گوایە بۆ چ میکایل وەك ئەوەی بیانناسێت تەماشای منداڵەکانی دەکرد. بێئەوەی سەرسوڕماوی خۆی دەربخات بەردەوامبوو لە قسەکردن لەگەڵ ژنەکەدا. پاش دیاریکردنی نرخەکە دەستی کرد بە پێوانەکردن. خاتوونەکە،

منداڵەکەیان کە قاچێکی تەواو نەبوو، خستییە باوەشی:
- بۆ ئەم منداڵەیان پێویستە ئەندازەیەکی جیاواز وەربگریت. بۆ قاچە ناساغەکەی پێوانەیەك و بۆ قاچە ساغەکەی سێ پێوانە وەربگرە، چونکە هەردووکیان یەك پێوانەیان هەیە و دووانەن"
سیمۆن قیاسەکانی تەواو کرد و وتی:
- بەدبەختە بەچی وای لێهاتووە؟ بێچاوێنی بن زۆر جوانن، ئایا لەزگماکییەوە وایە؟
- نەخێر، دایکی بەسەریدا کەوتووە.
مارتیۆنا پرسی:
- ئایا تۆ دایکی ئەوان نیت؟
- نەخێر، خاتوونەکەم، من نە داکیانم و نە خزمایەتیشم لەگەڵیان هەیە، بەڵام ئەوانم هەڵگرتۆتەوە و بەخێوم کردوون.
- هەرچەندە منداڵی خۆتان نین، بەڵام ئەوانت زۆر خۆش دەوێت، وانییە؟
- چۆن خۆشم ناوێن، هەردووکیان خۆم شیرم پێداون. منداڵی خۆم هەبوو، بەڵام بەداخەوە زۆر نەژیان. ئەوانیشم هەر هێندەی ئەمان خۆش دەویست.
- کەواتە ئەمانە منداڵی کێن؟

## ٩

خاتوونەکە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی درێژ کرد سەبارەت بە دوو کیژۆڵەکە:
- دایك و باوکی ئەم منداڵانە شەش ساڵ بەر لە ئێستا لەماوەی هەفتەیەکدا گیانیان لەدەست دا. باوکیان سێشەممە بەخاك سپێردرا و دایکیان ڕۆژی هەینی گیانی سپارد. ئەم منداڵانە پاش مردنی باوکیان بە سێ ڕۆژ لەدایك بوون. دایکیشیان لەهەمان ڕۆژدا کۆچی دوایی کرد. لەو سەردەمانەدا من و مێردەکەم لە گوند دەژیاین. لەگەڵ خێزانەکەیاندا دراوسێ بووین. باوکیان

پیاوێکی بێ وێنە بوو. لە دارستان بە داربڕینەوە خەریك دەبوو. ڕۆژێك لەکاتی کارکردندا درەختێك کەوتبوو بەسەریدا و جەستەی کوترایەوە، گورچیلەی هاتبووە دەرەوە، پێش ئەوەی بیگەیەننەماڵەوە لە ڕێگادا گیانی لەدەست دا. لەهەمان هەفتەدا ژنەکەی ئەم مندالآنەی بوو. بێچارە هەم هەژار و هەم بێ کەس و تەنیا بوو، لەبەرئەوەی کەس نەبوو لای بمێنێتەوە، بە تەنها منداڵەکانی بوو و بەتەنهاش دونیای جێهێشت و کۆچی دوایی کرد. سپێدەی بەیانی بۆئەوەی چاوم پێی بکەوێت چوومە ماڵیان، دیمەنێکی ئێجگار تراژیدم چاوپێکەوت، لەناو ئەو چوار دیوارە ساردوسڕەدا، بێ کەسوکار و برسی، تەرمی ساردوسڕی ژنەی چارەڕەش لە گۆشەیەکدا کەوتبوو. لەکاتی مردنیدا کەوتبوو بەسەر ئەم منداڵەدا و لاقی شێلا بوو. دواتر خەڵکی گوند تەرمەکەیان بردە گۆڕستان و بەخاکیان سپارد.

گوندنشینەکان کەسانی باش بوون، کۆبوونەوە تاکو چارەسەرێك بۆ ئەم منداڵە بێ سەرپەرشتانە بدۆزنەوە. لەبەرئەوەی ئەوکات لە گوندەکەدا تەنها من منداڵی شیرەخۆرەم هەبوو، هاتنە لام و وتیان: "ئەم ماوەیە تۆ چاودێری ئەم کۆرپانە بکە، پاشان خۆمان بریارێکی لێ دەدەین...

لە سەرەتاوە دەستم کرد بە شیرپێدانی منداڵە ساغەکەیان لەگەڵ ئەوی خۆم کە تەمەنی هەشت هەفتە بوو، دەموت منداڵەکەی تریان نامێنێت، لەبەرئەوە سەرەتا شیرم پێ نەدەدا. پاشان بیرم لێ کردەوە: (ئەم منداڵە بێگەردە چ گوناهێکی هەیە، بۆچی لەخۆرا ئازار بچێژێت؟ دڵم بەرامبەری باش بوو، دەستم کرد بە شیرپێدانی، بەمجۆرە لەگەڵ کوڕەکەی خۆمدا ئەم دوو کچەشم بەخێو کرد.

ئەوکات گەنج و بەهێز بووم، خواردنم باش بوو، پەروەردگار ئەوەندەی شیر پێ دەبەخشیم کەپاش شیردان بە سێ منداڵ لێشی زیاد دەبوو. جاری وا هەبوو پێکەوە شیرم دەدا بە دووانیان، سێیەمیان چاوەڕێی دەکرد، پاشان ئەویشم تێر دەکرد. بە یارمەتی پەروەردگار دوو کچۆڵەکە وردەوردە گەورە بوون، بەڵام کوڕەکەی خۆم دووساڵی تەواو نەکرد و جوانەمەرگ بوو. هەرچەندە دەوڵەمەندتر دەبووین، بەڵام جارێکی تر

منداڵم نەبووەوە. ئێستا مێردەکەم بازرگانی گەنم دەکات، قازانجی باش دەکات و حاڵمان زۆرباشە. کێ دەزانێت گەر ئەم منداڵانە نەبوونایە چەند هەستم بە غەمگینی و تەنیایی دەکرد؟! ئیدی چۆن خۆشم نەوێن؟ ئەم دووانە سەرچاوەی خۆشی ژیانی منن...
پاش ئەم وتانە، خاتوون بە دەستێکی کچە ناساغەکەی، نووساند بە باوەشی خۆیەوە و بە دەستەکەی تریشی ئەسرینەکانی سڕیەوە.
مارتیۆنا بە قسەکانی زۆر کاریگەر بوو، لە ناخییەوە وتی:
- ئەو قسەیە چەند ڕاستە کە دەڵێت، مرۆڤ دەشێت بە هەتیووی بێتە بوون و لەدایك ببێت، بەڵام هەرگیز بەبێ پەروەردگار ناژی
ئەوان پێکەوە قسەیان دەکرد، لەو گۆشەیەی میکایلی لێ دانیشتبوو، تیشکێك لە شێوەی برووسکە، دەرپەڕی و هەمووماڵەکەی ڕووناك کردەوە. هەموو ڕوویان بەلای ئەودا وەرچەرخاند. میکایل دەستی لەسەر ئەژنۆی نابوو، سەری هەڵبڕیبوو بەرەو ئاسمان زەردەخەنەی دەکرد.

## ١٠

خاتوونەکە دەستی منداڵەکانی گرت و ئەوێی بەجێهێشت. میکایل دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و بەریەخەکەی داکەند، دواتر لەبەردەم سیمۆن و مارتیۆنای ژنیدا زۆر بەڕێزەوە نووشتایەوە و وتی:
- خواتان لەگەڵ قوربان، خودا لە من خۆش بوو، ئەگەر هەر کەموکوڕییەکم هەبووبێت، ئێوەش بمبوورن.
سیمۆن و مارتیۆنا هەستیان بە ڕووناکیەك کرد کە لە میکایلەوە دەرچوو. سیمۆن هەستایە سەرپێ و لەبەردەم میکایلدا نووشتایەوە:
- میکایل من دەبینم تۆ کەسێکی ئاسایی نیت. من مافی ئەوەم نییە کە ڕێت لێ بگرم یان محاسەبەت بکەم، بەڵام تەنها ئەوەم تێبگەیەنە: بۆچی کاتێك من تۆم دۆزییەوە و هێنامیتەوە بۆ ماڵەوە زۆر خەمبار بوویت؟ خێزانەکەم خواردنی پێدایت، خەندەیەك هاتە سەر لێوت و ڕووت گەشایەوە، پاشان

ئەو پیاوەی بۆ جزمە دروستکردن هات تۆ دیسان پێکەنیت و ڕووت گەشایەوە. ئێستاش کە ئەم خاتوونە و منداڵەکان هاتن بزەیەکت کرد، ئەمجارە ڕووخسارت گەشایەوە و نوورێکت لێ دەرپەڕی. میکایل ئێستا پێم بڵێ بۆچی ڕووخسارت دەدرەوشێتەوە و سێ جاریش بزەت کرد؟

میکایل وەڵامی دایەوە:

- خوای گەورە منی سزا دابوو. ئێستاش لەبەرئەوەی لێم خۆش بووە، خەرمانەی نوور بڵاودەبێتەوە. پەروەردگار منی نارد، تاوەکو سێ ڕاستی فێر ببم، کە هەر یەکێك لەو سیانە فێر دەبووم بزەیەکم دەکرد. یەکەمیان کاتێك فێر بووم کە خێزانەکەت بەزەیی پێمدا هاتەوە، هۆی یەکەم خەندەیشم هەر ئەمە بوو، دووەمیان کاتێك فێر بووم کە ئەو پیاوە دەوڵەمەندە داوای جزمەی کرد، دووبارە بزەیەك هاتە سەر لێوم. ئێستاش کە ئەو کیژۆڵە بچووکانەم چاوپێکەوت، سێیەم و کۆتا ڕاستی فێر بووم، لەبەرئەوە بۆ سێیەم جار پێکەنیم.

سیمۆن:

- پێم بڵێ میکایل! پەروەردگار لەبەرچی سزای دایت؟ ئەو سێ ڕاستیەی وتت چین؟ منیش دەمەوێت فێر بم.

لە وەڵامدا میکایل:

- پەروەردگار لەئەنجامی بێفەرمانیکردنم منی سزادا. من یەکێك لە فریشتەکانی ناو بەهەشت بووم، بێفەرمانی ئەوم کرد. پەروەردگار فەرمانی پێکردم کە گیانی ئافرەتێك بکێشم. هاتمە سەر زەوی، بینیم ژنێکی نەخۆش و لاواز، تازە دوو منداڵی بووبوو، کۆرپەکان لەتەنیشت دایکیانەوە وردەوردە دەجووڵانەوە، بەڵام ژنەکە هێزی ئەوەی نەبوو هەڵیان بگرێتەوە و بیانخاتە باوەشی، ئافرەتەکە کە منی بینی زانی لەلایەن خواوەندەوە بۆ گیانکێشانی ئەو نێرراوم. دەستی بە گریان کرد و لێم پاڕایەوە: "ئەی فریشتەی خودا، مێردەکەم درەخت کەوتووە بەسەریدا و مردووە، ئەوەندە نییە ناشتوویانە. من نە دایك و نە خوشك، وە نەپورم هەیە، کەس نییە ئاگای لە منداڵە هەتیوەکانم بێت. گیانم مەکێشە! ڕێگەم بدە با شیریان

پێ بدەم و تۆزێك گەورە بن، با بیانبینم لەسەر پێی خۆیان دێن و دەچن. پاش ئەوە چیت پێ خۆشە ئەنجامی بدە. منداڵەکان بەبێ دایك و باوك ناژین". منیش گوێم دایە قسەکانی، یەکێك لە کۆرپەکانیم دایە دەستی و نووساندی بە سنگیەوە. ئەوەی دیکەشیانم خستە باوەشی، چوومە خزمەتی پەروەردگار و گێڕامەوە: "نەمتوانی گیانی ئەو دایکە بکێشم، مێردەکەی لەکاتی کارکردنندا مردووە، خۆشی تازە دووانەیەکی بووە. زۆر لێم پاڕایەوە تا گیانی نەکێشم. وتی، ڕێگەم بدە شیریان پێ بدەم، با تۆزێك گەورە بن، لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن. منداڵ بەبێ دایك و باوك ناژی. منیش نەمتوانی گیانی بکێشم". لەبەرامبەریشدا پەروەردگار فەرمانی پێدام: "بڕۆ گیانی ئەو ژنە بکێشە و ئەم سێ ڕاستیەش فێر ببە: ئەوە چییە کە لە ناخی مرۆڤدا دەژی؟ ئەوە چییە کە نەدراوە بە مرۆڤ؟ مرۆڤ بە چی دەژی؟ پاش ئەوەی ئەم ڕاستیانە فێر بوویت دەتوانیت بچیتەوە بەهەشت". لەبەرئەوە منیش دیسان هاتمەوە سەر زەوی و گیانی دایکەکەم کێشا. کۆرپەکان باوەشی دایکیان بەجێهێشت. جەستەی دایکەکە تلایەوە، کەوت بەسەر یەکێك لە کۆرپەکانیدا و لاقی شێلا. لە ڕێگەدا بووم کە گیانی ژنەکە بەرمە خزمەتی پەروەردگار لە ئاسمانی گوندەکەدا تووشی ڕەشەبایەکی بەهێز بووم، یەکەمجار باڵەکانمی لێ کردەوە، پاشان خستمیە خوارەوە. لەولاوە ڕۆحی ژنەکە بەتەنیا بەرەو ئاسمان دەفڕی و لەملاشەوە من کەوتمە لاڕێیەکی ئەم دونیایەوە.

## ١١

سیمۆن و مارتیۆنا ئیدی وردەوردە بۆیان ڕوون بووەوە ئەو ڕێبوارە کێ بوو، تا ئەو کاتە لەگەڵیان دەژیا و پەنایان دابوو. لەخۆشیا دەستیان بە گریان کرد. فریشتەکە لە شوێنی خۆیەوە بەردەوام بوو لەسەر وتەکانی: "لە ناوەڕاستی کێڵگەیەکدا و بەتەنیا و بێ جلوبەرگ کەوتبووم، بەرلەوەی ببم بە مرۆڤ، بەڕاستی نەمدەزانی پێویستییە تایبەتیەکانی مرۆڤ چین؟

مانای سەرمابوون و برسێتیم لا ڕوون نەبوو. خەریك بوو لەبرسا بمرم و لەسەرما ڕەق ببمەوە. نەمدەزانی دەبێت چی بکەم؟! لەنزیك ئەو کێڵگەیەی لێی بووم چاوم بە مەزارگەیەك کەوت، بە ئومێدی دۆزینەوەی شوێنێك ڕووم کردە ئەوێ، بەڵام لەبەرئەوەی دەرگاکەی داخرابوو نەمتوانی بچمە ژوورەوە، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت ڕەشەباکە لێم نەدات، چوومە ڕووی پشتەوەی مەزارگەکە و دانیشتم. دونیا بەرەو تاریکبوون دەچوو، خۆری ئاوات و هیواش بەرەو ئاوا بوون، سەرما و برسێتی تەواو تەنگی پێ هەڵچنیبووم، لەپڕ لە دوورەوە کەسێکم بەرچاو کەوت. جووتێك جزمەی بەدەستەوە بوو، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد، ئەمە یەکەمجار بوو پاش بوونم بە مرۆڤ ڕووخساری فانییەك ببینم، بە بینینی ڕووخساری کابرا چاوەکانم ترسان و ڕووم بە لایەکی تردا وەرچەرخاند.

کابرا لەبەر خۆیەوە باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن خۆی لە سەرمای زستان بپارێزێت، چۆن خەرجیی ژن و منداڵەکانی پەیدا بکات. منیش لە دڵی خۆمدا وتم (من خەریکە لەبرسا دەمرم، ئەو کابرایەش بیر لە خۆی و پەیداکردنی نان بۆ خێزانەکەی دەکاتەوە، ئەو یارمەتیم نادات).

پیاوەکە کە منی بینی بڕۆی هێنایەوە یەك و ڕووخساری هێندەی تر ترسناك بوو. لێم دوورکەوتەوە و پەڕییە ئەوبەری نزرگەکە و منی بەجێهێشت، هێندەی نەمابوو تەواو هیوابڕاو ببم. کابرام بینی گەڕایەوە، سەرم هەڵبڕی و تەماشام کرد، بڕوام نەکرد ئەمە هەر ئەو پیاوەی تۆزێك لەمەوبەر بێت، چونکە تۆزێك پێش ئێستا لە ڕووخساریدا مەرگم دەبینی، بەڵام ئەم جارەیان ئەو ئەژی. هەروەها لە سۆز و بەزەییەکەی دڵیدا هەستم بە بوونی خودا دەکرد.

هات بۆ لام و جلوبەرگی پێدام. بردمیەوە بۆ ماڵەوە، کە گەیشتینە ماڵەوە، ئافرەتێك بەدەممانەوە هات، دەستی کرد بە قسەکردن. لە یەکەمجاری پیاوەکە ترسناکتر بوو، ئەوەی کە قسەی دەکرد، نەك خۆی، بەڵکو مەرگێکی تەواو بوو. ڕۆحی مەرگ لە زاریەوە دەردەچوو، لەبەرئەوەی بۆنی مەرگی بە چواردەوریدا بڵاو دەکردەوە، من توانای هەناسەدانم نەمابوو.

دەیویست لەو سەرماو سۆڵەیەدا بمکاتە دەرەوە. من، دەمزانی ئەگەر ئەو کارە بکات دەمرێت. بەمجۆرە، مێردەکەی باسی بەدیهێنەری مەزنی بۆ کرد و لەپڕ بارودۆخی گۆڕا. پاشان کە نان و ئاوی بۆ هێنام دیتم چیتر مەرگ لە ناخیدا ناژی، ئیتر ئەویش دەژی. لە دڵی ئەویشدا سۆز و بەزەیی خودام بینی.

ئەو کاتە یەکەم وانەم بیرکەوتەوە کە دەبوو فێری ببم (ئەوە چیە لە ناخی مرۆڤدا دەژی، فێری ببە)، منیش لەبەرامبەردا زانیم ئەوەی کە لە دڵی مرۆڤدا دەژی خۆشەویستییە، بەم شێوەیە زانیم کە یەکەم وانە فێرکراوم، دڵم پێی خۆش بوو و بۆ یەکەمجار بزەیەکم کرد، بەڵام هێشتا هەموو شتێك فێر نەبووبووم، ئێستاش وەڵامی (چی نەدراوە بە مرۆڤ، مرۆڤ بە چی دەژی)م نەدەزانی.

لەگەڵ ئێوەدا ژیام، ساڵێك تێپەڕی. پیاوێك هات و داوای لێکردن کە جووتێك جزمە ـ ساڵێك شکڵەکەی تێك نەچێت و کۆن نەبێت ـ ی بۆ دروست بکەن. کە تەماشام کرد لەدوایەوە فریشتەی گیانکێشانی هاوڕێم بینی. بێجگە لە من کەسی تر نەیدەبینی، زانیم کە هەر ئەو ڕۆژە بەرلە خۆرئاوابوون، گیانی ئەو پیاوە دەکێشێت. ئەوکات بیرم کردەوە کە (کابرا خۆی بۆ ساڵێك ئامادە دەکات، کەچی نازانێت بەرلە خۆرئاوابوون ماڵئاوایی لە دونیا دەکات)، هەروەها دووەم وتەم بیرکەوتەوە (ئەوە چیە بە مرۆڤ نەدراوە، فێری ببە)

پێشتر فێربووم ئەو چیە لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە. ئێستاش دەزانم چی نەدراوە بە مرۆڤ: (مرۆڤ توانای ئەوەی پێ نەدراوە بزانێت پێداویستییەکانی خۆی چیە).

بەئارامی و لەسەرخۆ چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم دەکرد کە سێیەم ڕاستی تێدا فێر دەبم. لەساڵی شەشەمی هاتنە خوارەوەمدا، ئەو ژنە و دوو کچە دووانەکە هاتن. منداڵەکانم ناسیەوە، بەڵام لەوە تێنەگەیشتم کە چۆن تا ئێستا لە ژیاندا ماون. کە چیرۆکەکەیانم گوێ لێ بوو، ئەوم هاتەوە یاد کە (دایکیان لەبەرخاتری منداڵەکان لە من پاڕایەوە، باوەڕم بەوە کرد کە وتی

منداڵ بەبێ دایك و باوك ناژی. کەچی کەسێکی نەناسراو ئەوانی بەخێو کرد).
ژنەکە سەرەڕای ئەوەی کە منداڵی خۆی نەبوون، بەڵام هەردەم خۆشەویستی بۆ دەردەبڕین و لەکاتی گریانیاندا لەئامێزی دەگرتن، ئەوکات بینیم کە لە ناخیدا بەزەیی دەژی و فێر بووم کە مرۆڤ بە چی دەژی. بەمجۆرە خواوەند سێیەم ڕاستی فێر کردم و لێم خۆش بوو. لەبەر ئەمەش بۆ سێیەم جار پێکەنیم.

١٢

سەرەتا فریشتەکە بەرگەکانی سەر جەستەی داکەنرا، پاشان جلێکی لە نوور ـ کە لەتوانای مرۆڤدا نەبوو سەرنجی بدات ـ کرایە بەری. دەنگی تا دەهات بەرزتر دەبوو، وەك ئەوەی قسەکەر ئەو نەبێت و کەسێکی تر بێت، بە دەنگێکی زوڵاڵ درێژەی بە قسەکانی دا:
- ئەوە فێر بووم کە هەموو مرۆڤ نەك بە هەوڵ و کۆششی خۆی، بەڵکو بەهۆی خۆشەویستییەوە دەژی. زانیاریی ئەوە نەدرابوو بەو دایکە کە منداڵەکانی بۆئەوەی بژین پێویستیان بە چی هەیە. بەهەمان شێوەی کابرای دەوڵەمەند، قودرەتی ئەوە نەدراوە بە هیچ کەسێکی وەکو ئەو بزانێت پێویستی بە جووتێك جزمە هەیە لەپێی بکات، یان جووتێك نەعل بۆ جەنازەکەی.
من کە بووم بە مرۆڤ، لە ژیاندا مامەوە، نەك لەبەرئەوەی خەمی خۆمم دەخوارد، بەڵکو لەبەر هەبوونی خۆشەویستی لە دڵی ئەو پیاوەی بە ڕێگاکەدا تێدەپەڕی، ئەو شەفەقە و سۆزی خۆی و خێزانەکەی بەرامبەرم نواندیان. منداڵەکان لە ژیاندا مانەوە، نەك لەبەرئەوەی دایکیان خەمی دەخواردن و هەوڵی بۆ دەدان، بەڵکو بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی لە دڵی ئافرەتێکی بێگانەدا هەبوو و دەستی بەزەیی بۆ درێژ کردن. دروست وەك ئەمە، هەموو مرۆڤەکان نەك بەوەی کە مێشکی خۆیان ماندوو دەکەن کە

چۆن خۆشبەخت بن، بەڵکو بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوەی لە چییەتیاندا هەیە، دەژین.
پێشتریش دەمزانی کە پەروەردگار لەگەڵ ژیاندا پێویستییەکانی ژیانیشی بە مرۆڤ بەخشیوە، ئێستاش لەوە زیاتر فێر بووم، چونکە خوای گەورە نایەوێت مرۆڤەکان بەجیا بژین، هەرلەبەرئەوەشە کە بەجیاجیا هەریەکەیانی فێر نەکردووە کە پێداویستیی خۆی چیە. ئەو دەیەوێت مرۆڤەکان هەموو پێکەوە بژین، لەبەرئەوە هەریەکەیانی فێری پێداویستییەکانی ئەوانی تر کردووە.
ئێستاش تێگەیشتم کە مرۆڤ چەندە دەتوانێت و پێی خۆشە با هەوڵ و کۆشش بدات بۆ ژیان، بەڵام لەراستیدا ئەوەی کە دەیژیەنێت خۆشەویستییە. کێ لە دڵیدا خۆشەویستی هەڵگرتبێت، ئەوا ئەو خۆشەویستییە لە خوداوەیە و خوداش لە دڵی ئەو کەسەدایە، چونکە هۆکاری بوون: خۆشەویستییە.
فریشتەکە سوپاس و ستایشی خودای کرد، ماڵەکە لەبەر دەنگی دەلەریەوە، بانی ماڵەکە کرایەوە و نوورێك لە زەویەوە تا ئاسمان بەرز بووەوە. سیمۆن و هەموو خێزانەکەی کەوتنە سەر زەوی و فریشتەکە بەرەو ئاسمان لەشەقەی باڵی دا.
کاتێك سیمۆن هاتەوە هۆش خۆی، بینی شوێنکارەکەی وەك جاری جارانی لێ هاتۆتەوە، هەموو شتێك لە جێگەی خۆیەتی و جگە لە ئەندامانی خێزانەکەی و خۆی، کەسی تر لە ماڵەکەیدا نەبوو...

# سێ پرسیار

لە سەردەمانی کۆندا پادشایەکی ئێجگار دەسەڵاتدار هەبوو، ئەم پادشایە ماوەیەکی زۆر بیری لە وەڵامی سێ پرسیار دەکردەوە کە هەمیشە مێشکی خرۆش دەدا: "ئەگەر بزانم گونجاوترین کات بۆ دەستپێکردنی کارێك چ کاتێکە، پێویستە گوێ لە قسەی کێ ڕابگرم و لە کێ دوورەپەرێز ببم، هەروەها باشترین کار کامەیە بۆ ئەنجامدان، ئەوا هەرگیز تووشی هەڵە نابم.

بە فەرمانی پادشا، هەواڵی ئەم پرسیارانە بە هەموو مەملەکەتدا بڵاو کرانەوە. بڕیاری دا خەڵاتی شیاو بداتە هەرکەسێك بتوانێت وەڵامی دروستی ئەو سێ پرسیارە بداتەوە...

زانایان کە ئەم دەنگوباسەیان بیست، دەستەدەستە دەهاتنە خزمەتی پادشا، بەڵام هەریەکەیان بیروڕای جیاوازی هەبوو سەبارەت بە پرسیارەکان.

کۆمەڵێك لە زانایان وەڵامی پرسیاری یەکەمیان بەشێوەیەك دایەوە کە ڕۆژمێرێکیان بەپێی ساڵ و مانگ و ڕۆژ ئامادە کرد و پێشکەشیان کرد. ئەگەر بە ڕێکوپێکی بەکاری بهێنێت و پەیڕەوی بکات، ئەوا هەموو کارەکانی لەکاتی گونجاودا جێبەجێ دەکات.

بە بۆچوونی کۆمەڵێکی دیکە، هەرگیز ناکرێت پێشوەخت بزانرێت گونجاوترین کات بۆ ئەنجامدانی هەرکارێك چ کاتێکە، بۆیە لەبری ئەوەی

خۆ بە شتی پڕوپووچەوە خەریك بكرێت، باشتر وایە بەوردی سەرنجی ڕووداوەكانی دەوروبەر بدرێت، هەرشتێكیش كە پێویست بوو بەبێئەوەی كات بەفیڕۆ بدرێت جێبەجێ بكرێت، ئەمە باشترین چارەسەرە…
بەشێكی تری زاناكان پێیان وابوو كە: "تەنیا كەسێك چەندە بەوردی ئاگاداری ڕووداوەكانی دەوروپشتی ببێت با ببێت، هێشتا ناتوانێت بەتەنیا بڕیاری باشترین كات بۆ ئەنجامدانی هەركارێك بدات". لەبەرئەمە ئامۆژگاریی ئەمان پێكهێنانی دەستەیەك لە زانایان بوو بۆئەوەی ببنە یاریدەدەری پاشا لە كارەكانیدا.
دوایین گروپ بەرپەچی ئەم دەستەیەی پێشتریان بەوە دایەوە كە دەكرێت بەر لە هەر كارێك كاتی گونجاوی بۆ دیاری بكرێت، وتیان: "دەتوانرێت بڕیار لەسەر كاتی گونجاو بدرێت، بەڵام بۆ ئەمە، دەبێت ئەو كەسە پێشوەخت بزانێت چی ڕوودەدات. ئەمەش تەنها كاهینەكان دەیزانن، بۆیە پرس و ڕا لەگەڵ كاهینەكاندا تەنیا ڕێگایە بۆ هەڵبژاردنی كاتی گونجاو".
بۆ پرسیاری دووەمیش، وەڵامی هەمەجۆری بەم شێوەیان دایەوە:
هەندێك لە زاناكان، یارمەتیدەرانی پاشا، كاهینەكان و هەندێكی تریان زانایانیان پێ پەسەند بوو. لەگەڵ ئەمەشدا بەشێكیان پیاوانی ئایینییان بە باش دەزانی بۆ ئەم كارە. گروپێكی تر وتیان "پزیشكەكان"، كۆتا گروپ وتیان" نا، سەربازەكان گونجاون".
بۆ وەڵامی پرسیاری سێیەم، هەندێكیان پێیان وابوو، گرنگترین كاری دونیا "زانستە".هەندێك جەنگ، ئەوانی تریش وتیان گرنگترین كار لە دونیادا خۆخەریككردنە بە پەرستنی خواوەند و لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی یەزدان و چوونەبەهەشت…
لە كۆتاییدا پادشا ڕایگەیاند لەبەرئەوەی پێشنیارەكان هیچ كامێكیان لەگەڵ ئەوەی تر یەك ناگرێتەوە، بۆیە هیچیانی بەدڵ نەبوو و خەڵاتەكەش نادرێت بە كەس.
پادشا هێشتا وەڵامی دروستی چنگ نەكەوتبوو، بۆیە بڕیاری دا پرس و ڕا بە زانای دینداری بەناوبانگ بكات.

ئەم پیاوەی کە سوڵتان دەیەوێت پرسی پێ بکات لە دارستانێکدا بە تەنیا دەژیا، هەرگیز لە دارستانەکە نەدەچووە دەرەوە، تەنها ڕێگەی بە کەسانی ئاسایی و سادە دەدا کە بێنە لای، بۆیەخاوەنشکۆ جلوبەرگی گۆڕی و بەرگی سادەی لادێی پۆشی و چووە لای. نەختێکی مابوو بگاتە کووخی زاناکە، لە ئەسپەکەی دابەزی و فەرمانی بە پاسەوانەکان دا کە لە دواوە بمێننەوە و چاودێری بکەن، خۆی بە تەنیا بەردەوام بوو.

کاتێك کە پادشا بەرەو لای دەهات، حەکیمەکە خەریکی کێڵنی باخچەی بەردەم کوخەکەی بوو. کە پادشای چاوپێکەوت، سەلامی لێ کرد و دەستی بە کارکردن کردەوە. کابرای دانا، هێندە لاواز و بێ هێز بوو کە هەر جارێك پاچەکەی لە زەوی دەدا تەنیا تۆزێك لە خاکەکەی هەڵدەکەند و بەتەواوی هیلاك دەبوو.

پادشا لێی نزیك بوویەوە و لێی پرسی:

- ئەی کەسی دانا و زانا... هاتوومەتە لای جەنابت، بۆئەوەی وەڵامی سێ پرسیارم بدەیتەوە.

یەکەم، بۆ ئەنجامدانی هەرکارێك، گەنجاوترین کات چ کاتێکە؟

دووەم، بۆ هەرکارێك گونجاوترین کەس کێیە؟ پێویستە زیاتر گوێ بدەمە قسەی کێ و لەگەڵ کێ دەست لەناو دەست کار بکەم؟

سێیەم، گرنگترین کار چیە؟ کام کار لەوی دی پێشتر ئەنجام بدەم باشترە...

زاناکە سەرەڕای ئەوەی گوێی هەڵخستبوو بۆ قسەکانی پادشا، بەڵام وەڵامی نەدایەوە. تفێکی کردە ناو دەستی و ناولەپی لە یەك هەڵسوو و پاچەکەی گرتەوە دەست و درێژەی بە کارەکەی دا. پادشا پێی وت:

- جەنابت هیلاك بوویت، پاچەکە بدە بە من، با کەمێك هەڵکەنم.

داناکە لە وەڵامدا:

- سوپاس، لەشت ساغ بێت.

ئەمەی وت و پاچەکەی دایە دەستی.

پادشا دوو، سێ پاچی وەشاند و دیسان پرسیارەکانی لێ دووبارە کردەوە.

زاناكە ئەمجارەش وەڵامی نەدایەوە و هەستایە سەرپێ، دەستی بۆ پاچەكە كێشا وتی:
- ئێستا تۆ پشوویەك بدە با من هەڵی بكەنم.
بەڵام پادشا نەیدایەوە و بەردەوام بوو لەسەر كارەكەی. بەمجۆرە كاتژمێرێك تێپەری، كاتژمێرێكی تر... كات زۆر درەنگی كردبوو، تیشكی خۆر وردەوردە لەنێوان گەڵای درەختەكاندا بزر دەبوو.
پادشا تۆزێكی تر پاچی وەشاند، لە كۆتاییدا كەوتە سەر زەوی:
- ئەی زانا، بۆ وەرگرتنی وەڵامی پرسیارەكانم هاتوومەتە لات، ئەگەر وەڵامم نادەیتەوە، با من بڕۆمەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووم.
زاناكە، بە دەستی ئیشارەتی كرد، وتی:
- سەیركە، كەسێك بەڕاكردن بەرەو ئێرە دێت، دەبێت كێ بێت؟ با بزانین كێیە.
كە پادشا تەماشای كرد، بینی كەسێك بەڕاكردن لە دوورەوە ڕاست بەرەو ئەمان دێت. كابرا دەستی گرتبوو بە زگیەوە، خوێنی لێ دەچۆڕا. كە گەیشتە لای پادشا، چاوی تێبری، لەپڕ لە هۆش خۆی چوو و كەوتە سەر زەوی.
زاناكە و پادشا جلەكانی غەریبەكەیان لابرد، برینێكی زۆر گەورە و قووڵ لە زگیدا هەبوو. پادشا ئەوەندەی لێی دەزانی برینەكەی پاكژ كردەوە بە دەستەسڕەكەی خۆی و خاولی زاناكە، سەری برینەكەی پێچا.
بەڵام هەرچی دەكرد خوێنبەربوونەكەی نەدەوەستایەوە، چەند جارێك پاشا پەڕۆ خوێناوییەكانی دەشوشت، بەڵام دیسان خەڵتانی خوێن دەبووەوە.
لە كۆتاییدا كە خوێنەكەی وەستایەوە، زامدارەكە هاتەوە هۆش و داوای ئاوی كرد.پادشا ئاوی هێناو دای بە بریندارەكە. ئەوكاتە لەبەرئەوەی ڕۆژ ئاوا بووبوو و هەوا ساردی كردبوو، بۆیە پادشا بەیارمەتی زاناكە بریندارەكەی بردە ناو كووخەكەوە و خستیانە سەر جێگە، خەوێكی قووڵی لێكەوت.
هاوكات پادشا دەرئەنجامی زەوی كێڵان و تیماركردنی بریندارەكە هێندە

هیلاك بوو، كه هەر لەبەر دەرگاكە خەوی لێكەوت.
لەو شەوە كورتەی هاویندا، پاشا بەبێ ڕاخەر و نوێن تا بەیانی بە ئارامی نووست. ڕۆژ بووەوە و هەرچی دەكرد نەیدەزانی لەكوێیە و ئەو بریندارە چاوبزەی كە زۆر بەوردی تەماشای دەكرد نەدەناسییەوە.
كابرای بریندار كە بینی پادشا بەخەبەر هاتووە و سەیری ئەم دەكات، بە دەنگێكی لەرزۆك وتی:
- لێم خۆش دەبیت؟
پادشا لە وەڵامدا:
- چی بووە تا لێت خۆش ببم؟ خۆ هەر ناشتناسم.
- جەنابت من ناناسی، بەڵام من ئێوە دەناسم.ئێوە فەرمانی لەسێدارەدانی براكەمتان دەركرد و هەموو ماڵ و سامانەكەشیتان برد. منیش نەزرم كردبوو تۆڵەتان لێ بستێنمەوە. بەوەم زانیبوو كە بەتەنیا دەچن بۆ لای زاناكە، بۆیە بریارم دا كە گەڕایتەوە بتكوژم، بەڵام لەبەرئەوەی بەدرێژایی ڕۆژ نەگەڕایتەوە ناچار لە حەشارگەكە هاتمە دەرەوە و دەستم كرد بە گەڕان بەدواتدا. كە دەهاتم لە ڕێگا تووشی قافڵەی پاسەوانەكان بووم، منیان ناسیەوە و برینداریان كردم. توانیم لەدەستیان دەربچم، بەڵام لەبەر سەختی برینەكەم نەمتوانی لەوە زیاتر بڕۆم. ئەگەر ئێوە برینەكەتان نەپێچایە، خوێنم تێدا نەدەما و دەمردم.من ویستم ئێوە بكوژم، بەڵام ئێوە ژیانی منتان ڕزگار كرد. ئەگەر لە ژیاندا مامەوە و ئێوە ڕازی بن دەبم بە ڕاستگۆترین بەندەی جەنابت و خزمەتتان دەكەم. فەرمان بە نەوەكانیشم دەدەم كە هەمان كار بكەن. لێم خۆش ببە.
پادشا زۆر دڵخۆش بوو بەوەی لەگەڵ دوژمنەكەیدا بەو ئاسانییە ئاشتبۆتەوە و بووە بە دۆستی. هەر بەوەوە نەوەستا لێی خۆش بێت، بەڵكو بڕیاری دا هەموو سامانی براكەی بۆ بگەڕێنێتەوە، بۆ خزمەتكردن و چاكبوونەوەشی لە باشترین خزمەتكارەكانی خۆی بۆ دابین بكات.
پادشا داوای یارمەتی لە بریندارەكە كرد و خواحافیزی لێ كرد، بۆ بینینی زاناكە چووە ناو باخچەكە، ویستی بەرلەوەی بەجێیان بهێڵێت، بۆ دواجار

پرسیارەکانی لێ بکاتەوە و وەڵامەکەی وەربگرێت. زاناکە سەرقاڵی تۆو وەشاندنی ئەو باخچە کێڵراوە بوو کە دوێنێ ئامادەیان دەکرد.
پادشا لێی نزیك بووەوە و وتی:
- ئەی زانا.. بۆ دواجار داوات لێ دەکەم وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە.
زاناکە لەسەر پووزە لاوازەکانی چیچکەی کرد، سەری هەڵبڕی و چاوێکی لەپادشا کرد:
- خۆ تۆ وەڵامی خۆتت وەرگرتووە.
پاشا سەری سوڕما و پرسی:
- ئاخر چۆن؟ کام وەڵامە؟ دەتەوێت بڵێی چی؟
زاناکە:
- ئێستاش تێناگەی؟ دوێنێ ئەگەر بەزەیت بە لاوازی مندا نەهاتایەتەوە و زەویەکەت بۆ نەکێڵمایە، دەگەڕایتەوە و لە ڕێگا ئەو کابرایە بە ڕووتدا هەڵدەشاخا، ئەوکات پەشیمان دەبوویتەوە لەوەی کە لەلای من نەماویتەوە. واتە ئەو کاتەی زەویەکەت تێدا هەڵدەکەند بۆ تۆ گرنگترین کات بوو، هەر لەبەرئەوە گرنگترین کەس بۆ تۆ من بووم، وە گرنگترین کاریش یارمەتیدانی من بوو.
دواتر، کە برینندارەکە ڕووی لە ئێمە کرد گونجاوترین کات ئەو کاتە بوو کە چارەسەرت کرد، چونکە ئەگەر تۆ برینی کابرات نەپێچایە بەبێئەوەی ئاشت ببنەوە دەمرد. کەواتە گرنگترین کەس ئەو بوو، گرنگترین کاریش چارەسەرکردنی ئەو بوو.
هەرگیز ئەوە لەیاد نەکەیت کە: تەنها کاتێکی گرنگ هەیە، ئەویش "ئێستا" یە، چونکە تەنها لەو کاتەی تێیداین قسەمان دەڕوات.
گرنگترین کەس بۆ مرۆڤ ئەو کەسەیە لەو کاتەی تێیدایە دەبینێت و لەگەڵیدایە، ئەو کەسەی ئێستا لەگەڵماندایە، چونکە هیچ کەسێك نازانێت ڕۆژێك کاری دەکەوێتە کەسێکی تر، یان نا.
گرنگترین کاریش چاکەکردنە بەرامبەر ئەو کەسەی لەو کاتەدا ڕووبەڕووی دەبیتەوە، چونکە ئامانج لە ناردنی مرۆڤ بۆ دونیا تەنها چاکەکردنە...

# ئاغا و خزمەتکار

## ١

ساڵی (١٨٧٠)یە، بەڕێوەبەری کەنیسە، ڤاسیلی ئاندێچ برینۆڤ (بازرگانێکی پلە دوو بوو). پاش تەواوبوونی ئاهەنگەکە ئەوێی بەجێهێشت و بە کارە تایبەتییەکانی کەنیسەوە سەرقاڵ بوو، دواتریش لە ماڵەوە خزم و دۆستانی بەخێر هێنا و میوانداری کردن.

هەر ئەوەندەی دوامیوانەکان ڕۆیشتن، بیری لە ئامادەکاری ڕێگا کردەوە. دەیویست لە گوندێکی نزیکی خۆیان کێڵگەیەك ـ پێشتر نرخەکەیان براندبووەوە ـ لە خاوەن زەوییەك، بەرلەوەی کەسی تر دەستی پێ بگات بکڕێت. بەگوێرەی ئەو دەنگوباسانەی پێی گەیشتبوو، بازرگانەکانی کەرەستەی دارتاشی شار چاویان بڕیبووە ئەو دارستانە. ڤاسیلی خۆی مەڵاس دابوو  بە حەوت هەزار ڕوپیە لەژێر چنگی دەری بهێنێت، بەڵام خاوەنەکەی داوای دە هەزاری دەکرد. لەڕاستیدا حەوت هەزار ڕوپیە دەیکردە تەنها سێ یەکی نرخی دارستانەکە. لەگەڵ ئەمەشدا  ڤاسیلی باوەڕی وابوو دەتوانێت لەو نرخەش شتێکی لێ دابشکێنێت، چونکە باخەکە لە تەنیشت زەوییەکانی خۆیەوە بوو، بەپێی ئەو بەڵێننامەیەی لەنێوان بازرگانەکانی ناوچەکەدا هەبووـ کەسیان بۆیان نەبوو بە زیادکردنی نرخ، موڵکێك کە لە نزیك زەویی ئەوی دیەوە بێت بکڕێت ـ، بەڵام لە ترسی ئەوەی بازرگانەکانی کەرەستەی دارتاشیی شار بەر لەم دەستیان

پێ بگات، سەرەڕای باوبۆرانێکی گەلێك تووند بڕیاری دا بەرەو گوندی (گۆریاچکینۆ) بەڕێ بکەوێت.
بۆیە هەر کە میوانەکان ماڵئاواییان کرد، قاسەکەی کردەوە، حەوت هەزار ڕوپیەی دەرهێنا، لە قاسەی کەنیسەکەش دوو هەزار و سێ سەد ڕوپیەی تری دەرهێنا و بەوردی دەستی بە ژماردنی کرد، پاشان پێداویستییەکانی ڕێگای ئامادە کرد.
لەبەرئەوەی تەنها کەسێك ئەو ڕۆژە مەست نەبوو، نیکیتا بوو، ئەو درووشگەکەی بۆ ئامادە کرد. هۆکاری مەستنەبوونیشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە پەیمانی بە ڤاسیلیی گەورەی دابوو. پێشتر هێندە گیرۆدەی مەی بوو کە جلوبەرگەکانی، تەنانەت جزمەکانیشی لەپێناویدا فرۆشتبوو. سەرئەنجام لە ڕۆژی پارێزی مەزندا تۆبەی لە مەیخواردنەوە کرد. دوو مانگ بوو قومێکیشی نەخواردبووەوە، تا ئەو ڕادەیەی لەم ڕۆژی قرغزەدا "مەی وەك ئاو زۆر بوو" بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بوو، نەینۆشی.
نیکیتا خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی ئەو دەڤەرە بوو. زۆربەی تەمەنی خۆی لە خزمەتکاری کەسانی تر بەسەربردبوو، هەژار و بێلانە، لەم دونیا فراوانەدا تەنها درەختێکیشی شك نەدەبرد، تەمەنی لە پەنجاکاندا بوو. خزمەتکارێك بوو کە هەموو کەسێك خوازیار بوو لای خۆی کار بکات، بەهۆی ئەوەی کە ئیشکەر و بەهێز بوو، بە دڵسۆزی کارەکانی ئەنجام دەدا، لە هەمووشی گرنگتر ڕەوشتبەرز و گونجاو بوو لەگەڵ هەموو کەسێکدا...
بەڵام دەڵێی چی، ساڵی چەند جارێك زۆر خراپ مەست دەبوو، چی لە دەستیدا هەبوو دەیفرۆشت. خراپتر لەمەش، چونکە لەو کاتانەدا شەڕانی و بزێو بوو، لە هیچ شوێنێك زۆری نەدەخایەند، دەردەکرا.
ڤاسیلیش چەند جارێك وەدەری نابوو، بەڵام لەبەر ئیشکەری، ڕاستگۆیی، چاودێریی باشی نیکیتا بۆ ئاژەڵەکان، لەسەروو هەمووشیانەوە کارکردنی بە پارەیەکی زۆر کەم، دووبارە وەریگرتەوە. لەکاتێکدا کرێی نۆکەرێکی ئاوا (٨٠) ڕوپیە بوو، بەڵام ئەم تەنها (٤٠) ڕوپیەی دەدا بە نیکیتا. برێك لەو پارەیە لەبری ئەو کاڵایانەی دووکانەکەی کە بە نرخی بەرز بە نیکیتای

دەفرۆشت، هەڵدەگرتەوە، ئەوی تریشی بەش بەش پێدەدا...
نیکیتا هاوسەرێکی جوان و بەجەرگ و گونجاوی بەناوی مارفا هەبوو، لەو ساڵانەی ڕابردوودا هەموو ڕەنگ و بۆی لەدەست دابوو، لەگەڵ کوڕە گەورەکەی و دوو کچەکەیدا ماڵەکەیان بەڕێوە دەبرد. لەوەی کە مێردەکەی لایان نەبوو، دڵگران نەدەبوو. کە لەسەر خۆی دەبوو، نیکیتای لەسەر یەك پەنجە هەڵدەسووڕاند و هەموو کارێکی پێ دەکرد، بەڵام کە سەرخۆش دەبوو هێندەی شەیتانێك لێی دەترسا. ڕۆژێکیان نیکیتا لە ماڵەوە زۆر بە خراپی سەرخۆش بوو، تەورێکی گرت بەدەستیەوە، دۆڵابی جلەکانی ژنەکەی شکاند، هەرچی جلوبەرگی هەبوو، تەنوورەکانی، هەمووی پارچەپارچە کرد، لەبەرئەمە، مارفا ڕێگەی نەدا جارێکی تر سەربکاتەوە بە ماڵەکەدا.
نیکیتا هەرچیەکی پەیدا دەکرد، دەدرا بە ژنەکەی و بۆی نەبوو هیچ ڕەخنەیەکیش بگرێت. ئەم جارەیان ئیدی ئاوا بوو. دوو ڕۆژ پێش جەژن، مارفا چوو بۆ دووکانەکەی ڤاسیلی بۆ شمەککرین. بایی سێ ڕوپیە چا، شەکر و ئاردی کڕی. ڤاسیلی لەسەر ئەمانەوە وەك وەفایەك بۆ زەحمەتکێشانی خزمەتکارەکەی پێنج ڕوپیەی تری پێدا. نیکیتاش کە زانی بیست ڕوپیە وەردەگرێت، زۆر سوپاسی دلۆڤانی ڤاسیلی کرد، ڤاسیلی بە نیکیتای وت:
- لەنێوانماندا داوا نییە، وانییە؟ چیت پێویست بوو وەرە بیبە، دەینووسم، دواتر کار دەکەیت و دەیدەیتەوە. ئێمە وەك خەڵکی تر سزای کەس نادەین. بزانە ئێمە کەسانی دروستین، هەتا ئەو کاتەی تۆ خزمەتی من بکەیت منیش دەستت لێ بەرنادەم.
ڤاسیلی باوەڕی وابوو کە بەم قسانەی بەڕاستی چاکەی لەگەڵ نۆکەرەکەیدا کردووە، پێی وابوو هەر کەسێکی وەك نیکیتا لای کار بکات منەتبارییەتی و هەموو خزمەتکارەکان کەوتوونەتە نازو نیعمەتەوە، بەڵام جگە لە خۆی، کەس ئەمەی پێ ڕاست نەبوو.
نیکیتاش لەبەرامبەر قسەکانیدا:

- هەموو ئەمانە تێدەگەم، بەڵام منیش هەروەکو باوکم ڕەنج دەدەم، کەمتەرخەمی لە خزمەتکردندا ناکەم.
نیکیتا لەگەڵ ئەوەی وەك ڕۆژی ڕووناك دەیزانی هەڵیدەخەڵەتێنێت، بەڵام باوەڕی وابوو کە دەبێت پاك بێت لەگەڵیدا، بۆیە بڕیاری دا تا ئەوەندەی کارێکی باشتر دەدۆزێتەوە بە هەموو شتێك ڕازی بێت.
نیکیتا کە گوێی لە فەرمانی ئاغاکەی بوو، بۆ ئامادەکردنی ئەسپ و عەرەبانەکە، وەك هەمیشە بە دڵسۆزییەوە، بە هەرەتاو بەرەو تەویلەکە چوو. کۆپانە گوڵنگدارەکە، بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، لێی کردەوە، زەنگۆڵەکانی لەراندەوە، بەرەو دەرگا داخراوەکە ملی نا. ئەسپە قاوەییە، بەرزە، خاڵاوییەکە کە نیکیتای چاو پێکەوت، وەك ئەوەی سیَوی لێ بکات حیلاندی، وەستانی ئەسپەکە لەوێدا بە تەنیا هەستی نیکیتای بزواند.
- چیە ناسین، بێتاقەت بوویت (ئەحواڵی پرسی)، با بتبەمە دەرەوە کەمێك غار بدە، بەڵام لەپێشدا با جوان ئاوت بدەم.
نیکیتا بەشێوەیەك قسەی لەگەڵ دەکرد کە مرۆڤێك بێت و لە هەموو شتێك تێبگات. بە لێواری بەروانکەکەی سەر پشتە ئەستوورەکەی تەکاند. پاشان ڕشوەکەی گرت و بردی بۆ ئاودان. ئەسپەکە هەر ئەوەندەی لە تەویلە پڕ خاشاکەکە هاتە دەرەوە ئاهێکی بەبەردا هات. هەروەك چۆن بیەوێت لە نیکیتا بدات ـ کە لەگەڵیدا بەرەو نافوورەکە ڕایدەکرد ـ دوو سێ جووتەی هاویشت. نۆکەر دەیزانی ئەو جووتانە نەك بە تووڕەیی، بەڵکو یاری لەگەڵ دەکات، بۆیە هەمیشە حەزی لەو جۆرە یاریانە دەکرد. وتی:
- لێدە هاروهاج لێدە...
ئەسپەکە تینوو تینوو لە ئاوە ساردەکەی دەخواردەوە، ئاو و لیك تێکەڵ بووبوو، بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە، لەم کاتەدا وەك ئەوەی بیر لە شتێك بکاتەوە ڕەپ وەستابوو. پاشان پژمەیەکی بۆ کرد.
نیکیتا:
- تەواو، ناخۆیتەوە؟ دوایی ئاوخواردنەوە نییە؟ تێدەگەیت؟
ئەمانەی وت و دەرپەڕییە دەرەوە.

ئاژەڵەکە سمەکوتەی دەکرد، ئەو ناوەی دابوو بەیەکدا. خزمەتکارەکان هیچیان لە حەوشەکەدا نەبوون. تەنها مێردی ژنە چێشتلێنەرەکەی ـ لە دەرەوە هاتبووەوە، بۆ جەژن ـ لەوێ بوو.

- ئەهای برادەر، برۆ بە بازرگانی بەڕێز بڵێ ئەسپەکە لە گالیسکە بچووکەکە یا گەورەکە ببەستم.

مێردی چێشتلێنەرەکە چووە ژوورەوە، خانووەکە لەسەر بنچینەی بەرز دروست کرابوو، سەربانەکەشی بە سەقفێکی ئاسنین گیرابوو. دوای کەمێك، فەرمانی بەستنی گالیسکە بچووکەکەی هێنا. لەو کاتەدا نیکیتا رشوەی ئەسپەکەی دەبەست و زینە تەرەقەدارەکەی جێگیر کرد، رشوەی ئەسپەکەی بەدەستەوە بوو بەرەو عەمباری گالیسکەکان رایکێشا.

- باشە، مادام بچووکەکەی دەوێت با بیبەستین. ئەمەی وت و ئەمجارەشیان هەروەك پێشووتر دەتوت بزمارەکان دەچەقن بە جەستەی خۆیدا، ئەسپە ژیرەکەی خستە نێوان هەردوو تەختەی گالیسکەکەوە.

کە هەموو شتێك ئامادە بوو، ئەمجا نۆرەی لغاوەکان هات، نیکیتا مێردی چێشتلێنەرەکەی نارد بۆ عەمبارەکە تاکو هەندێك کا، پێستە و بەن بهێنێت. بێ گوێدانە هاروهاجی ئەسپەکە و جووڵەجووڵکردنی گالیسکەکە، نیکیتا بەجوانی کا و پووشوپەڵاشەکەی تێدا راخست. ئینجا پێستەی بزنەکەی بەسەر کایەکەدا راخست و پێستەکانی تریش بەسەر ئەوانی تردا، بۆ گەرمراگرتنی ئاژەڵەکەش پۆشەرێکی دا بەسەریدا. لایکردەوە بەلای مێردی چێشتلێنەرەکەداو وتی:

- سوپاس برادەر، هێزو توانا بە یەکگرتن لەدایك دەبێت، دەڵێن (تەنها پەنجەیەك هیچی پێ ناکرێت، کە کردت بە پێنج کێ بەرگەی دەگرێت)، بروانە خێرا کارەکەمان تەواو کرد.

ئەسپ و عەرەبانە ئامادەی رۆیشتن بوون، بەرەو دەرگای حەوشەکە رێکەوتن، بەسەر پەینە بەستووەکاندا هەنگاویان دەنا. منداڵێکی پاڵتۆ رەش، جووتێك جزمەی تازەی پێستەی بزنی لەپێدا بوو، کێوێکی خووری لەسەردا بوو، تەمەنی حەوتساڵێك دەبوو، هاتە دەرەوە و راست بەرەو

گالیسکەکە ڕایکرد.
هاواری لێ کرد:
- ئەهای مامە نیکیتا، لەلایەکەوە هەوڵی داخستنی قۆپچەی پاڵتۆکەی دەدا، لەلایەکی تریشەوە لە نیکیتا دەپاڕایەوە سواری عەرەبانەکەی بکات.
خزمەتکار گالیسکەکەی وەستاند.
- یەڵێ  بچکۆلانەکەم ڕاکە. ئەمەی وت و کوڕی ئاغاکەی سوار کرد کە منداڵێکی لاواز و زەردهەڵگەڕاو بوو، دەتوت جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە.
کاتێك کەوتنەڕێ، کاتژمێر سێ بووبوو، بەرامبەر ئارامی ناو حەوشەکە، فیکەفیکی ڕەشەباکە کۆلانەکەی هەراسان کردبوو، بەفرەکەی وەکو کا لەملاوە بۆ ئەولا دەهێنا و دەبرد، سەرماکە مرۆڤی سڕ دەکرد، پلەی گەرمی دە پلە لەژێر سفرەوە بوو، ئاسمان بە هەورێکی تاریك و پەژاراوی تەنرابوو، لەولاشەوە  چلوورە بە گوێسەبانی ماڵەکاندا شۆڕ بووبووەوە.
نیکیتا هێشتا گالیسکەکەی نەبردبووە دەرەوە کە ڤاسیلی بە خۆی و جگەرەکەی لادەمییەوە بینی. ئاغا پاڵتۆیەکی ئەستووری پێستەی مەڕی لەبەردا بوو، بەفر لەژێر جزمەکانیدا قرچەی دەهات. ڤاسیلی نەفەسێکی تری هەڵمژی و سەری جگەرەکەی فڕێدایە سەر زەوییەکە و بە قاچی پانی کردەوە. ئەو دووکەڵەی هەڵی مژیبوو لەنێوان مووەکانی سمێڵییەوە دەریکردە دەرەوە و بە لاچاوێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە سەرنجێکی گالیسکەکەی دا، ئەو کاتە هەستی بە کوڕەکەی کرد لەسەر گالیسکەکەیە، بزەیەکی کرد و وتی:
- ئەی هاروهاج ! سەیرکە چۆن بۆ ئەو چەقاوەسووە ئامادە کراوە.
ڤاسیلی لەرادەبەدەر کەیفخۆش بوو، بەو سەرخۆشییەی کە لە ئەنجامی خواردنەوەی مەی لەگەڵ میوانەکانیدا گرتبووی. هەر شتێکی عاید بە خۆی ببووایە شانازی پێوە دەکرد. کە ڤاریسیمی کوڕی لەوێدا چاوپێکەوت، چاوی کز کرد و ددانەکانی دەرخست و پێکەنی.

لەژێر ئەو ملپێچەی کە شان و ملی پێ داپۆشیبوو، تەنیا چاوی بەدەرەوە بوو، خاتوونیماڵەکە لەڕو لاواز و سکپڕ بوو، بۆ بەڕێکردنی مێردەکەی هاتبووە دەرەوە. لەدوای ڤاسیلیەوە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە هاتە قسەکردن:

- باشتر وایە نیکیتاش لەگەڵ خۆت بەری.

ئەم پێشنیارەی ژنەکەی پێخۆش نەبوو، برۆکانی هێنایەوە یەك و تفێکی لە زەوی کرد.

ئەم جارەیان خێزانەکەی لێی پاڕایەوە:

- بە پارەوە دەڕۆیت، سەرەڕای ئەوەش تەماشای هەوا بکە، خەریکە گەردەلوول هەڵدەکات.

ڤاسیلی هەروەك چۆن هەمیشە لەگەڵ مشتەرییەکانیدا لەکاتی قسەکردندا لەژێر لێوەوە وشەکانی دەدا بەسەر یەکداو وەڵامی دایەوە:

- ئەڵێی ڕێگەکە شارەزا نیم! یەعنی پێویستم بە ڕێبەر هەیە.

خاتوون تۆزێك ملپێچەکەی تووند کردەوە و وتی:

- تکات لێ دەکەم، بۆ خاتری خودا، نیکیتاش لەگەڵ خۆت ببە، زۆر دوودڵم.

- ئاە ! وەك بنێشت پێمەوە نووسایت، ئەم کابرایە لەگەڵ خۆم ببەم چی لێ بکەم؟

نیکیتا گوێی لەم مشتومڕە بوو.

- من ئامادەم بێم گەورەم.

ئەمەی وت و ئاوری دایەوە بەلای خاتوونەکەیدا و وتی:

- کە من لێرە نەبووم، ئاژەڵەکانی ناو گەوڕەکە بەبێ خۆراك مەهێڵنەوە.

خاتوون:

- خۆم بە سیمۆن دەڵێم، ئەو کارەکان دەکات، تۆ خەمت نەبێت.

نیکیتا چاوەڕێی فەرمانی گەورەکەی بوو، بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە پرسی:

- من بێم، گەورەم؟

ڤاسیلی چاوێکی لە پانتۆڵی خزمەتکارەکەی کرد کە چەند ساڵ بوو لەپێی دەکرد و ڕزیوو و لە چەند لاوە دڕاو و قووڕاوی بوو.

- باشە چی بکەین؟ پیاو دەبێت گوێ لە ژنەکەی بگرێت، مادام دەتەوێت بێیت، بڕۆ شتێکی ئەستوور کە لە سەرما بتپارێزێت لەبەر بکە.

نیکیتا مێردی چێشتلێنەرەکەی بانگ کرد:

- دۆستەکەم، ئەم ئەسپە بگرە، خێرا.

منداڵە بچووکەکە:

- من دەمەوێت بیگرم.

ئەمەی وت و دەستە سەرمابردووەکانی لە گیرفانی دەرهێنا و ڕشو ساردوسرەکەی گرت.

ڤاسیلی بە گاڵتەجارییەکەوە بە نیکیتای وت:

- زۆر خۆت خەریك مەکە، خێراکە، کاتمان نییە.

- هەر ئێستا دێم.

وەڵامی دایەوە و خۆی کرد بە ژووری خزمەتکارەکاندا.

نیکیتا چووە ژوورەوە و کەمەربەندەکەی کە بە بزمارێکەوە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو لێ کردەوە و بە ژنە چێشتلێنەرەکەی وت:

- ئارینا گیان، خێرا ئەو پاڵتۆیەم بدەرێ کە لەلای زۆپاکەیە، وشك بۆتەوە. لەگەڵ ئاغادا دەچینە دەرەوە با دوای نەخەین.

تازە لەخەوی نیوەڕۆ هەستا بوو، چاوی بە خەوەوە بوو، سەماوەرەکەی بۆ مێردەکەی گڕ دابوو، بزەیەکی بەرامبەر نیکیتا کرد. ژنەی چێشلێنەر شڵەژابوو، خێرا پاڵتۆکەی هێناو دایە دەستی. خزمەتکار بە هەستبەرزی و نەزاکەتەوە وتی:

- ئێ، کەواتە ئەمڕۆ خۆش ڕادەبوێریت، گەشت و گەڕان خۆشە.

نیکیتا، ورگە لەبرسا بە قوتاچووەکەی تۆزێکی تر بردە ناوەوە و کەمەربەندە کۆنەکەی لەسەر پاڵتۆ شڕۆڵەکەیەوە بەست بە ناوقەدیەوە.

ئەمجارە لەبری ژنە چێشتلێنەرەکە لەگەڵ کەمەربەندەکەیدا کەوتە قسە:

- ها! ئاوا، ئێستا باشترە. بزانم جارێکی تر دەکرێیتەوە.
بۆئەوەی قۆڵەکانی سەربەست بێت، شانێکی بۆ هەڵتەکاند. بۆ ئاسان جموجووڵکردن بەلای ڕاست و چەپدا لەقەیەکی بۆ کرد. دەستکێشە یەك پەنجەکەی هەڵگرت و
- ئێستا چاکە، (وتی).
چێشتلێنەر پێی وت:
- نیکیتا جزمەکانیشت بگۆڕیایە، ئەوانەی پێت تا بڵێی کۆن بوون.
نیکیتا وەك لەپڕ شتێك بە مێشکیدا هاتبێت، ڕاوەستا، بیری دەکردەوە:
- بەڵێ، وا باشتر بوو. لەم هەوا ساردەدا لەوانەیە سەرمام ببێت، بەڵام خۆ ئەو شوێنەی بۆی دەچین هێندەش دوور نییە.
پاشان بەپەلە بەرەو باخچەکە ڕۆیشت، کە گەیشتە لای گالیسکەکە خاتوون پێی وت:
- نیکیتا ئاوا سەرمات نابێت؟
- سەرمای چی، هەوا زۆر خۆشە. کە سواری عەرەبانەکە بووم قاچەکانم بە کا دادەپۆشم.
ئەمەی وت و قامچییەکە ـ هەرچەن بۆ ئەسپێکی وەها ژیر پێویستی نەدەکرد ـ لەژێر پووش و پەلاشەکەدا شاردەوە.
گەورەی ماڵەکە لە زووەوە سواری گالیسکەکە بووبوو. بە خۆی و پاڵتۆیەك سەر یەکەکانی دوای عەرەبانەکەیان بەتەواوی داگیر کردبوو، کە نیوەی داپۆشرابوو.
لەپڕێکدا ڕشوەکانی بەدەستەوە گرت و ئەسپەکەی خستەڕێ. نیکیتا پاش وەڕێکەوتنی گالیسکەکە خۆی خستە لای چەپەوە، قاچێکی شۆڕ کردەوە، قاچەکەی تریشی خستە ژێر خۆی.

## ٢

گالیسکەکە کەوتەڕێ، ڕێگە بەستووە سەهۆڵبەندانەکەش لەژێر چەرخەکانی گالیسکەکەدا جیڕەیان لێوە دەهات، شۆڕە ئەسپیش هەر بەرەو پێشەوە هەڵپەی دەکرد.

لەم کاتەدا ڤاسیلی بینی، کە ڤاریسی توونت خۆی بەدوای عەرەبانەکەوە هەڵواسیوە، بە ڕوویەکی خۆش پێی وت:

- تۆ چی دەکەیت لەوێدا؟ بڕۆ بۆ لای دایکت بزانم. نیکیتا ئەو قامچیەم بدەرێ، ئێستا نیشانت دەدەم.

کە منداڵەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە، خێرایی ئەسپەکەش زیادی کرد، هەنگاوی خێراتر و فراوانتری هەڵدەهێنا.

گوندی کرێستی بە هەموویەوە شەش ماڵی تێدا بوو. هەر ئەوەندەی لە ماڵی ئاسنگەرەکە، کە کۆتا ماڵ بوو، دەرچوون و دەرنەچوون، هەستیان کرد ڕەشەباکە توندتر بووە. ڕێگاکان لەژێر بەفرەکەدا مابوونەوە و بەهیچ جۆرێك دیار نەمابوون، ئەو هێڵەنەی ئەسکەلەی عەرەبانەکە دەیکێشا، هەر زوو بە بەفرە باهاوردەکە دادەپۆشران. ڕێگا سەرەکییەکە لەبەرئەوەی بەرزتر بوو، جیا دەکرایەوە.

گەردەلوولی بەفر لەسەر کێڵگەکان هەڵبەز و دابەزی بوو، نەدەزانرا زەوی و ئاسمان لەکوێوە دەست پێدەکات و لەکوێ کۆتایی دێت. بەشێوەیەك دارستانی تۆلیاتین کە هەمیشە دیار و قەشەنگ بوو، ئێستا هەروەك تارماییەك دەهاتە بەرچاو. ڕەشەباکە لەلای چەپەوە دەهات و یاڵ و کلکە تووکنەکەی شۆڕە ئەسپی شێوەی کۆلارەی منداڵان بەرەو لای ڕاست هەڵدەفراند. لەولاشەوە ڕاستەوخۆ دەیکێشا بە یەخەی دادڕاو و دەم و لووتی نیکیتادا.

ڤاسیلیش شانازی بە ئاژەڵەکەوە دەکرد، ستایشی دەکرد:

- لەبەر باوبۆرانەکە ئاژەڵەکە بە ڕەوتی ئاسایی خۆی ناڕوات. جارێکیان هەر بەم ئەسپە بە نیو سەعات گەیشتمە (پاشوتینۆ).

نیکیتا باش گوێی لە وتەی ئاغاکەی نەبوو پرسی:
- چیتان فەرموو قوربان؟
- دەڵێم بە نیو سەعات گەیاندمیە پاشوتینۆ.
- قسە لە پاڵەوانێتیی ئەسپەکەدا نییە، بێ وێنەیە.
لەپڕێکدا بێدەنگ بوون. بەڵام ڤاسیلی دەیویست زیاتر قسە بکات. لای وابوو خزمەتکارەکەی ئارەزوومەندی قسەکردنە لەگەڵ کەسێکی گرنگی وەک ئەودا.
- ئێ...ئەسپێك دەکڕین بۆ بەهار.
بەم پرسیارە مەسەلەی تری کردەوە.
خزمەتکار یەخەکەی هێنایە خوارەوە و وەڵامی گەورەکەی دایەوە:
- ناچارین بیکڕین، کورەکە گەورە بووە، دەبێت ئیتر زەوی بکێڵێت.
تەماعی قازانج ڤاسیلی هەڵدەنا.
- ئەگەر وایە، تۆ ئەمەمان لێ بکڕەرەوە، بە هەرزان پێت دەدەم.
نیکیتا ئەوەی دەزانی کە ئەسپە پیرەی ئاغا، خۆیشی بکوژێت حەوت ڕوپیە زیاتر ناکات، بەڵام بەلایەنی کەمەوە داوای بیست و پێنج ڕوپیە لەم دەکات، شەش مانگ بەرامبەر زگتێرکردنێك، ئیشی پێ دەکات، بۆیە پێی وت:
- قوربان، ئێوە پانزە ڕوپیە بدەن بە من، دەڕۆم لە مەیدانی ئاژەڵەکان ئەسپێکی باش دەکڕم.
ڤاسیلی بە خۆی و وتە چاوبەستکەرەکانییەوە کە لەکاتی کڕین و فرۆشتندا بەکاری دەهێنا وتی:
- ئەسپێکی زۆر باشە، ئێجگار بۆ ئێوە گونجاوە. شیری دایکم لێ حەرام بێت، ئەگەر درۆت لەگەڵ بکەم. من کەسێکی بەویژدانم، مافی هیچ کەسێك ناخۆم. چاکەی تۆم دەوێت، تەنانەت بە زەرەریش پێت دەفرۆشم! قەیناکە با من زەرەر بکەم. دوای خۆی کەڵەکە.
نیکیتا کە تێگەیشت لەوەی لە قسەکانی گەورەکەیدا شتێك نەماوە شیاوی گوێگرتن بێت، ئاهێکی هەڵکێشا:

- بەڵێ وایە، هیچ گومانی تێدا نییە...
ئەمەی وت یەخەکەی بەرز کردەوە و سەروملی بەتەواوی داپۆشی.
بەمجۆرە بەبێئەوەی دەنگیان لێوە بێت نیو کاتژمێر تێپەڕی. لەلای قۆڵەکەیەوە سەر دەستی پاڵتۆکەی درابوو، خزمەتکاری بێچارە کرژ بووبوو، دەمی داخراو، لەناو یەخەکەیەوە هەوڵی دەدا هەناسە بدات، بەڵام هێشتا ئەمە بە سەرمابوون نەدەژمێردرا.
ڤاسیلی وتی:
- لە کارامیۆڤەوە بڕۆین، یاخود قەدبڕی بکەین باشە.
ئەو ڕێگەیەی لە کارامیۆڤەوە دەگەڕێتەوە دوورودرێژە، بەڵام خۆشترو دڵنیاترە. لە هەردوولاوە نیشانەی ڕێگاکە هەبوو. ڕێگا ڕاستەکەی قەدبڕەکەش باش و بێوەی نەبوو. نیشانەی ڕێگاکانی شلوشێواو، دەگمەن و زۆربەشیان بە بەفر داپۆشرابوون.
نیکیتا وتی:
- کارامیۆڤ دوورە، بەڵام ڕێگاکەی سەلامەتە.
ڤاسیلی دەیویست لە ڕێگە کورتەکەیانەوە بڕوات و بەزووترین کات کارەکەی تەواو بکات:
- ڕاستەو ڕاست دەڕۆین، ئەو دۆڵە ببڕین، ئیتر تەواو، دواتریش لێمان هەڵە نابێت. هەروەها بەناو دارستانەکەدا قەدبڕ دەبێت و ڕێگەکەش خۆشە.
نیکیتا:
- خۆتان دەزانن... وەڵامی دایەوە و دیسان یەخەکەی پێچایەوە.
ڤاسیلی ئەوەی کە وتی جێبەجێی کرد. پاش نیو کاتژمێر ڕێبڕین، لەلای درەختێکی بەڕووەوە بەلای چەپدا لایان دایەوە. پاش خاڵی لادانەوەکە، ڕەشەباکە بەرەو ڕوویان دەهات و بەفرەکەشی دەکێشا بە سەروچاویاندا.
بەمجۆرە دە خولەك ڕێگەیان بڕی. خزمەتکار ماندوو بووبوو، لەبری ئەو ئاغا عەرەبانەکەی لێدەخوڕی. نیکیتا گوێی لە دەنگی گەورەکەی بوو شتێك بڵێت، لەپڕ ڕاپەڕی و، چاوی هەڵهێنا:
- قوربان چیت فەرموو؟

ڤاسیلی وەڵامی نەدایەوە. خۆی وەرچەرخاند تاکو تەماشای لای ڕاست و چەپی بکات. ئەسپەکەش خەڵتانی عارەق بووبوو، هێواش هێواش پێشڕەویی دەکرد. نیکیتا پرسی:
- شتێکت فەرموو قوربان، چی بووە؟
- کابرا، کەڕ بوویت، چیمان لێ دێت، گالیسکەیەکی لێ نییە، نیشانەکانی ڕێگاش دیار نین، ڕێگاکەمان ون کردووە. بەمە ئازاری نیکیتای دا.
نیکیتا:
- قوربان ئەگەر وایە گالیسکەکە ڕاگرە، با بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێین.
نیکیتا خێرا خۆی هاویشتە خوارەوە، قامچیەکەی لەژێر کایەکە دەرهێنا و گرتی بەدەستیەوە، بەرەو لای چەپ کەوتەڕێ، چونکە ئەم ساڵ زۆر بەفر نەبارییبوو بەئاسانی دەڕۆیشت بە ڕێگادا. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك جێگا، هەتا ئەژنۆی لە بەفردا چەقی بوو، جزمەکانی پڕ بوو لە بەفر. بە قاچ و قامچیەکەی دەستی، شوێن پێی دەکردەوە، بەڵام هەرچی دەکرد ڕێگەکەی بۆ نەدۆزرایەوە. کە گەڕایەوە، گەورەکەی لێی پرسی:
- چی بوو، بۆت نەدۆزرایەوە؟
- ئەو ناوە ڕێگەی لێ نییە، با تەماشایەکی ئێرەش بکەم.
- لەپێشمانەوە هەندێك تارمایی دیارە، برۆ بزانە چییە.
خزمەتکارەکە بەرەو تارمایەکە چوو. تارماییەکان کێڵگە ڕووتەڵەی دەغڵی زستانە بوون. ڕەشەبا خاك و خۆڵی هێنابوو بەسەر بەفرەکەدا و تۆخی کردبوونەوە. پاش کەمێك گەڕان، هاتەوە بۆ لای گالیسکەکە. سەروچاوە بە بەفر داپۆشراوەکەی سڕی، جزمەکانی تەکاند، بەشێوەیەك فەرمان بکات، وتی:
- دەبێت بەرەو لای ڕاست بڕۆین، ئاراستەی با لای چەپمانەوە بوو، بەڵام ئێستا ئیتر بەپێچەوانەوەیە، گالیسکەکە وەرچەرخێنە بۆ لای ڕاست.
ئاغا فەرمانی خزمەتکارەکەی جێبەجێ کرد و ڕووی کردە لای ڕاست. ماوەیەك بەم شێوەیە ڕۆیشتن، بەڵام هیچ نیشانەیەکی ڕێگەیان بەرچاو نەکەوت. ڕەشەباکە نەیدەخست. بەفربارینیش پێداگری دەکرد.

خزمەتكار وەك ئەم دیاردەی پێخۆش بێت:
- گەورەم، وابزانم زۆر خراپ ڕێگەكەمان بزر كردووە.
پاشان دەستی بۆ ڕەگی پەتاتە ڕاكێشا ـ وەك تارمایی وردورد لەژێر بەفرەكەوە دەركەوتبوون ـ پرسی:
- ئەمانە ئیدی چین؟
ڤاسیلی ئەسپەی شەكەت و ماندووی ڕاگرت، عارەق بە هەموو گیانیدا دەهاتە خوارەوە.
خزمەتكار:
- ئێرە كێڵگەكانی گوندی (زەهارۆڤا)یە، سەیركە كەوتووینەتە كوێوە، دیسان ڕێگەمان هەڵە كردووە.
- درۆ دەكەیت.
- بە خودا ڕاست دەكەم، من درۆ ناكەم. بێ گومان گالیسكەكە لە تەپۆڵكەكانەوە دەردەچێت. ئێرە كێڵگەیەكی بەناوبانگی پەتاتەیە، ئەو گەلایانەش ئەمە دەردەخەن.
- ئای خوایە چەندە دووركەوتووینەتەوە! باشە ئێستا چی بكەین؟
- جگە لە ڕاست ڕۆیشتن، چارەیەكی دیكەمان نییە، یان دەگەینە زەهارۆڤا، یانماڵی خاوەن كێڵگەكە.
ئاغا بە قسەی خزمەتكاری كرد و ئەسپەكەی غار دا. بەمجۆرە زۆر ڕۆیشتن. هەندێ جار گالیسكەكە بەسەر دەغڵ و داندا تێدەپەڕی، لەم ناوچەدا جارجار پووش و پەڵاش دەبینرا لە بەفرەكەوە سەریان دەرهێنابوو. هەندێ جاریش لە شوێنی نەرمی بەفر سەرگرتووەوە تێدەپەڕین.
بەفر هەم لە سەرەوە دەباری و هەم لەگەڵ بایەكەدا لەژێرەوەش هێرشی دەهێنا. شۆڕە ئەسپ هێندە هیلاك بوو لە عارەقدا تووكی سەرپشتی لوول بووبوو، ئەو تووكە تەڕانەش لە باوەشی بێبەزەیی هەوا ساردەكەدا زوقمی گرتبوو.
ئەسپی ماندوو، ئیتر وازی لە غاردانیش هێنابوو، لەپڕێك بەجۆرێك پێی هەڵخزا كە بكەوێتە ناو چاڵێكەوە، ڤاسیلی ویستی ئەسپەكە ڕابگرێت، بەڵام

نیکیتا ڕێگەی پێ نەدا:
- چی دەکەیت؟ واز لە ئاژەڵەکە بهێنە با خۆی ڕزگار بکات، ئەگینا بەهیچ جۆرێك لێرە دەرناچێت.
پاشان لە گالیسکەکە دابەزی، هەرچۆنێك بوو خۆی هاویشتە ناو چاڵەکەوە... بە دەنگێکی پڕ سۆز و شیرین:
- دەی ڕۆڵە گیان. تۆزێك هیمەت بکە لەبەر من... دەی شۆڕەئەسپ.
بە یارمەتی نیکیتا ئاژەڵەکە توانی خۆی دەرباز بکات، دواتر زانیان کە کەوتوونەتەوە ناو خەندەقێکی هەڵکەندراوەوە. ڤاسیلی پرسی:
- دڵ لەدڵ مەدە، ئێستا تێدەگەیت لەکوێین؟ گەورەم بەرەو پێشەوە بەڕێکەون، بەدڵنیایەوە دەگەینە جێگەیەك.
ڤاسیلی ئیشارەتی بۆ تارماییەك کرد کە زۆر لە دوورەوە لە شێوەی مۆڵێکی بەستوودا دەبینرا:
- ئەوە دارستانی گۆریاچکینۆ نەبێت!
- با بڕۆین، کە نزیکبووینەوە، دەیبینین.
خزمەتکار هەستی بە گەڵای وشك و زەرد دەکرد، بایەکە دەیهێنا، بۆیە تێگەیشت کە تارماییەکە نەك دارستان، بەڵکو گوندێکە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت نەیویست بە گەورەکەی بڵێت. بەڕاستی دوای تۆزێك نزیکبوونەوە تەخمینەکەی نیکیتا ڕاست دەرچوو. ئەمانەش لەوانەیە درەختە چێنراوەکانی دەوروبەری خەندەقێکی چواردەوری گوندەکە بن.
ئەسپە ژیرەکە کە لە درەختەکان نزیکبووەوە، پێیەکی نا بە مۆڵێکدا و پاشان بەلای چەپدا لایدایەوە، خزمەتکار بە دڵخۆشییەوە وتی:
- بەڵێ، ئەوە کەوتینە سەر ڕێ، نازانین کوێیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە گەشتینە شوێنێك.
ئاژەڵەکە بەبێئەوەی ئەملاولا بکات، ڕاست بەرەو پێشەوە ڕێگای تەی دەکرد.پاش کەمێك گەیشتە لای دیواری عەمبارێك کە سەقفەکەی بە بەفر داپۆشرابوو، دەوروپشتی بە پەرژینێکی ڕێکوپێك گیرا بوو. ئێستا لەبەردەمیاندا دوو خانوو دەبینرێت. بێگومان ڕەشەبا بۆشایی نێوان دوو

خانووەکەی بەباشی تەنیبوو بە بەفر. ئەو بەربەستەشیان بڕی و چوونە کۆڵانەکەوە. لە حەوشەی ماڵێکیاندا کۆمەڵێك جلوبەرگ، کە لە دوو کراس، یەکێك سوور و یەکێك سپی و پانتۆڵێك و تەنوورەیەك پێکهاتبوو بە تەنافێکەوە لە سەرما زوقمیان گرتبوو، لەبەر بەهێزی بایەکە پەلەقاژەیان بوو. بەتایبەت جووڵەی قۆڵی کراسە سپیەکە، شایەنی تەماشاکردن بوو.
نیکیتا:
- ئەوەی ئەمانەی هەڵواسیوە یان ژنێکی تەمەڵە یان نەخۆشە. تۆ تەماشاکە. غیرەتی دەربازکردنی جلە شۆراوەکانی جەژنی نەکردووە.
نزیکبوونەوە لە لادێکە، ڕەشەباکە بەردەوام بوو لە ڕەوتی خۆی، ناوچە ناوچە بەفر تەپۆڵکەی بچووك بچووکی دروست کردبوو، بەڵام کە چوونە ناو گوندەکەوە هێزی بایەکە و سەرماکە تۆزێك ئەهووەن بووەوە. سەگەکان دەوەڕین، ژنێك کلێتەیەکی پیاوانەی لەسەر کردبوو، لە دەرگاکە نزیك بووەوە، تاسەی ئەوەی دەکرد، بزانێت ئەم ڕێبوارانە کێن. لەلایەکی دیکەوە، دەنگی کچە گەنجەکان دەبیستران. بەڵێ کەیف و خۆشی و گەرموگوڕی ئەم ژیانە هێزی سەرماوسۆڵە و گەردەلوولی کەم کردبووەوە.
ڤاسیلی:
- ئێرە گریشکینۆیە.
نیکیتا لە وەڵامدا وتی:
- بەڵێ وایە.
لەڕاستیدا گوندی گریشکینۆبوو. کە هاتوون دەبێت چەندە بەلای چەپدا دوور کەوتبێتنەوە پاش بڕینی هەشت کیلۆمەتر لەبری ئەوە بگەنە گوندی گۆریاچکینۆ ئێستا لە گریشکینۆ گیرساونەتەوە، کە پێنج کیلۆمەتر لێیەوە دوور بوو.
لەناو گوندەکەدا لوتیان تەقی بە لوتی پیاوێکی باڵابەرزەوە لە شەقامەکەدا موشەی دەکرد. کابرا ئەسپەکەی وەستاند. هاواری کرد وتی:
- ئێوە کێن؟ کە ڤاسیلی ناسییەوە، خۆی بە گالیسکەکەدا هەڵواسی و لەلای ئاغاوە دانیشت.

ئەم پیاوە ناوی (ئیسای) بوو، لە ئەسپدزیندا ناوبانگی پەیدا کردبوو. ڤاسیلی ئەوی باش دەناسی.
ئیسای دەمی کردەوە و بۆنی مەی بەو ناوەدا بڵاو کردەوە، لێی پرسی:
- ئاە...ڤاسیلی، کام گەردەلوول ئێوەی بۆ ئێرە هێنا؟
- بۆ گۆریاچینکۆ دەچووین، بەڵام لەبەر بەهێزی تۆفانەکە ڕێگەمان هەڵە کرد.
- ئۆو....زۆر لاتان داوە، دەبووایە لە ماڵاکۆڤاوە لاتان بدایە.
- بەڵێ وایە، بەڵام لە ڕێگەیەکی هەڵەوە ڕۆیشتن. ئەمەی وت و گالیسکەکەی ڕاگرت.
ئیسای لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری لە ئەسپەکە ورد بووەوە، کلکە شۆڕبووەوەکەی گوشی. وتی: "ئەسپێکی نایابە" و لێی پرسی:
- شەو لێرە دەمێننەوە؟
- نەخێر دۆستەکەم، دەبێت بڕۆین، ڕێبوار لە ڕێگەی خۆی.
- تێگەیشتم، ئەگەر وایە هیچ شتێکت نەماوە بۆ وتن. ئا...ئەوە کێیە؟ چی... نیکیتایە.
ڤاسیلی وەڵامی دایەوە:
- جگە لە ئەو دەبێت کێ بێت؟ بۆئەوەی جارێکی تر ڕێگە هەڵە نەکەین، لە کام لاوە بڕۆین؟
- بەبۆنەی چیەوە؟ بۆچی ون دەبن؟ مەترسن. ئێستا لێرەوە بگەڕێنەوە، بەدرێژایی شەقامەکە ڕێك بڕۆن، کە لە گوندەکە دەرچوون، بەلای ڕاست و چەپدا لامەدەن. ڕاست بڕۆن تا دەگەنە ڕێگا سەرەکییەکە، دواتر بەلای ڕاستدا لادەن.
- باشە، بەڵام لەکوێوە بگەڕێینەوە بۆ ڕێگا سەرەکییەکە؟
- کە دەرچوون، لە گوندەکە دەوەنێکی چڕ دێتە ڕێگەتان، لەبەرامبەر ئەویشدا داربەڕوویەکی گەورەی لێیە. ڕێك لەوێوە...
ئاغا عەرەبانەکەی وەرچەرخاند و بەرەو دەرەوەی گوندەکە بەڕێکەوت، ئیسای لەدوایانەوە هاواری کرد: "خۆزگە شەو لێرە دەمانەوە، هەوا زۆر

سارده".

ڤاسیلی گوێی نەدا بە قسەکانی کابرا و ئەسپەکەی غاردا.پێنج کیلۆمەتر ڕێگا لەبەردەمیاندا مابوو تاکو بگەنەجێ، لەگەڵ ئەمەشدا دوو کیلۆمەتری دەکەوێتە ناو دارستانەکەوە، بەفربارین تۆزێك کەمی کرد، ڕەشەبا بەهێزەکەشی تارادەیەك خستبوو. لەبەرئەوە ڕێبواری بە کارێکی هێندە گران نەدەبینرا.

ئێستا تەواو بەپێچەوانەی ئەو ڕێگەیەی لێوەی هاتبوون، دەڕۆیشتن. کە بە شەقامە بە بەفر داپۆشراوەکان، جێگەجێگە پەین سپیایی بەفرە بێگەردەکەی چڵکن کردبوو، دایان بەلایماڵەکەدا کە جلەکان بە تەنافەکەوە هەڵواسرابوو. ئێستا ئیدی کراسە سپییەکە تەنها قۆڵێکی بە هەڵواسراوی مابوو. لە چنارەکان ـ گڤە و گرمەی خەمناکیان لێوە دەهات ـ تێپەڕین، خۆیان لەناو کێڵگەیەکدا بینییەوە. گەردەلوول نەك هەر ئارام نەدەبوو، بەڵکو تادەهات بەهێزتر دەبوو.

جادە و شەقامەکان کفنی سپیی بەفرینیان پۆشیبوو. هەڵکردنی با لە ئاراستەی بەرامبەرەوە بینینی نیشانەکانی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکەیان قورستر کردبوو. ڤاسیلی بۆئەوەی نیشانەکان ون نەکات، بەوردی تەماشای دەکرد و خۆی بۆ لار دەکردەوە، بەڵام سەرئەنجام بۆی دەرکەوت جگەلەوەی تەخمینی ڕێگاکە بۆ ئەسپەکە دابنێت، چارەیەکی دیکەی نییە. سوپاس بۆ خوا ئەسپەکە ئاژەڵێکی متمانەپێکراو بوو. گالیسکەکە لەبەر بەهێزی ڕەشەبا و ئەو بەفرەی لەگەڵ خۆی دەیهێنا جارێك بەلای ڕاست و جارێك بەلای چەپدا پێشڕەوی دەکرد. ئەوکات هەندێك جار نیشانەکانیش دەبینرا.

بەو جۆرە دە خولەك پێشڕەوییان کرد، تارماییەکیان چاوپێکەوت لەناو تۆفانەکەدا دەجووڵایەوە، ئەویش گالیسکەیەکی تر بوو، لەگەڵ ئەمان بەهەمان ئاراستە دەڕۆشت، هەمووی بە بەفر داپۆشرابوو. ئەسپیی بەغیرەت و ئازا بۆئەوەی بیانگرێتەوە، قاچی دەیدایەوە لە عەرەبانەکە. ئەوانەی ناو عەرەبانەکە هاواریان کرد: "هێی،... بکەوەرە پێشەوە".

ڤاسیلی عەرەبانەکەی خستە کەنارەوە و پێشیان کەوت. لە گالیسکەکەی تردا سێ پیاو و ئافرەتێك هەبوو. وادیار بوو لە ئاهەنگی جەژنەوە بۆماڵەوە دەگەڕانەوە. یەکێکیان کە ئەرکی لێخوڕینی هەبوو، بە قامچیەکەی دەستی - لقەدارێکی باریکی وشکبوو - دەیکێشا بەسەر پشتە بەفرگرتووەکەی ئەسسپەکەدا. دوو پیاوەکەی دیکەش دەستیان بادەدا و هاواریان دەکرد. ژنەکەش لە سووچێکی عەرەبانەکەدا، لەسەرما هێندەی نەمابوو ڕەق ببێتەوە، توووند خۆی خزاندبووە نێو پاڵتۆیەکەوە و جووڵەی لێوە نەدەهات و کزۆڵەی کردبوو.

ئاغا:

- ئێوە خەڵکی کوێن؟

لەبەر لوورەلووری ڕەشەباکە، جوان دەنگی یەکتریان نەدەبیست

- ڕووباری گ.....

- کوێ؟

- ........

یەکێکیان بە هەموو هێزی خۆی هاواری کرد، بەڵام هیچی لێ حاڵی نەبوو.

یەکێکی تریان:

-یەڵڵا با خێرا بڕۆین، با جێمان نەهێڵن.

ئەمەی وت و ئەسپیی هەژاری دایە بەر قامچی. کە عەرەبانەکان کەوتنە تەنیشت یەکەوە، هێندەی نەمابوو ئەسپەکان لێك ئاڵێن، بەڵام ڤاسیلی ئەوەی خۆی هێنایە کەنار و سەرئەنجام لادێییەکان لەدواوە مانەوە.

ئەسپەی سەرتاپا تووکنی، کورتی سکزل بۆ ڕزگاربوون لە قامچییەکانی سەرپشتی هەموو هێزی خستەکار و غاری دەدا. ئەژنۆ کورتەکانی دەچەقاندە نێو چینە بەفرینەکانەوە، هێشتا هەر پێشڕەوی دەکرد. نیکیتا

لە ئاستی شانیەوە چاوێکی لە ئەسپەکە کرد، لچی خوارەوەی ئەسپەی داماو وەك دەمی ماسی دەرپۆقیبووە دەرەوە، کونە لووتەکانی فراوان و لەترسان گوێچکەکانی شۆڕ بووبوونەوە.

خزمەتکار:

- مەی چی دەکات لە مرۆڤ ! خوێڕی هیچوپووچانە خەریکە ئەسپەکە دەکوژن.

دەنگ و هەرای سەرنشینەکانی ناو گالیسکەکە زۆری نەخایاند کپ بووەوە. لادێییەکان بەتەواوی لەچاو ونبوون، ئیدی بێجگە لە جیڕەی چەرخەی گالیسکەکە و فیکەفیکی بایەکە، هیچی تریان گوێ لێ نەبوو.

چاوپێکەوتنی لادێیەکان ڤاسیلی دڵخۆش کرد، زیاتر متمانەی بە خۆی پەیدا کرد، هێندە گوێی بە نیشانەی سەر ڕێگاکە نەدەدا، دابوویە دەست ئەسپەکە، ئینجا ئەسپەکەی تاو دا. نیکیتاش کە هیچ نەبوو ئەنجامی بدات، بۆ دەرکردنی هیلاکی ڕێگاکە نووست. لەناکاو عەرەبانەکە وەستا، هێندەی نەمابوو خزمەتکار لەسەر دەم بکێشێت بە زەویدا.

ئاغا:

- دیسان لە ڕێگەی دروستەوە ناڕۆین.

- چۆن؟

- نیشانەکان نابینرێن، وابزانم ڕێگاکەم ون کردووە.

خزمەتکار:

- ئەگەر ونمان کردبێت، دەبێت بیدۆزینەوە.

ئەمەی وت و دابەزییە خوارەوە. دوورکەوتەوە، لەچاو ون دەبوو و دووبارە دەبینرایەوە. لە کۆتاییدا گەڕایەوە، سواری عەرەبانەکە بوو و وتی:

- لێرە ڕێگا و شتی وای لێ نابینرێت، لەوانەیە لەپێشمانەوە بێت.

دونیا بەرەو تاریکبوون دەچوو، تووڕەیی ڕەوتی خۆی تێك نەدەدا.

ڤاسیلی:

- خۆزگە دووبارە دەنگی لادێیەکانمان ببیستایەتەوە.

خزمەتکار:

- بەگوێرەی ئەوەی ئەوانمان نەبینییەوە، کەواتە زۆر دوورکەوتووینەتەوە، لەوانەشە ئەمە ڕێگا دروستەکە بێت و ئەوان ونیان کردبێت.

ڤاسیلی:

- باشە، ئێستا بەرەو کوێ بڕۆین؟

- باشترین چارە ئەوەیە، ئەسپەکە سەرپشك بکەین، تەنیا ئەو دەتوانێت لەم نەهامەتیە ڕزگارمان بکات. ڕشوەکان بدەن بە من.

ڤاسیلی سەرەڕای دەستکێشە ئەستوورەکانی دەستی، هێشتا هەر دەستی تەزیبوو، بە کەیفخۆشییەوە جڵەوەکەی دایە نیکیتا. نیکیتا جڵەوەکەی لێ گرت، لەبەرئەوەی هەموو ڕۆژێك لەگەڵ خۆیدا بوو، متمانەی بە ئەسپەکە دەکرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگا، خۆی تێهەڵنەدەقورتان. لەڕاستیدا ژیرەئەسپ هەندێکجار گوێچکەی و بڕێ جار ئەوی دی هەڵدەبڕی و گالیسکەکەی ڕادەکێشا.

خزمەتکار:

- زمانی هەبووایە قسەی دەکرد. بڕۆ قارەمان، بڕۆ گیانەکەم، چۆن پێت خۆشە، ئاوا بڕۆ.

چونکە ئێستا پشتیان لە بایەکە بوو، سەرمایان نییە. دونیا تۆزێك فێنك بوو، نیکیتا بە ڕووخۆشی وەسفی ئەسپەکەی کرد: - چەند ئاژەڵێکی ژیرە. ئەسپەکەی قرغزە چکۆل بەهێزترە، بەڵام گێل و حەپۆلە. تۆ تەماشای گوێچکە بادانەکەی بکە، پێویستی بە ئەنتێنا نییە، سوێند دەخۆم لە

دووری دوو کیلۆمەترەوە خشپەیەك بێت یەکسەر هەستی پێ دەکات.

هێشتا نیو کاتژمێریش تێنەپەڕیبوو تارماییەك - ڕوون نەبوو، گوند بێت یان دارستان - دەرکەوت، نیشانەکانی لای ڕاستی جادەکەیان بینی، کەوتبوونە سەر ڕێ.

ڤاسیلی:

- ها......دووبارە هاتووینەتەوە بۆ گریشکینۆ.

بێگومان لەلای چەپەوە هەمان عەمباری بەفرگرتوو دەبینرا. دووبارە دایان بەلای ماڵەکەدا کە جلەکان بەتەنافەکەوە زوقمیان گرتبوو. هەرگا کەوتنە نێو کۆڵانە پەیناوییە تەسکەکانەوە، هەواکە خستی و گەرمتر بوو. دیسانەوە دەنگەدەنگ و گۆرانی و وەڕینی سەگیان گوێ لێبوو، چونکە دونیا بەتەواوی تاریکی کردبوو، چرای ماڵەکان دەگڕان.

ڤاسیلی گالیسکەکەی لەبەردەم ماڵێکی لە خشت دروستکراودا ڕاوەستاند. خزمەتکار بە قامچییەکەی دەستی بەهێواشی یەك دوو جار دای لە پەنجەرە ڕووناکە بەفرگرتووەکە، یەکێك لە ژوورەوە، پرسی:

- کێیە ئەوە؟

خزمەتکار:

- برینۆڤەیەکانی گوندی کریستین، بەئەرك نەبێت برا...

پاش ئەوەی کابرای لای پەنجەرەکە چووە ژوورەوە، دەرگای ژوورەوە بەزەحمەت کرایەوە، کێلونی دەرگای دەرەوە ڕاکێشرا. پیرەمێردێکی ڕیشسپی، کراسێکی سپی و پاڵتۆیەکی کورتی لەسەرەوە لەبەردا بوو، دەرگاکەی لە دژی پاڵنانی بایەکە گرتبوو، لەگەڵ کوڕێکی گەنجی کراس سووری جزمەلەپێدا لەپشت دەرگاکەوە دەرکەوتن.

پیرەمێرد:

- ئای....ئەوە تۆی ڤاسیلی ئاندریچ؟

ئاغا:

- بەڵێ خۆمم، ڕێگاکەمان هەڵە کردووە... لەبری ئەوەی بۆ گۆریاچیکنۆ بڕۆین هاتووین بۆ لای ئێوە. سەرەڕای ئەوەی دووجار هاتین و چووین، دیسانەوە ڕێگاکەمان کەوتەوە ئێرە.

پیرەمێرد:

- ئای... ئای...بەڕاستی شتێکی سەیرە!

لای کردەوە بەلای گەنجەکەی تەنیشتیدا:

- پێتروشکا، ڕاکە دەرگای گالیسکەکان بکەرەوە.

گەنجەکە وتی:

- هەر ئێستا دەیکەمەوە

و تێی تەقاند.

ڤاسیلی:

- بەڵام براله، شەو لێرە نامێنینەوە.

پیرەمێرد:

- بەم شەوە بۆ کوێ دەڕۆن، لێرە بمێننەوە.

- دەمویست بمێنمەوە، بەڵام دەبێت بڕۆم کارم زۆرە.

-هیچ نەبێت، تۆزێك خۆتان گەرم بکەنەوە، چای گەرم و تازە ئامادەیە.

- بۆ خۆگەرمکردنەوە قسەیەکمان نییە، شتێکی باشە. هەروهەلاّ زیاد نابێت، مانگەشەویش دەردەکەوێت، ڕوونتر دەبێتەوە.

ڕووی کردە خزمەتکار:

- تۆ دەڵێی چی نیکیتا؟ با بچین هەندێك خۆمان گەرم بکەینەوە.

- زۆرباشە گەورەم.

نیکیتا کە دەست و قاچی لەسەرما تەزیبوو، خواخوای شوێنێکی گەرمی بوو تۆزێك خۆی تێدا گەرم بکاتەوە. ڤاسیلی و پیرەمێردەکە چوونە ژوورەوە. نیکیتا عەرەبانەکەی هێنایە ژوورەوە. ناو کایەنەکە لێرە و لەوێ بە پەین و پاشەڕۆ داپۆشراوە. مریشك و کەڵەشێرە نیشتووەکانی ناو ڕەفەکان لەبەرئەوەی ئیسراحەتیان لێ تێکچوو، دەستیان کرد بە گارەگار و قووقاندن. مەڕەکان هەریەکەو بەلایەکدا هەڵهاتن. سەگەکانیش لە تووڕەیی ئەوەی کەسی بێگانە هاتبووە ژوورەوە بەوپەڕی کینەوە دەستیان بە وەڕین کرد. نیکیتا بە هەریەکێك لە ئاژەڵەکان وشەیەکی هێمنکەرەوەی وت. لەبەرئەوەی پشووی لە مریشکەکان تێکدابوو داوای لێبووردنی کرد. سەرزەنشتی مەڕەکانی کرد لەسەر ئەوەی لەخۆڕا ترساون، کە ئەسپەکەی بەستەوە، ئەوەی بۆ سەگەکان ڕوون کردەوە کە ئەم پیاوخراپ نییە، ئەوانیش بەبێ هۆ خۆیان هیلاك دەکەن. کارەکانی تەواو کرد و بەفری سەر سەروچاوی تەکاند:

- ئاە...جێبەجێ بوو! ئیسراحەتی خۆتان وەربگرن.

ئەمەی وت و ڕووی دەمی کردە سەگەکان:

- کوڕە تۆش فرە وەڕیت. بیبڕەوە ئیتر، لەخۆڕا قوڕگی خۆت مەدڕێنە.

لاوەکە عەرەبانەکەی بەرەو ژوورەوە ڕادەکێشا:

- ئەمانە سێ ئەولیاکەی ئەمماڵەن، کەرامەتیان هەیە.

- ئەولیای چی، مەبەستت چیە؟

- لە پەرتووکی پۆلسێندا نووسراوە. دز بێتە ماڵەوە، یەکسەر سەگەکە دەست دەکات بە وەڕین، ئەمەش واتا: بەخەبەر بێ، چاوت بکەرەوە. کەڵەشێر بەیانیان دەخوێنێت، ئەمە یەعنی: لەخەو هەستە، ئیدی کە

پشیلەکە بە چنگە خنجیلانەکانی سەروچاوی پاك بکاتەوە، ئەمەش مانای: (میوانێکی بەڕێز دێت خۆت بۆ پێشوازی ئامادە بکە)ی هەیە.

کورە گەنجەکە کە ئەمانەی دەوت زەردەخەنەی دەکرد. لەبەرئەوەی خوێندەوار بوو، تەنها کتێبێکیشی هەبوو، (پۆلسێن) بوو لەبەری کردبوو. وەکو ئێستا کە تۆزێکی دەخواردەوە، خوێندنەوەی پارچەیەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخەکەدا خۆشحاڵی دەکرد. نیکیتا پشتڕاستی قسەکەی دەکردەوە:

- بەڵێ ڕاستە.

- مامە گیان، زۆر سەرمات بووە، با بڕۆینە ژوورەوە. ئەو ناوەیان بەجێهێشت و چوونە ژوورەوە.

## ٤

ئەم ماڵەی کە ئاغا و خزمەتکار ڕێیان تێی کەوتبوو، یەکێك بوو لە خێزانە دەوڵەمەندەکانی گوند. ئەمانە بێجگە لە زەوییەك ـ بەشی بژێویی پێنج خێزانی دەکرد ـ، زەوییەکانی دەوروبەریشیان بەکرێ دەگرت و دەیانچاندن، لەهەمانکاتدا بە ژمارەیەکی زۆر ئەسپ، مانگا، مەڕو بزن ئاژەڵداریشیان دەکرد. ئەمانە خێزانێکی بیست و سێ کەسی پەرتەوازە نەبووبوون. بەدەر لە دایك و باوکیان، چوار نەوەی خێزاندار، ئەو ژمارە زۆر و قەرەباڵغیە یەکێتیی خێزانەکەی نەشێواند، هەرواش موڵك و سامانەکەیان پارچەپارچە نەبووبوون، بەڵام وەك هەموو جێگایەك لێك تێنەگەیشتنی نێوان ژنەکان، زەنگی ئاگاداری بوو بۆ لێکجیابوونەوە بەمزووانە.

یەکێك لە کوڕەکان سەرباز بوو، دووانیان لە شاری مۆسکۆ ئیشی ئاوگێڕییان

دەکرد. ئەوی تریان، کە لە گوند مابووەوە، بە کارەکانی لادێوە خەریك بوو.

کە ئاغاو خزمەتکار لەوێ بوون، لەبەر هاتنی جەژنی گاور ماڵەکە قەرەباڵغ بوو، لەبەر منداڵەکانی خۆیان و دراوسێکانیان جمەی دەهات. دیوارە خشتەکانی ماڵەکە بە تابلۆی جۆربەجۆر ڕازێنرابووەوە. گلۆپە کێودارەکەی سەر سێپای سووچەکە ڕووناکییەکی پڕ شادی پەخش دەکرد. مێزەکان بە میوە، چەرەس و خواردنەوە دەوڵەمەند کرابوون. ڤاسیلی هاتە ژوورە گەرموگوڕەکەوە، پاڵتۆ خوورییە ڕەشەکەی داکەند و دای بەسەر سووچێکی مێزەکەدا. مووی سمێلە بەستووەکەی کە گەرماییان بینی، کرانەوە. ئاغا بەوردی چاوێکی لە تێکڕای ژوورەکە و ئەو کەسانەشی لەوێ بوون کرد. لە دەوری مێزەکەدا بێجگە لە ئاغا، پیرەمێردێکی ڕیشسپی، سەر ڕووتاوەی کراس سپی، کوڕە گەورەکەی بە جلوبەرگی ئاڵ و والاوە کە بۆ جەژن لە مۆسکۆوە هاتبوو، وە کوڕەکەی تریشی کە لە لادێ بوو لەگەڵ لادێیەکی سووری لاوازی تردا دەبینران. هەموو ئەو شتانەی پێشکەش کرابوون خوران و خورابوونەوە. ئینجا نۆرەی چای سەر سەماوەرەکە هات، - لەتاو ئاگرەکە قوڵپەقوڵپی بوو - منداڵەکان لەبەر هیلاکی و گەرمی ماڵەکە هەریەکە بەلایەکدا لاڵ و پاڵ لێی خەوتبوون. یەکێك لە ژنەکان بەلای بێشکەی کۆرپەکەیەوە وەنەوزی دەدا. دایکی خێزانەکەش کە نیشانەکانی پیری بە هەموو جۆرێك لە ڕووخساریدا دەرکەوتبوون، هەر هەڵپەی دەکرد و دەهات و دەچوو تاکو کەموکوڕی لە میواندارییەکەدا نەبێت.

خزمەتکار خۆی کرد بە ژووردا، خاتوون خواردنەوەی دەدا بە ڤاسیلی و وتی:

- لە کەموکوڕیمان ببوورن، جەژنێکی پڕ بەرەکەتمان بۆ بخوازن.

نیکیتای ماندوو لەتاو سەرماو هیلاکی ڕێگا، کە بیری لە وزەی گەرمی مەی کردەوە و پێشتریش زیانێکی گەورەی لێ کردبوو، لەپڕ حەزی لێ کرد. هەرکە بیری کەوتەوە سوێندی خواردووە، دەموچاوی دا بە یەکدا،

کڵاوەکەی سەری و پاڵتۆکەی سەرشانی داکەند و تەکاندنی و بە بزماری قەد دیوارەکەدا هەڵیواسین. پاش سڵاوکردن و جەژنە پیرۆزەی لێ کردن. کوڕە گەورەی ماڵەکە تەماشای ڕیش و سمێڵی زوقمگرتووی نیکیتای کرد، وتی:

- مامە، لەسەرما ڕەق بوویت.

نیکیتا بۆ دانیشتن لەو شوێنەی نیشانیاندا لە مێزەکە نزیك بووەوە، تۆزێکی مابوو ئەو مەیەی بۆی دانرابوو، بینێت بەسەریەوە، بەڵام لەپڕێکدا وەستا، سەیرێکی گەورەکەی کرد و پەیمانەکەی هاتەوە یاد. لەبەر خواردنەوە وازی لە ماڵ و منداڵ هێنابوو، لەبری ئەوەی پێداویستییەکانی ئەوان دابین بکات، هەموو داهاتەکەی دەدا بە مەی، بۆ مەیکڕین هەرچی کەرەستەیەتی، تادەگاتە جزمەکانیش فرۆشتبووی. هەموو ئەمانەی وەك خەیاڵێك هاتە بەرچاو. شەرمی لە خۆی کرد:

- زۆر سوپاس، ناخۆمەوە.

ئەمەی وت و چووە گۆشەیەکی لای پەنجەرەکەوە. کوڕە گەورەی ماڵ:

- بۆچی ناخۆیتەوە؟

نیکیتا بەبێ شەرمانە:

- ناخۆمەوە و تەواو، هەر ئەوەندە.

پاشان کەوتە سڕینی سمێڵ و ڕیشی بەفرگرتووی.

ڤاسیلی چۆرەکێکی هەڵگرت و کرماندی، بەدەم خواردنەوە دەستی بە قسە کرد:

- بۆ ئەو بێ سوودە، نەخواتەوە باشترە.

لەبەرامبەر ئەمەدا خاتوونی ماڵەکە:

- کەواتە چا دەخۆنەوە، دیارە زۆر سەرمات بووە براله. پاشان ڕوویکردە

بووكەكانی و وتی:

- ئێ... ژنەكان هێشتا سەماوەرەكە ئامادە نییە؟

یەكێك لە بووكەكان بە دەستگرێك، تاكو دەستی نەسوتێت، سەماوەرەكەی هەڵگرت و خستیە سەر مێزەكەو، وتی:

- فەرموون ئامادەیە.

ڤاسیلی ئەوكات هەرچیەك بەسەریان هاتبوو گێڕایەوە. بەڵام هێشتا سەری لەوە دەرنەدەكرد چۆن ڕێگاكەیان هەڵە كردبوو. خاوەن ماڵ:

- لەڕاستیدا ڕێگای مالاكۆڤا ئاسانە. منداڵێكیش بەئاسانی دەیدۆزێتەوە، بەڵام دەبێ بزانیت لەكوێوە دەگەڕێیتەوە سەر ڕێگا سەرەكیەكە. دەبووایە هەركە دەوەنەكانتان بینی بگەڕێنەوە.

پیرە خاتوون:

- لە ئێستا بەدواوە باش نییە بكەونەڕێ. شەو لێرە بمێننەوە، با كەیبانووەكان خێرا جێگاكانتان بۆ ڕابخەن.

خاوەن ماڵ:

- بەیانی زوو دەربچن، بە ڕۆژ باشتر ڕێگاكە دەدۆزنەوە.

ئەندێشەی كڕینی زەویەكان لەلایەن كەسانی ترەوە پێش خۆی، ڤاسیلی هان دەدا:

- بەدڵنیاییەوە دەبێ بڕۆین، كارەكەمان زۆر گرنگە، مرۆڤ هەندێكجار ئەوەی لە كاتژمێرێكدا دەستی دەكەوێت، لەوانەیە لە ساڵێكدا بەدەستی نەهێنێت.

چاوێكی لە نیكیتا كرد:

- ئێ نیكیتا، ڕێبوار لە ڕێگای خۆیدا، دەڕۆین، وانییە؟

خزمەتكار لەبەرئەوەی هێشتا بە خۆگەرمكردنەوەوە سەرقاڵ بوو، بێ ئاگا

بوو لە قسەکانی. سەرئەنجام بەشێوەیەکی خۆنەویستانە وەڵامی دایەوە:

- ئەترسم دیسان ڕێگاکەمان لێ تێکچێت.

مێشك و بیری بەبێ ویستی نیکیتا لای مەیەکە بوو. ئەوەی هەموو ئەم ئەندێشانەی دەپووکانەوە تەنیا کوپێك چای گەرم بوو، بەڵام هێشتا پێیان نەدابوو.

ئاغا بۆئەوەی خزمەتکارەکەی هان بدات بۆ ڕۆیشتن:

- گیانەکەم، کارەکە گەیشتۆتە خاڵی کۆتایی. هەر ئەوەندە بگەینە دەوەنەکان لادەدەین، خۆ دوای ئەوە ئیتر دارستانە. هەرکە لامان دایەوە چیتر ئەگەری ونبوونمان نامێنێتەوە.

خزمەتکار قومێکی لە چایەکەی داو وتی:

- خۆتان دەزانن قوربان، گەر دەڵێی بڕۆین، دەڕۆین.

- دوای چاخواردنەوە خێرا هەڵدەسین.

نیکیتا بێئەوەی وشەیەك بڵێ، سەری بۆ لەقاند. بۆئەوەی زوو سارد بێتەوە، چاکەی کردە ژێرپیاڵەکەوە و پەنجە هەڵئاوساوە سڕەکانیشی لەبەر هەڵمی چاکە گەرم کردەوە. پاشان کڵۆیەك شەکری خستە دەمی و سەری لەبەرامبەر خاوەن ماڵدا دانەواند:

- دەستتان خۆش بێت. ئەمەی وت و چاکەی هەڵقوڕاند.

ڤاسیلی:

- هەرچەندە ئەرکیشە بۆ ئێوە،... دەکرێت یەکێکتان تا ئەو خاڵی لادانەوەمان بەڕێت؟

کوڕە گەورەی ماڵ لەبەرامبەر داواکاریەکەیدا بە ئارەزوومەندییەوە:

- چ ئەرکێك قوربان؟ پێتروشکا هەر ئێستا گالیسکەکە لێدەخوڕێت، تا ئەوێ دەتانبات.

ڤاسیلی:

- زۆر قەرزارباری ئێوە دەبین، دەی خوێنگەرم گالیسکەکە ببزوێنە، هەروەها بۆ میوانداریی‌یەکەتان گەلێك سوپاستان دەکەم.

خاتوونی ماڵەکە بە زمانێکی شیرین وەڵامی دایەوە:

- نا، بەڕێز هیچی وامان نەکردووە سوپاسمان بکەیت... لای کردەوە بەلای پێتروشکادا:

- دەی کوڕم، بڕۆ گالیسکەکە ئامادە بکە.

لاوە خوێنگەرمەکە بە ڕوویەکی گەشەوە هەستایە سەر پێ:

- باشە هەر ئێستا ئامادە دەبێ. ئەمەی وت و کڵاوەکەی بە بزمارەکەوە بوو، لێی کردەوە و چووە دەرەوە.

ئەوکات هاتنەوە سەر باسی بابەتەکەی پێشوو کە بە هاتنی ڤاسیلی و نۆکەرەکەی لە نیوەیدا دابڕابوو. پیرەمێرد باسی ئەوەی دەکرد، سێیەم کوڕی کە لە مۆسکۆیە بەبۆنەی جەژنی گاورەوە بێجگە لە دەستەسرێك بۆ ژنەکەی، دیاری بۆ کەسی تر نەناردبوو، لای دراوسێکەیان سکاڵای لە دەستی کوڕەکەی دەکرد:

- گەنجی ئەم زەمانە ڕێزگرتنیان  بیرچۆتەوە، کە دوور دەکەونەوە لە دەست دەردەچن.

لەهەمانکاتدا باوکی مەعنەوی منداڵەکان، دراوسێ:

- لەدەستدەرچوونی چی؟ بۆ لەناو ماڵەکاندا ڕێکوپێکی ماوە؟ خۆیان زۆر بە ژیر دادەنێن. بەسەرهاتەکەی دێموچکینت نەبیستووە؟ ئەوەندەی لە باوکی دابوو، قۆڵی شکاندبوو. من ئیدی لەم جۆرە گەنجانە تێناگەم.

خزمەتکار تەماشای رووخساری پیاوەکانی دەکرد و گوێی بۆ وتەکانیان هەڵخستبوو. دەیویست شتێك بڵێت، بەڵام هێندە سەرقاڵی چایەکەی بوو،

تەنیا سەرەلەقەیەکی پێ دەکرا بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانیان. یەك لەدوای یەك پیاڵەی چای بەتاڵ دەکردەوە، گەرماییەك گەشتبووە گیانی، جەستەی خاو بووەوە.

گفتوگۆکەیان لە دەوری هەمان بابەتدا دەسوڕایەوە، باسی ئەو خراپانەیان دەکرد کە لە ئەنجامی دابەشکردنی زەوییەکانەوە دروست دەبێت. ئەمەش هۆکاری جیابوونەوەی چەندین خانەوادەیە، نیشانەی هەڵوەشانەوەیەتی، ئەمانە لە ڕووخساری کوڕی دووەمیدا ـ لە تەنیشت باوکە پیرەکەیەوە دەمی داخستبوو و شێوەی تۆراوی پێوە دیار بوو ـ دەردەکەوت. ئەو لەبەرئەوەی حەزی نەدەکرد ئەو بابەتە گرنگەی کە لە نزیکەوە زۆر بەخەستی خێزانییە، کەسی تر بیبیستێت، پارێزگاری لە بێدەنگی خۆی دەکرد. بابەی پیر ئیدی خۆی پێ نەگیرا، بە دەنگێکی هەنیسکاوییەوە وتی: "بەدرێژایی تەمەنت نەتویست کوڕەکانت جیا ببنەوە و زەوییەکانیش پارچەپارچە بکرێن، ئێستاش لە هیچیان کەم نییە و ناتەوێت خێزانەکە وەکو سواڵکەرێك ببینیت".

دراوسێ پشتگیری لێ کرد:

- ڕێك وەکو ماتیەڤەکان، هەموو شتێکیان هەبوو، دوای ئەوەی زەوییەکانیان دابەش کرد، هیچ شتێکیان لەدەستدا نەما و دەستیان لە بنی هەمانەکەوە دەرچوو. بڵاوەیان لێ کرد، هەرکەس بەلایەکدا چوو، ئێستاش دەم دادەچەقێنن.

باوکی ڕووی کردە کوڕەکەی و پێی وت:

- بەڵێ، تۆ ئەوەت دەوێت، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێیت؟

بە وەڵامنەدانەوەی کوڕەکە بێدەنگییەکی غەمگین ئەو ناوەی گرتەوە، پێتروشکا، کە عەرەبانەکەی ئامادە کردبوو، ئەو بێدەنگیەی شکاند. پێتروشکا گوێی لە دواهەمین قسەکان بوو. بزەیەك هاتە سەر ڕووخساری:

- لە کتێبێکی پۆڵسێندا چیرۆکێکی لەم شێوە هەیە. باوکێك گورزەیەك

که له چەند شوڵێکی باریك پێکهاتبوو بە هەریەك لە کورەکانی دا تاکو بیشکێنن، بەڵام کەسیان نەیانتوانی بەو کۆمەڵییە بیشکێنن، پاشان گورزەکەی جیاکردەوە و بەجیا دانەدانە توانیان بەئاسانی بیانشکێنن. ئەمەش هەروایە...ئێ، گالیسکەکە ئامادەیە.

ڤاسیلی:

- ئەگەر وایە با ئێمەش بجولێین. بۆ مەسەلەی دابەشکردنەکەش، باپیرە، هەرگیز رازی مەبە. ئەم هەموو موڵك و سامانە تۆ بەدەستت هێناون، کەوایە هەر خۆت کاربەدەستیت، تەنیا قسەی تۆ دەروات لەم ماڵەدا. کۆکردنەوەی ئەمانەش دەکەوێتە سەر تۆ. هەر نەکرا سەردانی دادوەری ئاشتەوایی بکە، ئەو خۆی پێت دەڵێت چی بکەیت.

پیرەمێرد بە دەنگێکی لەرزۆك و هەنیسکاوییەوە:

- ئەوەش کێشەیەکی ترە. ئەو پیاوەی بێئەوەی ببێتە مەرهەمی برینەکانمان، لەکۆڵی خۆیمان دەکاتەوە. کەس خێری لەدەست نابینێت.

نیکیتا لەگەڵ ئەوەی پێنجەم چای تەواوکرد، بەڵام پیاڵەکەی سەربەرەوخوار نەکردەوە. بەهیوای ئەوەی شەشەمی بۆ تێبکەن پیاڵەکەی لە تەنیشتیەوە دانا، بەڵام لەبەرئەوەی سەماوەرەکە بەتاڵ بووبوو، خانم خواستەکەی بۆ جێبەجێ نەکرا. لەلایەکی ترەوە ئاغاکەی خۆی ئامادە دەکرد بۆ رۆیشتن، چونکە کارێك نەمابوو بۆ کردن، هەستایە سەرپێ. پارچە شەکرەکە بە ددانی کەلکەلی کردبوو، لەوێدا داینا. سەروچاوە عارەقاویەکەی بە سەردەستی سری و پاڵتۆکەی هەڵکێشایە بەری. زۆر بەگەرمی سوپاسی خاوەنماڵی کرد و خواحافیزی لێ کردن. لە ژووری رووناك و گەرمەوە، بەرەو تاریکی، سامناکی بەفر و هەوای سارد وەرێ دەکەون. چوونە حەوشەکەوە.

پێتروشکا خۆی خزاندبووە پاڵتۆیەکی خوورییەوە، لە تەنیشت ئاژەڵەکەوە وەستابوو، چاوەرێی ئەوانی دەکرد. لەگەڵ رووخسارە هەمیشە پێکەنیناوییەکەی پارچە هۆنراوەیەکی لە کتێبی (پۆڵسێن) دەخوێندەوە:

**ئاسمانی گوند یەك پارچە بە تەمومژ داپۆشرابوو،**
**گەردەلوولی با بەفرەکەی بەبێ وەستان هەڵفڕاندبوو،**
**هەندێکجار هەروەکو ئاژەڵی کێوی دەیلوراند،**
**گەلێك جار هەروەك منداڵی ساوا دەگریا.**

"ئەلیکساندەر پۆشکین"

خزمەتکار لەلایەکەوە خەریکی توونددوتۆڵکردنی عەرەبانەکە بوو، لەلایەکی ترەوە بە سەرەلەقەیەك دەستخۆشی هۆنراوەکەی پێتروشکای دەکرد.

پیرەی خاوەن ماڵ بۆ خواحافیزیکردن لە میوانەکانی بە چرایەکەوە هاتە دەرەوە، بەڵام هەر بە یەکەم هەنگاوی لە دەرگاکەوە هاتە دەرەوە، ڕەشەباکە چراکەی کوژاندەوە. بەهێزتربوونی گەردەلوولەکە بەئاسانی هەستی پێ دەکرا.

ڤاسیلی لەبەرخۆیەوە وتی: "تۆ تەماشای ئەو زریانە. چ هەوایەکی سامناکە. پەسەندکردنی داوای پیرەمێردەکە و مانەوە لەوانەیە باشتر بێت، بەڵام کارەکەی لەسەروو هەموو شتێکی ترەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەین، گالیسکەکەیان بۆ ڕێکخستووین. پشت بە خوا زۆر ناخایەنێت دەگەینە جێ".

پیرەمێردی خاوەن ماڵیش دەیزانی ئەگەر بمێننەوە بۆ خۆیان باشترە، بەڵام خۆ بەزۆر دایاننانیشێنێت. ئەو ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، لەگەڵ ئەوەی چەندین جار داوای مانەوەی لێ کردن، گوێیان پێ نەدا. ئیتر بۆچی زیاتر پێداگری بکات؟!

لە مێشکی خۆیدا ئەمانەی هات بە خەیاڵدا: لەوانەشە بەهۆی پیربوونمەوە لە گەردەلوول بترسم، بڕۆن بەخێر، ئێمەش نەجاتمان دەبێت، یەکسەر لێی دەنووین.

پێتروشکا زەرەیەك ترس بەخەیاڵیدا نەدەهات. ئەو دەڤەرە هەمووی وەك ماڵی خۆیان شارەزا بوو. لەسەروو ئەمانەشەوە ئەو شیعرانەی دەیخوێندەوە کە دڵنەوایی بوو بۆ ئەو بارەی تێی کەوتبوون.

خزمەتکار هیچ نیازێکی ڕۆیشتنی نەبوو، بەڵام چەندین ساڵ بوو ڕاهاتبوو لەگەڵ ئەوەی نەك بەویستی خۆی، بەڵکو بە حەزی خەڵکی هەڵسێت و دانیشێت، بۆیە ئێستاش دەبێت بەگوێی گەورەکەی بکات و بکەوێتە ڕێ، لەم حاڵەشدا کەس نەبووە ڕێگر لەبەردەم ڕێبوارەکاندا...

## ٥

هێندە تاریك بوو، چاوچاوی نەدەبینی، بۆیە ڤاسیلی کوێرەکوێر وەدووی شارەزایی قاچەکانی کەوت، هەتا لە گالیسکەکە نزیك بووەوە، بێئەوەی کۆنترۆڵی چواردەوری خۆی بکات، دانیشت و جڵەوەکەی گرتە دەستی. هاواری لەپێتروشکا کرد:

- یەڵڵا کوڕی قۆز، پێشمان بکەوە.

پێتروشکا چۆکی دادابووە سەر گالیسکە گەورەکە و چاوەڕوانی دەکرد، ئەسپی خۆی غاردا. هەموو کەوتنەڕێ و لەماوەی چاوتروکانێکدا چوونە دەرەوەی حەوشە.

ئێستا بە ناوەڕاستی گونددا تێدەپەڕن، ماڵەکەیان چاوپێکەوت کە بە تەنافەکەیەوە جلی شۆڕاوی بەفرگرتوو هەڵواسرابوو، بەڵام ئەوانە ئیتر نەدەبینران. عەمبارە ژێر بەفرکەوتووەکە و درەختەکان کە لەدەست بەهێزی باوبۆرانەکە ناڵەوهاواریان بوو بەجێیان هێشت، تا لەدوایدا خۆیان لە ڕووبارێکی بەفرینی هەر چوارلا بە بەفر داپۆشراودا بینییەوە. ڕەشەباکە ئەوەندە بەهێز بوو کە لەلای چەپەوە دەهات و لێی دەدان، ئەسپ و عەرەبانەکەی بەرەو ڕاست پاڵ دەنا.

پێتروشکا بە نەڕە بەهێزەکانی جوانەماینەکەی تاو دەدا، نۆماکەشی کە

هەر لە سەرەتاوە وەدووی کەوتبوو چەند هەنگاوێك لەدواوە بوو، شێتانە غاری دەدا تا پێیان بگاتەوە.

بەمجۆرە، دە-پانزە خولەك ڕۆیشتن، پاشان پێتروشکا چەند شتێکی وت کە نە ڤاسلی و نە نیکیتا لێی تێگەشتن و ئەسپ و عەرەبانەکەی وەرچەرخانە دواوە. ئەمەش نیشانەی خاڵی لادانەوەکەیان بوو. کە پێتروشکا عەرەبانەکەی وەرچەرخاند، ئەمجارە ڕەشەباکە لەبری لاکەش، ڕووبەڕووی دەهات، لەنێوان بەفرەکاندا لەپێشەوە پەڵەی تاریك دەبینران، ئەوانە دەوەنەکانی شوێنی گەڕانەوەکە بوون. پێتروشکا:

- ئیتر خواتان لەگەڵ.

- زۆر سوپاس.

لاوە خوێنگەرمەکە بۆ دواجار لە (پۆلسێن)ەوە:

- شوێن تەمێکی کۆن ئاسمان ڕەش دەکات... بەمجۆرە هاواری کرد و لەچاو ون بوو.

ئاغا:

- چەند ئارەزوومەندی شیعرە، دەڵێی شاعیرە!

ئەمەی وت و ڕشوەکەی بەهێواشی بادا.

خزمەتکار:

- چەند مەردە، بەڕاستی کوڕی لادێیە.

بەخێرایی پێشڕەوییان دەکرد. نیکیتا پاڵتۆکەی تووند لە خۆی ئاڵاند، بەجۆرێك سەری خستە نێوان قۆڵەکانیەوە کە سمێڵە کورتەکەی چەسپیبوو بە سنگییەوە. بۆئەوەی گەرمی ئەو چایانەی لە ماڵەکە خواردبوویەوە لەدەست نەدات. تەنانەت نەیدەوێرا دەمیشی بکاتەوە. ڕەشەباکە وا لە کلکە تووکنە شۆڕەکەی ئەسپی بەهەمان ئاراستە دەدا، یاڵە درێژبووەوەکەی سەر مل و پشتی هەڵبەز و دابەزیان بوو.

جارجار نیشانەی ڕێگاکەیان چاوپێدەکەوت، بۆیە وایاندەزانی لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕۆن و بەهیچ لایەکدا لایان نەدەدا.

ڤاسیلیی جڵەوبەدەست ویستی کاری دۆزینەوەی ڕێگاکە بداتە دەست

ئەسپەکە، بەڵام ئاژەڵەکە سەرەرای ئەوەی لە گوندەکە پشووی دابوو، بەدڵی خۆی نەدەرۆیشت، وەك ئەوەی بڵێیت ڕێگاکەی بەدڵ نەبێت، دوو سێ جار بەجۆرێك ویستی بگەڕێتە دواوە، ئاغا ناچار بوو ڕشوەکە بکێشێت.
ڤاسیلی لەبەرخۆیەوە: ئەوە یەکەم ستوون، ئەوە دووەم، ئەوە سێیەمیان... بەم شێوەیە ستوونی نیشانەکانی دەژمارد. سەیری تارماییەکی پێش خۆیانی کرد و دڵخۆش بوو: "ئەوە گەشتینە دارستانەکە"، بەڵام ئەوەی ئەم بە دارستانی دەزانی، بێجگە لە کۆمەڵێك دەوەن، هیچی دیکە نەبوو. تارماییەکەیان بڕی و نزیکەی نیو کیلۆمەتر ڕۆیشتن، بەڵام نە چوارەم ستوون و نە دارستانێکیشیان چاوپێکەوت. ئاسەواری ڕێگەی پێوە دیار نەبوو.
ڤاسیلی لە ناخیەوە "دارستانەکە دەبێت لەم ناوچەیەدا بێت" وت و لەبەر ئەو جەسارەت و ئازایەتییەی چا گەرمەکە و مەیەکە پێیدابوو ڕشوەکەی لە دەستیدا گورج کردەوە. ئاژەڵی ژیر و گوێڕایەڵ بەپێی ئەو ڕێیەی نیشانی دەدرا، جارێك هێواش و جارێك خێرا، پێشرەوی دەکرد، بەڵام دەیزانی ئەوە ڕێگای ڕاست نییە. هەروا نزیکەی دە خولەك ڕێیان بڕی، دووبارە نە دارستان و نە ڕێگایان لێوە دیار بوو.
ڤاسیلی ئەسپەکەی ڕاگرت و وتی:
- دیسان ڕێگامان بزر کردووە.
نیکیتا بێئەوەی وشەیەکیش بڵێت، لە عەرەبانەکە دابەزی و خۆی هاویشتە نێو پاڵتۆکەیەوە و کەوتە گەڕان بەناو بەفرەکەدا. بەملاوبەولادا دەهات و دەچوو، بۆ ڕێگا دەگەڕا. چەند جارێك لەچاو ون بوو. لە کۆتاییدا گەڕایەوە بۆ لای گالیسکەکە، ڕشوەکەی لە دەستی گەورەکەی وەرگرت و بە دەنگێکی ڕەق و سووربوونەوە:
- بۆ لای ڕاست ئاراستەکەمان دەگۆڕین.
ئاغا لەسەرخۆ ڕشوەکەی دایە دەستی نۆکەرەکەی، دەستە تەزیوەکانی خزاندە نێو پاڵتۆ خوورییەکەیەوە.

- زۆر باشە. ئەگەر پێویستە بەلای ڕاستدا بڕۆین، با بڕۆین.
خزمەتکار وەڵامی نەدایەوە، بە دەنگێکی بەرز بە ئاژەڵەکەی وت:
- دەی پاڵەوان، تۆزێك زیاتر غیرەت بکە، بجووڵێ.
بەڵام ئیتر ئاژەڵەکە لەسەرخۆ هەنگاوی هەڵدەهێنا. ڕشوراکێشان و لێدان هیچ سوودێکی نەبوو.
لە هەندێك جێگە بەفر ئەژنۆیەك بەرز بووبووەوە. لە هەر هەڵمەتێکی ئەسپەکەدا کە تا ئەژنۆی لە بەفردا چەقی بوو، گالیسکەکەی دەهەژاند.
نیکیتا قامچی پێشی عەرەبانەکەی دەرهێنا و چەند دانەیەکی بە ئەسپەکەدا کێشا. ئەسپەی ڕانەهاتوو بە قامچی، یەکسەر خێراتر بوو، کەوتە غاردان، بەڵام پاش کەمێك وەکو جاران ڕۆیشتنی ئاسایی دەست پێکردەوە. پێنج خولەك ئاوا ڕێیان بڕی. ئێستا ئیدی بەفرەکە ئەوەندە زۆر و دونیا ئەوەندە تاریکی کردبوو، گەلێك جار قەد و باڵای ئەسپەکەش نەدەبینرا.
ئەسپە ژیرەکە دەبێت هەستی بە مەترسییەك کردبێت کە لەپڕ ڕاوەستا. خزمەتکار ڕشوەکەی بەرداو لەسەرخۆ هاتەخوارەوە، چووە پێشەوە تا بزانێت بۆچی ئەسپەکە وەستاوە. کەمێك لە ئاژەڵەکە تێپەڕی و قاچی هەڵخزا و تەپاوتل خل بووەوە. دەتوت ئەسپەکە دەوەستێنێت، خۆی بە خۆی دەوت:
- ڕاوەستە، دە ڕاوەستە.
نیکیتای هەژار هەرچەندە زۆر هەوڵی دا نەکەوێتە خوارەوە، بەڵام بێ سوود بوو لەوەی نەکەوێتە ناو ئەو چاڵە قووڵەی کە گەردەلوولەکە پڕی کردبوو لە بەفر. چینە بەفرەکانی کەڵەکەبووی سەر چاڵەکە بەهۆی زەبری کەوتنەکەی ئەمەوە بەسەر نیکیتادا دارمان. پشت ملی پڕ بوو لە بەفر. لەلایەکەوە خۆی دەتەکاند و لەلایەکی ترەوە سەرزەنشتی ئەسپەکەی دەکرد:
- شتی وا بەرامبەر من دەکرێت.
ڤاسیلی لەسەرەوە بوو، بە ترس و لەرزەوە:
- نیکیتا، نیکیتا، تۆ لەکوێیت؟

نیکیتا لەبەرئەوەی لەو کاتەدا کاری گرنگتری هەبوو، بۆیە وەڵامی ئاغاکەی نەدایەوە. خۆی تەکاند و بەدوای قامچییەکەدا دەگەڕا کە لە دەستی کەوتبووە خوارەوە. دوای ئەوەی دۆزییەوە، ئینجا نۆرەی سەرکەوتنە. هەڵدەزنا.. هەڵدەزنا، لەپڕ دەخلیسکا و دەگەڕایەوە بۆ هەمان شوێنی پێشووی خۆی. بەدرێژایی چاڵەکە ڕۆیشت، تا ڕێگەیەکی دۆزییەوە، سەرکەوت و ڕزگاری بوو. گەردەلوولەکە ڕووبەڕووی دەهات، نە ئەسپەکە نە ئاغای دەبینی. بەهۆی دەنگ و بانگەبانگی ڤاسیلی و ئەسپەکەوە ڕێگاکەی دۆزییەوە و کەوتەڕێ بەرەو لایان، وەڵامی دایەوە:

- ئەوە هاتم، هاتم، بۆ هاوار دەکەیت؟

هێشتا بەتەواوی لێیان نزیك نەبووەوە، هیچیانی نەناسییەوە، ئاغا وەك دێوێك وابوو لەناو بەفەرەکەدا ئازاری نیکیتای بەم شێوەیە دا:

- پیاو، لەو کاتەوە بۆ کام جەهەنەم چوویت؟! کە دەڕۆیت نازانیت بگەڕێیتەوە! عەرەبانەکە وەرچەرخێنە، با دووبارە بڕۆین بۆ گریشکینۆ، یەلێ.

- منیش حەزدەکەم بچینەوە بۆ گریشکینۆ گەورەم، بەڵام چۆن؟ لەپێشمانەوە چاڵاییەکی زەبەلاح هەیە، هەتا خۆم ڕزگار کرد، گیانم دەرچوو.

- ئێ، کەوایە بۆ ڕاوەستاویت، با خێرا دوورکەوینەوە لەم جێگا بەدفەڕە. خۆ لێرە نامێنینەوە.

نیکیتا بێ وەڵامدانەوە پشتی کردە بایەکە و جزمەکانی داکەند و پاکی کردنەوە، بە هەندێك پووش و پەڵاش کونەکەی تاکی جزمەکەی چەپی گرت.

ڤاسیلی کە هەموو کارێکی بە دانایی نیکیتا سپاردبوو، نقەی لێوە نەدەهات و چاوەڕوانی دەکرد. نیکیتا جزمەکانی لەپێ کردەوە، دەستکێشەکانی کردەوە دەست و جڵەوەکەی گرت و ئەسپەکەی تاودا، بەڵام هێشتا سەد هەنگاو نەڕۆیشتن ئاژەڵەکە لە جێگای خۆی ڕاوەستا، دیسان چاڵێکی گەورە هاتۆتە ڕێیان.

نیکیتا لە عەرەبانەدا دابەزییەوە و کەوتە گەڕان بەدوی ڕێگادا. پاش ماوەیەك لە ڕێگایەکی پێچەوانەی ئەوەی پێشوو گەڕایەوە.

- گەورەم، زیندوویت، لەکوێیت؟

- بەڵێ هێشتا زیندووم، چی بووە؟

- هیچ، چی ببێت. لەم تاریکییەدا هیچ شتێك نابینم. لەلای ڕاست و چەپیشەوە چاڵ و کەندەلانی گەورە هەیە. با بەرەو ڕووی بایەکە بڕۆین، دواتر بڕیار دەدەین.

ئەسپەکەیان خستە جووڵە، پاشان وەستان، نیکیتا دیسان دابەزی و لەدووی ڕێگا گەڕا، لە کۆتاییدا بە هەناسەسواری گەڕایەوە، ڤاسیلی لێی پرسی:

- شتێکت دۆزییەوە؟

- نەخێر، سەرەڕای ئەوەش نە من، نە ئاژەڵەکە هێزمان تێدا نەماوە، تۆزێك چاوەڕێ بکە با پشوویەك بدەین.

نیکیتا بۆ یەك دوو خولەکێك دوورکەوتەوە، کە گەڕایەوە کەوتە پێش ئەسپەکەوە و وتی:

- من دەتانبەم. لەدوامەوە وەرە کوڕم.

ڤاسیلی چیتر فەرمانی بەسەردا ناکات، ئەو چی بڵێت بێ یەك و دوو قبووڵی دەکات.

نیکیتا:

- گیانەکەم وەدووم کەوە.

ئەمەی وت و بەرەو ڕاست ئاراستەی گۆڕی. ڕشوەکەی گرت و بەناو بەفرەکەدا کە بەرزاییەکەی داپۆشیبوو گالیسکەکەی ڕاست بەرەو چاڵەکە ڕاپێچ کرد. یەکەمجار بەخەیاڵی ئەوەی ئەسپەکە دەتوانێت بەسەر چاڵەکەدا زاڵ بێت پێشڕەوی کرد، بەلام هەرکە هەنگاوی هەڵهێنا و هەڵینەهێنا چەقی. چەندە هەوڵی دا سەرکەوتوو نەبوو، هەتا ناوقەدی لە بەفردا دیار نەمابوو. ئەوکات نۆکەر فەرمانی دا بە ئاغا کە هێشتا لە گالیسکەکەدا دانیشتبوو:

- دابەزە خوارەوە.
یەکێك لە تیرەکانی گالیسکەکەی گرت و پاڵی پێوە نا، لەلایەکی تر هاواری لە ئەسپەکە کرد:
- دەی، دەی قارەمان، هیمەت بکە، ئەزانم قورسە، بەڵام چی بکەین چارمان نییە.
ئاژەڵەکە چەند جارێك هەوڵی دا ڕزگاری ببێت، بۆی دەرکەوت کە چیتر ناتوانێت عەرەبانەکە ڕابکێشێت بۆیە لەسەر ئەژنۆ کەوت. نیکیتا ئاوڕی دایەوە بەلای ئەسپەکەدا:
- ئای... شێری خۆم، شتی وا نابێت، خۆ لێرەدا نامێنینەوە.
هەروەك ئەوەی لە قسەکانی تێبگات سەرێکی بۆ لەقاند. نیکیتا سەرێکی تیرەکەی گرت و سەرەکەی دیکەشی ڤاسیلی، کەوتنە ڕاکێشانی گالیسکەکە. ئەمجارەیان شۆڕەئەسپ هیمەتێکی گەورەی بۆ کرد و هەڵبەرزییەوە. نیکیتا:
- دەی، یەڵڵا پاڵەوان، هیمەت بکە. دەی ئەوە ڕزگارت بوو. لەئەنجامی هیمەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئەسپەکە، گالیسکەکە قوتاری بوو. ئاژەڵی بەدبەخت هەناسەی سوار بووبوو. لەگەڵ ئەوەی نۆکەرەکە هەموو توانا هێزی خۆی خستبووە گەڕ تاکو بەو شێوەیە کەمێکی تر بڕوات، ڤاسیلی دوو پاڵتۆی خووری لە خۆی ئالاند و لەناو گالیسکەکەدا پان بووەوە. دەیویست ملپێچەکەی ـ لە گوندەکە توندی کردبوو لە گەردنی ـ شلی بکاتەوە.
- بووەستە تۆزێك، با هەوایەك هەڵمژم، خەریکە دەخنکێم.
- تۆ پشوو بدە، من دەیبەستم.
ئاغا لەنێو عەرەبانەکەدا و نیکیتاش ڕەشمەی ئەسپەکەی بەدەستەوەیە و تۆزێك ڕایکێشایە خوارەوە، کە گەیشتنە قەدپاڵەکەی تر ڕاوەستان.
ئەو شوێنەی نیکیتا لێی ڕاوەستابوو، شوێنێکی پەنا و چۆڵ بوو. ئیدی لەناو ئەو چاڵەدا نەمابوون. کە ڕەشەبا بەسەریانەوە یاری بە بەفر دەکرد و سەرماکە دابووی لە مۆخیان.

گەردەلوولەکە کەم و زۆر دەبوو،پاش ئەوەی کەمی دەکرد، هەر زوو وەك ئەوەی بیەوێت تۆڵە بسێنێتەوە شێتانە دە ئەوەندە پتر دەبوو. کاتێك ڤاسیلی پشوویەکی داو دابەزی، تاکو لە خزمەتکارەکەی بپرسێت، دەبێت چی بکەن؟ کەوتنە ناو زریانە بەهێزەکەوە، ئاغاو نۆکەر چوونە پەنای یەکتری، تاوەکو گەردەلوولەکە کەمی نەکرد بەو حاڵەوە بەبێدەنگی مانەوە. لەولاوە ئەسپەی هەژار بە دڵشکاوییەکەوە گوێچکەکانی بۆ بادا و سەرێکی بۆ لەقاند.

کە (با)یەکە تۆزێك کەمی کرد، نیکیتا دەستکێشە یەك پەنجەکانی داکەند و کردنی بەپشتێنەکەیدا. یەك دوو جار فووی کردە دەستی، بۆ بەرەڵاکردنی ئەسپەکە دەستی کرد بە کردنەوەی قایشەکانی. ئاغا سەری سوڕما:

- هێی، چی دەکەیت؟

- چی بکەم، ئاژەڵەکە بەرەڵا دەکەم. بۆ ئەو هەژارە هێزی تێدا ماوە؟

- باشە، نارۆین بەرێی خۆماندا؟

- بۆ کوێ؟ کام ڕێگایە؟ بۆ دەرچوون لێرە تەنیا ئازاردانی ئەسپەکەیە و هیچی تر، ئیتر ناتوانێت تەنیا هەنگاوێکیش هەڵبنێت.

نیکیتا کە ئەمانەی وت و ئەسپەکەی نیشان دەدا، سەروچاوی غەرقی عارەق ببوو، هێندە هەناسەی سوار بوو، ورگی هەڵبەزو دابەزی دەکرد.

- چارەیەکی ترمان نییە جگە لەوەی ئەمشەو لێرە بمێنینەوە.

کە ئەمەی وت، وەك خۆی بۆ مانەوە لەماڵێکدا ئامادە بکات، بەردەوام بوو لە کردنەوەی ئەسپەکە.

ڤاسیلی بە دەنگێکی پڕ ئەندێشەوە پرسی:

- باشە، لەسەرما ڕەق نابینەوە؟

- پێدەچێت ڕەق ببینەوە. چ بکەین، ترس هیچ سوودێکی بۆ نەهاتنی ئەجەل هەیە؟

٦

ڤاسیلی لەبری هەوڵدانێکی بێشومار بۆ رزگارکردنی عەرەبانەکە، لەژێر دوو پاڵتۆی چەرمەوە، خۆی گەرم ڕاگرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کە بۆی دەرکەوت شەو لەوێ بەسەر دەبەن، مووەکانی وەك ژیشك کرژ بوون. بەهیوای تۆزێك ئارامبوونەوە، پاکەتی جگەرە و شقارتەکەی لە گیرفانی دەرهێنا.
نیکیتا هێشتا خەریکی ئاژەڵەکە بوو. لەلایەکەوە سەرقاڵی لێکردنەوەی قایش و قرووش و ملەوانەی ئەسپەکە بوو، لەلایەکی ترەوە بە قسەکردن لەگەڵ ئەسپەکەدا هەوڵی دەدا ورەی بەرز بکاتەوە.
- یەڵڵا شێری خۆم، دەرچۆ. لغاوەکەت لێ دەکەینەوە، کا دەخەینە بەردەمت. ئاڵفەکەت بخۆی، پشوو دەدەیت.
بەڵام وا دیار نەبوو ئەم قسانە ئاژەڵەکە هێور بکاتەوە. دەلێی لەدەست مەترسییەکی شاراوە نارەحەت دەبوو و بەتوورەیی لاقەکانی دەکێشا بە زەویدا، پشتی کردە بایەکە و لە گالیسکەکە نزیك کەوتەوە، سەری هەڵدەسوو لە قۆڵی خزمەتکار. جوانە ئەسپ بۆ ڕەتنەکردنەوەی داواکاریی تاکە چاودێرەکەی، کەمێك لە ئاڵفەکەی بەردەمی هەڵگرت و خستیە دەمیەوە، بەڵام بۆ نیشاندانی ئەوەی کە بەڕای ئەم کاتی پشوودان و نانخواردن نییە، ئەوەشی لە دەمیدا بوو تفی کردەوە. ڕەشەباکە ئاڵفەکە و کایەکەی بەو چواردەورەدا بڵاوکردەوە.
نیکیتا:
- ئێستا با نیشانەیەك دابنێین.
ئەمەی وت و ڕووی گالیسکەکەی بە ئاراستەی بایەکە وەرچەرخاند. دوو تیرەکەی بەهۆی قایشەکانەوە بەست بە پێشی گالیسکەکەوە، بەجۆرێك کە سەری هەردووکیان لە هەوادا بوون. باشە، ئێستا باشە، گەر بکەوینە ژێر بەفریشەوە، خەڵکی گوندەکە بەهۆی ئەم تیرانەوە دەماندۆزنەوە و دەرماندەهێنن. هەمیشە باپیرانمان دەیانوت کە ئاوا بکەین...
نیکیتا کارەکەی تەواو کرد، دەستکێشەکانی تەکاند و لەدەستی کردن. بۆئەوەی گەرمی ببێتەوە، چەند ساتێك دەستەکانی لەیەکتر هەڵسوویی.

ئاغا لێوی پاڵتۆکەی کردبووە بەربەست و پەنا و یەك لەدوای یەك شقارتەی لێ دەدا، بەڵام لەبەر لەرزۆکی دەستی لەتاو سەرماکە، یان دەنکە شقارتەکە باش نەیدەگرت یان کە نزیکی دەکردەوە لە جگەرەکە، خێرا دەکوژایەوە. تا لە کۆتاییدا یەکێك لە دەنکە شقارتەکان گڕی گرت، دەست و پەنجەی شایەتمانی کە ئەنگوستیلەیەکی تێدا بوو لەگەڵ پووش و پەڵاشە بەفر تێکەڵبووەکەی ڕووناك کردەوە و جگەرەکەی داگیرساند و یەك دوو مژی لە جگەرەکە دا، دووکەڵەکەی لەنێوان مووەکانی سمێڵییەوە دەردەکردە دەرەوە، ئەوکات ڕەشەبا بەهێزەکە جگەرەکەی کوژاندەوە و لەگەڵ خۆی بردی.

- مادام ئاوایە، ئەم شەو لێرە بەسەر دەبەین، ڕاوەستە با ئاڵایەکت بۆ دروست بکەم.

دەستی برد، دەستەسڕەکەی گیرفانی دەرهێنا. دەستکێشەکانی داکەند، بۆئەوەی دەستی بگاتە قایشەکە، کەتیرەکانی پێکەوە گرێدابوو، کەوتە سەر نووکی پێ و پارچە پەڕۆکەی بە قایشەکەوە گیر کرد. ڕەشەباکە زۆری نەمابوو دەستەسڕەکە لەتوپەت بکات، جارێك بە تیرەکەوە لوولی دەکرد و جارێکی تر بەرەڵای دەکرد.

ڤاسیلی ڕازی بوو لە کارەکەی و لە عەرەبانەکەدا لێی دانیشت.

- ئێستاکە زۆر چاکە، باش بوو ئەوەم هات بە بیردا.

ئەمەی وت و ئاوڕی دایەوە بەلای نۆکەرەکەیدا:

- هەردووکمان لەتەنیشت یەکەوە لە گالیسکەکەدا پاڵمان بدایەتەوە، باشتر گەرممان دەبووەوە، بەڵام کارێکی دژوارە.

- گرنگ نییە، جێگایەك بۆ خۆم دەدۆزمەوە، بەڵام دەبێت ئەم ئاژەڵە دابپۆشین، بەدبەختە عارەقی کردبوو. بەدەم ئەم قسانەوە لە عەرەبانەکە نزیك بووەوە. ڕاخەرەکە ـ بڕێکی لەژێر گەورەکەیدا بوو ـ ڕایکێشا و ئەسپەکەی پێ داپۆشی.

- تۆش ئاوا گەرم دەبیتەوە.

ئیشەکەی تەواو کرد و دووبارە هاتەوە بۆ لای عەرەبانەکە، بە توانجەوە

به گەورەکەی وت:
- تۆ پێویستت بە جەواڵی ناو گالیسکەکە هەیە؟ تۆزێك پووش و پەلاشیش ببەم. ئەمەی وت و جەواڵ و هەندێك پووشی ژێر ڤاسیلی دەرکێشا و بردی. چووە پشت عەرەبانەکەوە و بەفرەکەی هەڵکۆڵی و چاڵی کرد، پووش و کایەکەی تێدا راخست و دانیشت. کێوەکەی تا پەنا گوێی بەباشی شۆڕ کردەوە. لەسەر پاڵتۆ شڕۆڵەکەیەوە جەواڵەکەی لەخۆیەوە پێچا، سەری خستە سەر تەختەی دوای گالیسکەکە بۆئەوەی سەرما لێی نەدات و هەندێك چیلکە و چەواڵیشی دا بەسەر جەستەیدا. ئەوێ جێگەیەکی پەنا بوو کە لە سەرما و بەفر و بۆرانەکە بیپارێزێت.
ئاغا هەڵسوکەوتەکانی نیکیتای لە ناخیەوە لێك دایەوە: "خۆی لەخۆیدا خەڵکی ئەم لادێیە لەوەتەی هەن نەفام و نەخوێندەوارن". لەگەڵ ئەم بیرکردنەوانەیدا دەستی کرد بە جێگەخۆشکردن لەناو عەرەبانەکەدا. پووش و پەلاشەکەی بەشێوەیەك بێو کردەوە، لایەکی مۆڵ و هەڵئاوساو بوو. تەختەی پێشەوەی گالیسکەکە لە بایەکە دەیپاراست، بۆیە سەری خستە سەری، دەستی لە گیرفانی نا و درێژ بوو.
خەو نەدەچووە چاوی. هەمان ئەندێشە لە مێشکیدا یەکتریان بەرێ دەکرد. هەردەم تەنها ئامانجی ژیان، تەنها مانای بوو، تەنها خۆشی و شادی و هەموو شانازیکردنێکی لەو پارەو پوولەدا دەبینییەوە کە دەستی کەوتووە و دەستیشی دەکەوێت. چەندی پەیدا کردبوو و لەمەودوا چەند پەیدا دەکات؟ چی بکات لەپێناوی ئەوەی لە سەروەت و سامانی هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسیت زیاتر چنگ بخات؟
ئەو زەوییانەی گوندی گۆریاچکینۆ کە بەتەمایە بیانکڕێت، نرخێکی تایبەتی هەبوو لەلای ئەم، بەلای کەمەوە چاوەڕێی پانزە هەزار ڕوپیە خێری لەو ماڵە دەکرد. ئەو بەشەی کە دوو دۆنمە و پایزی ڕابردوو بینیبووی، ژمارەی درەختەکانی دەهێنایە پێشچاوی و بەپێی لێکدانەوەی مێشکی خۆی هەژماری دەکرد: "داربەڕووەکان بۆ دروستکردنی گالیسکە بەکاردێن، بێگومان کەرەستەی دارتاشیشی لێ پەیدا دەبێت. ئەوەشی لێی

دەمێنێتەوە فڕێ نادرێت، بۆ سووتان کەڵکی هەیە. یەکسەر دەبێت دەست بکات بە بڕینەوەی درەختەکان. بەلای کەمەوە بیست و دوو ڕوپیەم لە یەك دۆنمدا دەست دەکەوێت. ئەگەر وا بکەم، ئەوەند قازانج دەکەم، ئەگەر بەم شێوەیە بکەم، قازانجەکە زیاتر دەبێت. هەتا لە کۆتاییدا دەستکەوتی ساڵانەی گەیاندە دوانزە هەزار ڕوپیە. جارێکی تریش بە قەڵەم و کاغەز حسابەکان دەکاتەوە، بەڵام من دە هەزار ڕوپیەی نادەمێ، گەر زەوییە ڕووتەڵەکانی نەخەینە سەر مامەڵەکە، هەمووی هەشت هەزاری دەدەمێ. هەندێك بەرتیل دەدەمە مەساحەکە، تاکو سەدوپەنجا دۆنمی بە ڕووتەڵ بنووسێت. دڵنیاشم هەر ئەوەندە سێ هەزار پێشەکی پێ بدەم، کتوپڕ دێتە ژێربار".

ڤاسیلی لەکاتێکدا ئەم ئەندێشانەی دەکرد، دەستێکی هاویشتە گیرفانی ناوەوە، کە دڵنیا بوو پارەکانی لە جێگای خۆیان ماون، ئاسوودە بوو: "چۆن بوو لەدوای خاڵی گەڕانەوەمان ڕێگەمان بزر کرد، تێناگەم. دەبوو لەم دەوروبەرانەدا پاسەوانی ئێشکگر دابنرایە. تەنانەت دەنگی سەگوەڕیش نایەت".

یەخەی پاڵتۆکەی هەڵبڕی و بەوردی گوێی شل کرد. بێجگە لە گڤەگڤی بایەکە و شەقەی دەستەسرەکە کە بەسەری تیرەکەوە توونـد کرابوو، دەتوت هاواری فریادرەسی دەکات بۆ ڕزگاربوون و قرچە وناڵەی بەفرەکە کەپێشی گالیسکەکەی دەکوتی، هیچی تر نەدەبیسترا.

"ئەگەر دەمزانی ئاوا ڕێگاکە ون دەکەین، شەو لە گوندی هاوسێکەمان دەمامەوە. بە ڕۆژێك دواکەوتن چی ڕوودەدات. هەم لەم هەوا ناخۆشەدا بازرگانەکانی کەرەستەی دارتاشی، نەیانوێراوە سەفەر بکەن".

لەپڕ ئەوەی هاتەوە بیر کە (9)ی مانگ، پارە لە قەسابەکە وەردەگرێت. کابرا پێی وتبوو بۆ پێدانی پارەکە، سەردانی ماڵیان دەکات. ئێستا کە منی بۆ نەدۆزرابێتەوە دەبێت چی کردبێت؟ وا هەست ناکەم ژنەکەم ئەوەندە غیرەتی هەبێت پارەکە هاتبێتە بەردەستیشی، وەریگرتبێت. خۆ ئافرەتێکی خوێندەوار و دنیادیدە نییە. ڕۆژێك لەمەوبەری بەبیر هاتەوە

که خێزانی نەیتوانیبوو بەشێوەیەکی شیاو هەڵسوکەوت لەگەڵ قایمقام بکات و خزمەتی پێویستی بکات، ئیدی ئەهلی ژنە چی لێ دەکەیت! لە ماڵی باوکیدا چی بینیوە؟ گەرچی ئێمەش لە سەردەمی باوکمدا شتێکی وا نەبووین؟ بە هەرهەموویەوە هەرچەند دەتهێناو دەتبرد، باوکم جگە لە کایەنێك و ڕەزێکی بچووك هیچی تری نەبوو، لادێیەکی سادە بوو، بەڵام من لەماوەی پانزە ساڵدا لە هیچەوە چەندم دەست کەوت: دووکانێك، ئاشێك، عەمبارێکی گەنم، دوو پارچە زەوی، خانوویەکی گەورەو گران کە دوو کێڵگەی بەدەمەوە بوو و دەدرا بە کرێ،... لە سەردەمی باوکمدا چی بووین و ئێستا بووین بە چی؟! ناوبانگی برینۆڤ بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە. ئێستا خەڵکی هەمووی باسی کێ دەکەن؟ بێگومان باسی من، بەڵام ئەم هەموو سەروەت و سامانەم چۆن دەست کەوت؟ بە کارو کاسبی و ئارەقرشتن، هەرگیز دەستم لە کار هەڵنەگرت. ئەم سەروەتە، وەکو هی خەڵکی نەهاتۆتە بەردەستم، یان بەهۆی کاری ناپەسەندەوە پەیدا نەکراوە. بێ گوێدانە بەفر و باران، بە شەو ڕۆژ و زستان و هاوین، بێوچان کۆششم کردووە. لەناو ئەم بەفرەداو لە شەوێکی ئاوادا کارم چییە؟ چونکە پارە لە قورگی شێردایە. وەك زۆر بەدبەخت، وا دەزانن بە بەخت دەوڵەمەند دەبیت، نەخێر نابیت. ئایا میرۆنۆڤەکان* کە ملیۆنەرن و لەناو پارەدا مەلە دەکەن، قەرزاری بەختیانن؟ بێگومان نەخێر، تەنها و تەنها بە کارکردن... هەر ئەوەندە بەسە لەشت ساغ بێت. دوای ئەوەی کارت کرد، خودا بەزیادەوە پێت دەدات.

ڤاسیلی کە خۆشی وەك مێرۆنۆڤەکان لە سفرەوە دەستی پێکردووە، بۆئەوەی وەك ئەوان ببیت بە ملیۆنەر، دەبێت قسە لەگەڵ یەکێکی وەهادا بکات، بەڵام لە چواردەوریدا کەسێك نەبوو بۆ گفتوگۆ کردن.

ئاخ، بگەیشتایەتە گوندی گۆریاچکینۆ، لەگەڵ خاوەنە گەنجەکەی زەوی و دارستانەکەدا بدوایە، دواتریش کڵاوی بکردایەتە سەری و زەوییەکەی لەژێر چنگی دەربهێنایە.

گوێی قوت کردبوو بۆ دەنگی زرم و کوتی پشتی گالیسکەکە بە دەستی

زریانەکە و بیری کردەوە: (ئای چەندە بەهێزە، ئاوا بڕوات تا بەیانی دەکەوینە ژێر بەفرەوە، ناتوانین بێینە دەرەوە). لە شوێنی خۆی ڕاست بووەوە و دیقەتێکی چواردەوری دا. لەناو ئەم تارماییە سپییەی چواردەوریدا کە هەموو جێگایەکی داپۆشیوە، تەنیا کەللەی ئەسپەکە، داپۆشەرەکەی سەرپشتی ـ بەدەست بایەکەوە هەلەکەسەمای بوو ـ، کلکە کلاغەدارەکەشی دەبینرا. لە هەموو لایەکەوە هەر هەمان سپیایی بێ سەروبن، بە نادیاری یەکێك دەدرەوشێتەوە و یەکێکی تر لە تاریکاییەکی هەمیشەییدا دادەپۆشێت.

"بۆچی بەگوێی نیکیتام کرد و لێرە مامەوە؟ دەبوو بەردەوام بووینایە. هەرچۆنێك بێت دەگەیشتینە شوێنێك. هیچ نەبێت دەگەڕاینەوە بۆ گۆریاچکینۆ و شەومان لەماڵی ئەو پیرەمێردە بەسەر دەبرد. قەیدی ناکات، خوا مرۆڤی تەمەڵی خۆش ناوێت، هەقی زەحمەتکێشان دەدات. تەمەڵ و تەوەزەلەکان نایبەنەوە، من سەردەکەوم. با جگەرەیەکی تر بکێشم.

دانیشت، پاکەتی جگەرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، جگەرەیەکی دەکێشا. بۆئەوەی دەنکە شقارتەکان بەفیڕۆ نەدات، پشتی هەڵکرد و یەخەی پاڵتۆکەی کردە بەربەست لەبەردەم بایەکەدا و هەوڵی دا دایگیرسێنێت، بەڵام لە کونێکەوە هەوا دەهاتە ژوورەوە و یەك لەدوای یەك شقارتەکانی دەکوژاندەوە. لە کۆتاییدا دایگیرساند و دەستی کرد بە جگەرەکێشان. دڵخۆش بوو بەوەی بەربەست بووە لەبەردەم بایەکەدا کە زیاتر لەم جگەرەکەی تەواو بکات. دیسان لە پشتی گالیسکەکەدا درێژ بووەوە، جوان خۆی داپۆشی و هەمان ئەندێشە شیرینەکانی یاد دەکردەوە. کەوتە خەیاڵی ئەو سەروەت و سامانەی بەمزووانە دەستی دەکەوێت، ئاگای لە خۆی نەما و خەوی لێکەوت، لەپڕ لەتاو جموجووڵی گالیسکەکە بەخەبەر هات، دەبێت ئەسپەکە بۆ دەرهێنانی کا لەژێریدا پاڵی پێوە نابێت، ئەگەر نا، سڵەمینەوەیەکی ناخی خۆی بوو؟ بەخەبەر هات، دڵی هێندە بەپەلە لێی دەدا، وای دەزانی گالیسکەکە لەژێریدا دەلەرێتەوە. چاوی کردەوە

و یەکەم کاری تەماشاکردنی دەوروبەری بوو. هیچ شتێك نەگۆڕا بوو، بەڵام وایزانی دونیا تۆزێك ڕۆشن بۆتەوە. ((دونیا ڕوون دەبێتەوە، زۆر ناخەیەنێت ڕۆژ دەبێتەوە)). بیری کردەوە و بۆی دەرکەوت ڕووناکییەکە ڕووناکی مانگەشەوە.

لە جێگەی خۆی ڕاست بووەوە و لەپێشدا سەیری ئەسپەکەی کرد. ئاژەڵەکە پشتی کردبووە ڕەشەباکە و لەسەرما هەڵدەلەرزی. داپۆشەرەکەی خزابوو بەلادا و بە بەفر ڕووپۆش کرابوو، لەگەڵ یاڵە زوقم گرتووەکەیدا ئیتر ئێستا باشتر دەبینران.

ڤاسیلی خۆی شۆڕ کردەوە  بەدوای گالیسکەکەدا بۆئەوەی بزانێت حاڵی نیکیتا چۆنە.

ئەو هەروەك پێشوو وابوو، شێوەی ڕاکشانەکەی تێك نەدابوو، لەگەڵ ئەو جەواڵەی خۆیی پێ داپۆشیبوو، قاچەکانی لەژێر چینێکی ئەستووری بەفردا کەوتبوو.

"لەسەرما ڕەق نەبێت! خۆ جلوبەرگەکەشی لە جلوبەرگ ناچێت، خراپ تێکچووە. شتێك ببێت، خەڵك سەرکۆنەی من دەکەن. لەبەر بێ مێشکی ئەو، من تووشی سەرئێشە و بەلاّ دەبم".

ویستی دابەزێت پۆشەری سەر ئەسپەکە لاببات و بیدات بەسەر نۆکەرەکەیدا، بەڵام دەترسا لەوەی ئاژەڵەکە بیبەستێت. لەسەروو هەمووشیەوە غیرەتی ئەوەی نەدەکرد لە شوێنی خۆی جووڵە بکات. وتی: ((بۆچی ئەم کابرایەم لەگەڵ خۆم هێنا؟ ئای، ئەو ژنە بەدفەڕەم، لە هەموو شوێنێکدا بە نەزانی خۆی دەردەخات)). لەگەڵ ئەمانەدا، قسەی ناشیرینی بە ژنەکەی دەوت، ئەوی هەرگیز خۆش نەویستبوو.

لەسەر جێگا کۆنەکەی خۆی درێژ بووەوە. لەپڕ شتێك هاتە بیری: (جارێکیان مامم لەناو بەفرێکی وەك ئەمەدا، شەوی بەسەر بردبوو، هیچی بەسەر نەهات، بەڵام شۆفێرەکەیان بە ڕەقهەڵاتوویی لەژێر بەفرەکە دەرهێنابوو).

(ئەگەر شەو لە گریشکینۆ بمامایەتەوە، ئەمانەم بەسەر نەدەهات) ئەم

ئەندێشەی کرد و بۆ لەدەستنەدانی تۆزە گەرمیەکەی لەشی، توند پاڵتۆکەی لەخۆیەوە ئاڵاند، هەوڵی دەدا بخەوێت. سەرەرای هەموو هەوڵدانێکی، خەو نەچووە چاوی، دیسان دەستی کرد بە حسابکردنی قازانجەکانی. لەبەر باشی بارودۆخی کەوتە شانازیکردن و بەخۆداهەڵدان. لەلایەکی تریشەوە هەر ئاهی پەشیمانی بۆ نەمانەوە لە گوندەکە هەڵدەکێشا، ئەندێشە شیرینەکانی یەك یەك دەرۆیشتن. ((ئەمە کەی ئیشە! ئەوێ کەی وەکو ئێرە وابوو! ئێستا لە جێگەیەکی گەرمدا دەنووستم! دەڵێی پشوودان ماڵئاوایی کردووە) .

لەبەرئەوەی جێگای نووستنەکەی نارەحەت بوو، هەر بەملاوبەولادا تەپاوتلی دەکرد. بۆ زیاتر ئارامبوون، زیاتر خۆپاراستن لە با ساردەکە، پاڵتۆکەی پێچا لە جەستەیەوە، قاچەکانی داپۆشی، بەڵام هەرچی دەکرد جەواڵەکەی لەسەر قاچی لادەچوو، سەرما لە جێگایەکەوە دزەی دەکردە ناو جەستەی، ئاهێکی هەڵکێشا و پەشیمانی نەمانەوەی لە ماڵی کابرای پیرەمێرد دایگرتەوە.

جارێکیان دەنگێکی لە شێوەی قوقەی کەڵەشێر بیست. بە کەیف و خۆشییەکەوە یەخەی پاڵتۆکەی لاداو گوێی هەڵخست، بەڵام وردبوونەوەکەی بێهودە بوو. نە دەنگی کەڵەشێر و نە هیچ گیاندارێکی تر بوو،... جگە لە شڵپەی دەستەسری تووندکراو بە تیرەکە و تەپەی بەفری باریوو بەسەر تەختەی گالیسکەکەدا هیچی تر نەدەبیسترا.

نیکیتا خەوی خۆی تێك نەدا، وەڵامی یەك دوو جار بانگەبانگی گەورەکەشی نەدایەوە. ئاغا سەری لە عەرەبانەکەوە هێنایە دەرەوە و سەیرێکی سەر پشتی خزمەتکاری کرد بیری کردەوە ((خۆ ئەم کابرایە گوێ بە هیچ نادات، بەبێ خەم لێی نوستووە)).

نزیکەی بیست جار خەوی لێکەوت و خەبەری بووەوە. دەتوت ئەمشەو تەواو نابێت، دیسان هەستاو سەیرێکی چواردەوری کرد، بیری کردەوە:

((وابزانم خەریکە رۆژ هەڵدێت، خۆزگە سەیرێکی کاتژمێرم بکردایە، وەلێ ئەگەر وا بکەم و سەرماکە بێتەناو جەستەمەوە باش نییە. گەر سەیری

کاتژمێرەکە بکەم و بۆم دەرکەوێت زۆری نەماوە ڕۆژ ببێتەوە، حاڵم باش دەبێت. یەکسەر گالیسکەکە لە ئەسپەکە دەبەستین))، بەڵام کە زانی هێشتا زۆری ماوە بۆ بەیانی، بۆ خەڵەتاندنی خۆی هەوڵی دەدا بیر لە شتی دیکە بکاتەوە.
پشتی پاڵتۆکەی بە وریایی کردەوە و دەستی کرد بە گیرفانی هێڵەکەکەیدا و کاتژمێرە بە گوڵ نەخشێنراوە زیوییەکەی دەرهێنا، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر تاریك بوو، ناچار پەنای بردە بەر شقارتەکەی، هەروەك جاران چۆن بۆ جگەرەکێشان دایدەگیرساند بەهەمان شێوە بۆی کەوتە سەر ئانیشك. شقارتە گڕگرتووەکەی لە کاتژمێرەکە نزیك کردەوە، باوەڕی بە چاوەکانی خۆی نەکرد: هێشتا کاتژمێر دوازدە و دە خولەك بوو.
((لەبەردەممدا شەوگارێکی درێژ هەیە نازانێت تەواوبوون چییە)). کە ئەمەی درکاند، هەستی بە سەرمایەکی ترسێنەر کرد لە پشتیدا. خێرا قۆپچەی پاڵتۆکەی داخست و ئەو شوێنانەی بەدەرەوە بوون، گرتنی. بڕیاری دا لە سووچێکی گالیسکەکەدا خۆی کرژۆڵە بکات و چاوەڕوان بێت.
لەپڕ لەگەڵ گڤە و ناڵەی گەردەلوولەکەدا دەنگی گیانداڕێك بیسترا. وردەوردە دەنگەکە زیادی دەکرد، پاش ئەوەی گەشتە خاڵێك، بە چاکی جیا بکرێتەوە، ئینجا وردەوردە بە تەرتیب دابەزی. هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەمە دەنگی گورگە. هێندە نزیك بوو کە سەرەڕای ئەوەی بایەکە دووری دەخستەوە. زۆر بەڕوونی دەبیسترا. یەخەی پاڵتۆکەی دانەواند و بەوردی گوێی شل کرد. ئەسپەکەش گوێچکەکانی قووت کردبووەوە.
هەرکە لوورەی گورگەکە کەمی کرد، ئاژەڵە ژیرەکە وەك ئەوەی هەواڵی مەترسییەك بدات، قاچەکانی دەکوتا بە زەویدا، پژمی، و بەترسەوە هەناسەی هەڵدەکێشا.
ڤاسیلی، ئەوە نەخەوتنەکەی لەولاوە بوەستێ، نەیتوانی بەسەر پەشۆکاوییەکەیدا زاڵ بێت. دەیویست هزری بەرێت بەلای کار و سەروەت و ناوبانگەکەیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. یەکەمجار بوو، مەترسیی مەرگ رووی تێکات. هەموو ئەمانە و پەشیمانی ئەوەش کە شەوی لە گریشکینۆ

بەسەر نەبردبوو، چووە سەری، بەڵام مەترسیی مەرگ هەموو ئەمانەی دەدایە لاوە.
((لەناوچێت ئەو دارستانە، خۆزگە بیرم لە کڕینی نەکردایەتەوە. باشە من کارێکی تر نەبوو بیکەم؟ خودا بەشی خۆمی پێداوم. ئاە بۆچی شەو لە ماڵی پیرەمێردەکە نەمامەوە؟! وتویانە مرۆڤی سەرخۆش زوو دەیبەستێت. منیش خواردوومەتەوە)). ئاغا لەگەڵ ئەم ئەندێشانەیدا لەرزێکی لێهات کە خۆیشی نەیدەزانی چیە! لەترسدایە، یان لەسەرمایە لەرزی لێهاتووە؟ نازانێت. وەك پێشوو پاڵتۆکەی لەخۆیەوە پێچا و ویستی بخەوێت، بەڵام نەیتوانی. ئیدی خۆی نەدەخزاندە نێو چاکەتەکەی. بۆ زاڵبوون بەسەر ترسەکەیدا پاکەتی جگەرەکە و شقارتەکەی دەرهێنا. تەنها سێ دانە شقارتەی خراپ مابووەوە. ئەوانیش بەهیچ جۆرێك گڕی نەدەگرت. بێئەوەی بزانێت مەبەستی چیە ((تف... خوا لەناوت بەرێ)) ئەم جنێوەی دا و جگەرەکەی شکاندو فڕێیدا. دەستی هەڵبڕی شقارتەکەی فڕێ بدات، بەڵام وازی هێنا، خستییەوە گیرفانی. هێندە غەمبار بوو، شوێنی بە خۆی نەدەگرت. لە گالیسکەکە دابەزییە خوارەوە و پشتی لە بایەکە هەڵکرد، پاڵتۆکەی ڕێك کردەوە و پشتێنەکەی تووند کرد.
لەبەرخۆیەوە وتی: ((لەبری ئەوەی لێرە دانیشم و چاوەڕوانی مەرگی خۆم بکەم، سواری ئەسپەکە دەبم و بۆی دەردەچم، تەنها یەك کەس لەسەر پشتی بێت، کاری خۆی ڕایی دەکات. ئەگەر دەڵێیت ئەی نیکیتا چی بەسەر دێت، ئەو چ جیاوازییەك دەکات بژی یان نا؟ ژیان و مردن بۆ ئەو یەك شتە، بەڵام من وەکو ئەو نیم، ژیانم گرنگیی خۆی هەیە)) ئەمەی وت و ئەسپەکەی کردەوە و ڕشوەکانی بەست. لەبەر قوورسی پاڵتۆ و جزمەکانی، هێزی ئەوەی نەبوو سەرکەوێت. چووە سەر گالیسکەکە و لەوێوە خۆی بهاوێتە سەرپشتی ئەسپەکە، بەڵام عەرەبانەکە جووڵا و ڤاسیلی کەوتە خوارەوە. ئەمجارەیان بەباشی ئاژەڵەکەی لە گالیسکەکە نزیك کردەوە. خۆشی قاچێکی خستە سەر سووچێکی گالیسکەکە و خۆی هاویشتە سەر پشتی. یەکێك لە لاقەکانی بەسەر پشتی ئەسپەکەدا ئەودیو

کرد، قاچەکانی بە قایشەکانی کورتانەکە گیر کرد و بە ئارامی دانیشت.
نیکیتا لە جموجووڵی گالیسکەکە بەخەبەر هات، سەری هەڵبڕی. وا هات بە گوێی ڤاسیلیدا کە خزمەتکارەکەی شتێکی وتبێت، بە دەنگی بەرز وتی:
- چیتر بە گوێی کەسانی ئەحمەقی وەك تۆ ناکەم. خۆ گیانی خۆمم لە زبڵداندا نەدۆزیوەتەوە. لێرە نامێنمەوە، خۆم بکوژم.
لێواری پاڵتۆکەی - ڕەشەباکە بێوی کردبووەوە - کۆیکردەوە و لە کۆشیدا توندی کرد. ئەسپەکەی غاردا بەرەو ئەو جێگایەی وایدەزانی دارستان و ئاوەدانییە.

## ٧

نیکیتا پاش ئەوەی خۆی خزاندە ناو جەواڵی دوای گالیسکەکەوە، بەهیچ جۆرێك جووڵەی نەکرد. وەك هەر کەسێکی ڕۆژهەڵات و دانیشتووی ئەوێ، دەزانێت کوێرەوەریی ژیان چیە و بێئەوەی سکاڵا بکات، بێ گوێدان بە چەرمەسەرییەکانی گیانی، دەتوانێت چەند کاتژمێر، بگرە چەند ڕۆژێك لە شوێنی خۆی بەرگە بگرێت.
کە ڤاسیلی بانگی دەکرد، وەڵامی نەدەدایەوە، چونکە جموجووڵکردن کارێکی باش نەبوو. دەیزانی ئەو گەرمایەی لە چاییەکان و هەڵزنان بە قەدپاڵەکەدا کۆی کردبووەوە زۆر ناخایەنێت. سەرەرای ئەوەش هێزی ئەوەی نەبوو بجووڵێت و خۆی گەرم بکاتەوە. هەمان حاڵی ئەسپەکەی هەبوو، وەك ئەو هیلاك و ماندوو بوو، لەگەڵ ئەوەی قامچی دەخوارد، لەجێی خۆی نەدەبزوا.
خزمەتکار لە کونی جزمەکەیەوە هەستی بە سەرما دەکرد، پەنجەکەڵەشی هەر لە زووەوە سڕ ببوو. وردەوردە سەرما بە هەموو جەستەیدا بڵاو دەبووەوە. کە بیری لە ئەگەری مردنی خۆی دەکردەوە، بەم شەوە و لەم چۆڵەوانییەدا، هەموو شتێکی تری لەبیر دەچوو و زۆر گوێی پێ نەدەدا. هەتا ئەو ڕادەیەی ئەم هەستە ترسێنەر و بێتام نەبوو لەبەرچاوی،

چونکە هیچ چێژێکی لە ژیان نەچێشتبوو، هەموو تەمەنی بە کارکردن بەبێ پشوودان، زەحمەتکێشان و کۆیلایەتی کەسانی ترەوە بەسەر بردبوو. ئیدی ئێستا خەریك بوو هەستی بە بێزاری ئەمانەش دەکرد.
مەرگ ترسێنەر نەبوو، چونکە بەدەر لە ئاغا و دەسەڵاتدارەکانی دونیا کە خزمەتی کردبوون، کەسێك ئەمی ناردبوو بۆ ئەم دونیایە، زاتێك بەبێ نرخ تەماشای ناکات، یەکێك کە هەرگیزاو هەرگیز زیانی لێ نابینرێت، بڕوای بەوە هەبوو کە گەورەترین و بەدەسەڵاترین و دڵسۆزترین و میهرەبانترین سوڵتان پێشوازی لێ دەکات.
نیکیتا لەپڕ بیری کردەوە "ئەی تاوانەکانم" کاتی سەرخۆشی، پارەکان لە مەیدا بەفیڕۆی دەدا، بێ نرخکردنی ژنەکەی و ڕۆژوونەگرتنی هاتەوە بیری،"بێگومان تاوانم زۆرە، بەڵام چی بکەین ئیدی؟ یەزدان زۆر بەخشندە و لێبوردەیە. لەگەڵ ئەمانەدا تۆبەی لە گوناهەکانی کرد.
ئەمە کۆتایی شەو ئەو ئەندێشەیەی دەکرد، بەڵام پاش کەمێك جێگای بۆ هەندێك باری ئاڵۆز چۆڵ کرد. کاتی بوکێنیی ژنەکەی، دانیشتن لەسەر مێزی مەیخواردنەوە، خراپە بێ ئەندازەکانی، لەپاشاندا وازهێنانی لە مەیخواردنەوە، ڕۆژێك لەمەوبەر و دەرچوونیان بۆ ئەم سەفەرە، ماڵی پیرەمێردەکە لە گریشکینۆ، گفتوگۆکانیان دەبارەی جیابوونەوی کورەکان، تاقە کورەکەی خۆی، ئەسپەکە کە لەژێر داپۆشەرەکەدا هەوڵی دەدا گەرم بێتەوە، ئاغاکەی لەناو گالیسکەکەدا بەهۆی بزووتنەوە جیرەجیری دەکرد، هەموو ئەمانە یەك لەدوای یەك بە مێشکیدا هاتن و تێپەڕین، کە بیری لە گەورەکەی دەکردەوە دەیوت: "بەدبەختە ئێستا زۆر پەشیمانە لەوەی لە گوندەکە نەمایەوە. ئەو هەرگیز نایەوێت واز لە سەڵتەنەتەکەی بهێنێت و بڕواتە گۆڕەوە،... من جیام و ئەو جیایە... ئەو یادەوەریانە وردەوردە تێکەڵ دەبوون، ئەمیش خەوی لێکەوت.
هەرکە ڤاسیلی هەوڵی دەدا سەرکەوێتە سەر ئەسپەکە، دوای عەرەبانەکە دەکەوتە لەقەلەق، یەکێك لە چەرخەکانی کێشا بەناوقەدی نیکیتای نووستوودا، کاتێك بەم حاڵەوە بەخەبەر هات، چاری دیکەی نەبوو، جگە

لەوەی شوێنەکەی بگۆڕێت. بەفرەکانی سەر و ملی تەکاند و هەستایە سەر پێ. هەرکە هەستایە سەر پێ هەستی کرد سەرماکە گەیشتووەتە هەناوی. نۆکەرەکە زانی بارەکە بێ کۆتاییە، داوای کرد کە پۆشەری سەر ئەسپەکە بۆ ئاغا و ئەوی سەر پشتیشی بۆ خۆی بێت. بەڵام ڤاسیلی وەك ئەوەی ئەسڵەن گوێشی لێ نەبووبێت بەردەوام بوو لە تاودانی ئەسپەکە و لەنێو گەردەلوول و بۆرانەکەدا لەچاو بزر بوو.

خزمەتکاری بەدبەخت، کەوتە بیرکردنەوە لەوەی، گوایە دەبێت بە تەنیا چی بکات. تازە توانای ئەوەی نەماوە هەستێت و بەدوای ئاوەدانیدا بگەڕێت. کە تەماشای کرد بینی جێگاکەی پێشووی پڕ بۆتەوە لە بەفر. ئەگەر لەناو عەرەبانەکەدا بخەوێت، هیچ نییە خۆی پێ داپۆشێت و گەرمی نابێتەوە، بە پاڵتۆ شڕەکەی خۆیەوە هێندە سەرمای بوو، دەتوت تەنیا کراسێکی لەبەردایە. ترسێکی زۆری لێ نیشت. پاڕایەوە: "ئەی خوای گەورە و بەسۆز". ئەو کات کە بۆی دەرکەوت تەنیا نییە، یەکێك هەیە نەدار و لاوازەکان بێ ئومێد ناکات و گوێی لە هاوار وناڵەی ئەمە، تۆزێك ئارام بووەوە و هاتەوە سەرخۆی.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، جەواڵی گالیسکەکەی هێنا و لە جێگای گەورەکەیدا درێژ بوو.

لەوێش گەرم نەبووەوە، وەك شەقشەقە هەڵدەلەرزی. لەرزەکەی نەما و جەستەی خاو بووەوە، نەیدەزانی بەرەو مەرگ ڕاپێچ دەکرا، یاخود خەوی لێ دەکەوت! بەڵام دەیزانی ئامادەیە بۆ هەردووکیان.

## ٨

ڤاسیلی بە پاژنەی پێی، ورگی دەکوتا و بە سەری ڕشوەکەی دەستیشی دەیکێشا بە سەر و ملی ئەسپەکەدا و بەرەو پێشەوە غاری دەدا، باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەگەر ڕاست لێیبخوڕێت، دەگاتە دارستان و قولەی پاسەوانەکە. کە پێشڕەوی دەکرد، بەفرەکە دەیکێشا بە دەموچاویدا و

که دەیویست ئاراستەی بگۆڕێت، دەبووە بەربەست. سەرەڕای هەموو شتێك، لێواری بەردەوام کراوەی پاڵتۆکەی و زینە ساردوسڕەکەی توونـد دەخستە نێوان لاقەکانیەوە و بەبێ ساتێك وەستان خۆی بەرەو پێشەوە کوڕ کردبووەوە و غاری دەدا. ئەسپەی تەواو شەکەت بووبوو، هەموو هێزی خۆی خستبووە کار، تاکو بەو جۆرەی سوارەکەی دەخوازێت بڕوات.

بەمجۆرە پێنج خولەك بەهەمان ئاراستە ڕێی بڕی. ڤاسیلی بێجگە لە سەری ئەسپەکە، هیچی تری لە پێشەوە نەبوو، لە چواردەوریشیدا جگە لە بیابانێکی سپیی بەفرین، هیچی تری نەدەبینی، بەدەر لە گڤەی بایەکە، کە لە یەخە ئەستوورەکەی دەدا، گوێی لە هیچی دیکە نەبوو.

لەناکاو تارماییەك لەپێشەوە دەرکەوت بە کەیفخۆشییەکی زۆرەوە بەرەو ئەو تارماییەی - وایدەزانی دیوای خانووییەکە - بەرێکەوت، بەڵام تارماییەکە ناوەستێت، ڕەشەباکە هەڵیدەگرت بە فیکەفیك، جارێك لەملا و جارێك لەولا دەردەکەوت. ئەمە بەدەر لە ڕەشەدەوەنێکی براوەی کەنار کێڵگەیەك هیچی تر نەبوو. ڤاسیلی لەبەر هەر هۆیەك بێت کە چاوی بە تارماییەکە کەوت ترسی لێ نیشت.

خێرا ئەسپەکەی لێخوڕی و لەو ناوە دوورکەوتەوە. کە سەرەتا لە دەوەنەکە نزیك بووەوە و دواتریش لێی دوورکەوتەوە، ئاراستەی یەکەم جاری گۆڕی، بەڵام دیسانەوە باوەڕی وابوو ڕاست بەرەو دارستان و قولەکە دەڕوات. لەگەڵ ئەوەی ئەسپەکە هەمیشە دەیویست بەرەو لای ڕاست بڕوات، بەڵام ئەم ڕێگەی پێ نەدەداو بەرەو لای چەپ وەری دەچەرخاندەوە.

پاش کەمێك لەنێو گەردەلوولەکەدا تارماییەکی دیکە هاتە پێشچاوی، ئەمجارە دڵنیا بوو لەوەی بەرەو گوندەکە هاتووە، زۆر کەیفخۆش بوو. بێگومان تارماییەکە هەمان دەوەنەکانی لەمەوبەر بوو. لقە وشکهەڵگەڕاوەکان دووبارە لەبەر هەرچییەك بێت ترساندیان، ڤاسیلی کە بینی لە تەنیشت دەوەنەکانەوە شوێنپێی تازە بە بەفر داپۆشراو هەیە، سەری سوڕما. دابەزی، لێی ورد بووەوە، زانی شوێنپێی ئەسپەکەی خۆیەتی، لەوانەیە لە مەودایەکی کەمدا چووبێت و هاتبێتەوە بۆ هەمان شوێن، وتی: "وابزانم بەم

هاتوچۆیەم بەرەو ئەو دونیا دەڕۆم"٠
بۆ لەدڵدەرکردنی ئەم ترس و بیمەیە، ئەسپەکەی توند غار دا٠ لەگەڵ ترسدا ململانێی دەکرد٠ لەناو ئەو تەمومژەی داپۆشیبوو ڕووناکییەك دەبینرا، بەڵام کە لێی ورد دەبووەوە، ئەویش ون دەبوو٠ جارێکیش دەنگێك ـ لە دەنگی وەڕەی سەگ یان لوورەی گورگ دەچوو ـ هات بە گوێیدا، بەڵام ئەم دەنگانە هێندە ناڕوون بوون، بۆئەوەی بەڕاستی بزانێت گوێی لە دەنگێکی ئاوا بووە یان نا! پێویستە بوەستێت و گوێقوڵاخی بۆ بکات٠
لەناکاو دەنگێکی بەرز دڵی داخورپاند، لەترسا باوەشی کرد بە ملی ئاژەڵەکەدا، بەڵام ناوقەد و ملی ئەسپەکەش دەلەرزین، دەنگەکە نزیکتر و زیاتر ترسێنەر دەبوو، کە تۆزێك هاتەوە سەر خۆی، بۆی دەرکەوت، لەوانەیە ئەسپەکە بە هەموو هێز و توانای شەویلگەکانی بحیلێنێت، بۆئەوەی هێز بداتە بەر خۆی، یان کەسێك بۆ یارمەتی بانگ بکات٠ سەرکۆنەی ئاژەڵەکەی کرد: "ئەی بێ بەڵا بیت، خۆ نیوەگیانت کردم"٠ پاش ئەوەی زانیشی لەخۆڕا ترساوە، هێشتا دڵئارام نەبوو، چونکە ترسە زەندەقبەرەکەی هەر لە دڵ دەرنەچوو بوو٠
"وەرەوە سەرخۆت، ئارام بە"٠ ئەمەی وت، هەوڵی دا سەغڵەتبوونەکەی لەبیر بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، نەیدەزانی ئێستا ئیدی بایەکە بەپێچەوانەی پێشووتر لە پێشەوە دێت، کەچی ئەم بەردەوام ئەسپەکەی خێراتر دەکرد٠
هەموو جەستەی سەرمای بوو، بەتایبەت زینە ساردەکە، دەیکێشا بە لاقیدا، شەقەی لێ هەڵدەساند، دەست و پێی تەزیبوون، هەناسەی سوار ببوو٠ بیری لەوە دەکردەوە، دەبێت بە چ جۆرێك لەناو ئەو بەفرە چۆڵەدا گیانی لەدەست بدات٠
لەناکاو ئەسپەکە پێی هەڵخزا، کەوتە ناو مۆڵە بەفرێکەوە، هەتا ناوقەدی هات، هەوڵی دەدا خۆی دەرباز بکات، وەلێ دەکەوت بەلادا٠ ڤاسیلی خێرا لەسەر ئەسپەکەوە بازی دا، یەکێك لە قولەپێکانی بزواند و ئەسپەکە قوتاری بوو، هەرکە لەسەر پشتی دابەزی، ئەسپەی ماندوو وەك ئاسکی

قوتاربوو له تەڵەی بێبەزەیی ڕاوچی، بازی دا و له مۆڵە بەفرەکە ڕزگاری بوو، لەچاوی ون بوو.
ئێستا ڤاسیلی لەناو بەفرەکەدا بەتەنیا ماوەتەوە، هەوڵی دا بگاتەوە بە ئەسپەکە، بەڵام قورسی پاڵتۆکەی و بەرزی بەفرەکە کە تا ئەژنۆی هاتبوو بووبوو بە کۆسپ لەبەردەمیدا. دە- پانزە هەنگاو ڕۆیشت، هەناسەی لێ برا. ماڵ، کێڵگە، دووکان، دەغڵ و دان، دارستان، گەنجینەکان، کوڕەکەم، ئێستا ئێوە لەکوێن؟ بیری لێ کردەوە. دواتر ئەو دەوەنانە هاتەوە بەر نیگای کە دووجار دابووی بە لایدا و بەبێ هۆ ترسی لێ نیشتەوە، گومانی لە دروستی ئەو حاڵەی دەکرد کە تێی کەوتبوو.
خۆی لە خۆی پرسی: "من خەو دەبینم؟" هەوڵی دا بەخەبەر بێتەوە، بەڵام خۆیشی دەیزانی شتێکی وا لەئارادا نییە. ڕەشەبا بەهێزەکە رووخساری دابووە بەر قامچی، بەفرەکە بەبێ وەستان دەباری بەسەریدا، هەوا ساردەکە دەستە رووتو قووتەکەی بەراستی تەزاندبوو، ڕەشە دەوەنەکان دووجار بینیبووی بە هەموو شکۆیەوە ڕاستی بوون و ئەمیش لەگەڵ مردنێکی بێشك و بێ دەربازبووندا ڕووبەڕوو دەکەنەوە.
ئینجا کەوتە پاڕانەوە: "ئەی دروستکەری زەوی و ئاسمان و هەموو رووناکی و تاریکییەك، ئەی خوای گەورە". مەراسیمی نزاکردنی دوێنێی کەنیسەکەی هاتەوە یاد: "تەنها نزاو پاڕانەوە لەم بارە ڕزگارم دەکات، با نائومێد نەبم".
ورەی دایە بەرخۆی و وتی: "بەرلەوەی بەفر شوێنپێی ئەسپەکە دابپۆشێت دەبێت دوای بکەوم. لەوانەیە بتوانم ڕێگایەك بدۆزمەوە، یان ئەسپەکە بگرمەوە، بەڵام ئەگەر بترسم و دەست و قاچم بدەم بەیەکدا، هێزم لێ دەبڕێت و لێرەدا دەمێنمەوە...
لەگەڵ ئەوەی بڕیاری دابوو بەهێواشی ڕێ بکات، بەڵام کەوتە هەڵپەکردن بەرەو پێشەوە، بە کەوتن و هەڵسانەوە پێشڕەویی دەکرد. شوێنپێکان بەتایبەت لەو جێگایانەی بەفری زۆر بوو بەزەحمەت دەبینرا.
"ماڵوێران بووم، تیاچووم، شوێنپێکان ون دەکەم". لەم ئەندێشانەدا

بوو لەناکاو هەستی بە تارماییەك کرد، بەڵام ئەوە شۆڕە ئەسپ نەبوو، گالیسکەکە، تیری گالیسکەکە، دەستەسری سەر تیرەکە، هەموویان لەوێ بوون، ئاژەڵەکە نەچووبووەوە شوێنی پێشووتری، لە جێگایەکی نزیکتر لە تیرەکانەوە ڕاوەستا، سەری جڵەوەکە ـ لەبەرئەوەی ئاڵابوو لە لاقیەوە ـ سەری دەلەقاند.

ئەسپەکە خستبوویە ناو هەمان چاڵی پێشووەوە ــ پەنجا مەتر دوور بوو، خۆی و نیکیتای تێکەوتبوون ــ، چونکە خەندەقەکە هێندە دوور نەبوو، ماوە ماوەش شوێنپێکان مابوون، دۆزینەوەی ئەسپ و گالیسکەکە کارێکی قورس نەبوو.

٩

ڤاسیلی هەرکە گەیشتە گالیسکەکە، دەستی پێوە گرت، بۆ ماوەیەك بەبێ بزووتن هەوڵی هەناسەدان و هاتنەوە سەرخۆی دا، نۆکەر لە جێگاکەی خۆیدا نەبوو، بۆی دەرکەوت تارمایی ناو گالیسکەکە نیکیتایە.

ئاغا هیچ ترسی نەما، ئێستا ئیدی تەنیا ترسێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە، گوایە ترسەکەی پێشووتر لەگەڵ ئەسپەکەدا هاتە دڵیەوە، بگەڕێتەوە. تەنیا ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لەم ترس و بیمەیە، خۆ سەرقاڵکردن بوو بە شتێکەوە.

یەکەم کار پشتهەڵکردن لە بایەکە و پاشانیش کردنەوەی پاڵتۆکەی بوو. پاش کەمێك پشوودان جزمەکانی و تاکە دەستکێشەکەی دەستی چەپی داکەند و بەفرەکانی سەروملی تەکاند. تاکە دەستکێشی ڕاستی بزر کردبوو، کێ دەزانێت کەوتووتە کام چینی بەفرەکەوە؟.

دواتر توووند پاڵتۆکەی لەخۆیەوە ئاڵاند، وەك ئەو کاتانەی گەنمی دەبرد بۆ دووکانی گوندەکە، گالیسکەکەی هەندێك لە خوارتر بەستەوە...

ئێستاش نۆرەی ئازادکردنی لاقەکانی شۆڕەئەسپە لە ڕشوەکە. پاش کۆکردنەوەی ڕشوەکان، ئاژەڵەکەی لە شوێنە کۆنەکەیدا لەبەردەمی

گالیسکەکەدا بەستەوە. خەریکی ڕێکوپێککردنی پۆشەری ئەسپەکە بوو، لەناکاو جموجوولێك لە گالیسکەکەوە هات، نیکیتا هێندەی نەمابوو ببێت بە چلورە، سەرە بە بەفر داپۆشراوەکەی بە نارەحەت هەڵبڕی و وەك بڵێیت مێش دەردەکات، بەشێوەیەکی نامۆ دەستی کردە دەستراوەشان لەسەر لووتیەوە. هەم دەستی ڕادەوەشاند و هەم هەوڵی قسەکردنی دەدا. ڤاسیلی کە زانی بانگی ئەم دەکات، وازی لە داپۆشینی ئەسپەکە هێنا و بەرەو گالیسکەکە کەوتەڕێ، پرسی:

- چی بووە، چیت دەوێت؟

خزمەتکار بەئەستەم و بە پچڕپچڕی وەڵامی دایەوە:

- من دە- م — ر — م... ئەو قەرزەی منت لایە.... بیدە بە...... ژنەکەم یان کوڕەکەم.

- چی بووە، ڕەق بوویتەتەوە؟

نیکیتا بە دەنگێکی هەنیسکاوی:

- دەزانم... مەرگ... نزیکە... خودا لە تاوانەکانم ببوورێت... دەخوازم...

ئەمەی وت و وەك ئەوەی مێش دەربکات لەسەر لووتی دەستی ڕاوەشاند.

ئاغا بۆ ساتێك بەبێدەنگی ڕاوەستا. دواتر وەك ئەو کاتانەی کارێکی پڕ سوودی ئەنجام دەدا، هەردوو دەستی کێشا بەیەکدا و بەجۆرێکی بڕیاردەر، هەنگاوێکی بەرەو دواوە نا. قۆڵی پاڵتۆکەی هەڵکرد و دەستی کرد بە پاککردنەوەی بەفری سەر خزمەتکار و گالیسکەکە. دواتر لێوی پاڵتۆکەی بە هەردوو لادا کردەوە. نیکیتای پاڵنایە دوای عەرەبانەکە و بەجۆرێك کە بەباشی داییپۆشێت بە جەستە گەرمەکەی لە سەرەوە تا خوارەوە لەسەری ڕاکێشا. ئیدی ئەو نەك تەنیا بە پاڵتۆکەی، بەڵکو بە ورگە گەرموگورەکەشی گەرم ڕایدەگرێت. لێوی پاڵتۆکەی بە چاکی توووند کرد لەنێوان نۆکەر و گالیسکەکەدا.

بێجگە لە دەنگی هەناسەدانی نیکیتا، چیتر نە دەنگی گەردەلوولەکە و

نه دەنگی جموجووڵی ئەسپەکەش دەبیستێت. خزمەتکاری بەدبەخت بۆ ماوەیەك بەبێ بزووتن و بەبێدەنگی بەو شێوەیە ڕاکشا و پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بە نەرمی جووڵایەوە.

ڤاسیلی:

- بەڵێ، ئاوا! خۆ تۆ دەتوت دەمرم. مەجووڵێ با هەندێك گەرمت بێتەوە.

مرۆڤ ئاوایە ئیدی.

ڤاسیلی لەگەڵ ئەوەی ئارەزووی دەکرد، بەڵام زیاتر قسەی بۆ نەکرا. چاوەکانی پڕ لە ئەسرین و چەناگەی کەوتە لەرزین. بۆ قووتدانەوەی هەنیسك - هاتبووە قورگی - هەولی دەدا و بێدەنگ بوو. سەری سوڕما بوو لەم بارەی تێی کەوتبوو. ئەندێشەی ئەوەی کرد کە: "دەبێت لەترسا دەمارەکانم لاواز بووبێت، زۆر خراپ تەواوم کردووە". پەستبوون و، لاوازی و ناهەمواری لەولاوە بووەستێ، کەیف و خۆشییەکی دەبینی کە تا ئێستا نەیچێشتبوو.

شانازیی بەو کەیف و شادییەوە دەکرد کە ناخی پڕ کردبوو، خۆی لەبەر خۆیەوە دەیوت: "کە وتت مرۆڤ دەبێت ئاوا بێت. ئێستا گەرمت دەکەمەوە"، بەوپەڕی بەزەییەوە باوەشی پێدا کردبوو، فرمێسکەکانی چاوی بە یەخەی پاڵتۆکەی دەسڕی، لێواری پاڵتۆکەی بایە بەهێزەکە لایدەدا، بۆیە چۆکی لێ توووند دەکرد.

هەستی کرد ئەو خۆشییەی لە دڵیدایە، هەتا بەشی یەکێکی تری لێ نەدات، ئارام ناگرێت، بۆیە وتی:

- نیکیتا..

- باش گەرم دەبمەوە.....

- گەرم ببەوە برا، گەرم ببەوە، بەڵێ ئاوا ڕێگەکەم هەڵە کرد، هێندەی نەمابوو من و تۆش بە بەستوویی خۆمان ببینینەوە.

دیسان چەناگەی کەوتەوە لەرزین، چاوی پڕ بوو لە ئەسرین، لەوە زیاتر قسەی بۆ نەکرا. بیری کردەوە، "گرنگ نییە، منیش دەزانم چی بڵێم..

بەمجۆرە ماوەیەکی زۆر بێئەوەی وشەیەکیش بڵێ، ڕاکشا.
لەژێرەوە نیکیتا، لەسەریشەوە پاڵتۆ ئەوی گەرم ڕاگرتبوو. لەبەرئەوەی بە دەستی لێوی پاڵتۆکەی دەخستە ژێر نیکیتا، بایەکەش هەمیشە لەسەر لاقی لادەدا، بۆیە دەستی و لاقی وردەوردە سەرمایان دەبوو، بەتایبەتی دەستی ڕاستی بێ دەستکێشی خەریك بوو دەیبەست، بەڵام ئیدی بیر لە دەست و قاچی ناکاتەوە، تەنها دڵی لەلای گەرمکردنەوەی ئەو کابرایەی ژێری بوو.
چەند جارێك ئاوڕی دایەوە و تەماشای ئەسپەکەی کرد. ڕەشەباکە پۆشەرەکەی سەری خستبوو، پشتی بە ڕووتی مابووەوە. ویستی هەڵسێت و بڕوات داپۆشێت، بەڵام هەرچی کرد نەیتوانی بۆ ساتێکیش بێت، نیکیتا بەم حاڵەوە بەجێ بهێڵێت و ئەو کەیف و خۆشییەی بەهۆی ئەوەوە لە ناخیدا بوو لێی جیا ببێتەوە. بەهەمان شادی و خۆشی کاتی کڕین و فرۆشتنەوە، دەیوت:
- ڕزگارت نابێت لە دەستم. گەرم گەرم ڕاتدەگرم، ئیدی مەترسییەك لەئارادا نییە.
بەمجۆرە یەك، دوو، سێ کاتژمێر ڕاکشا، تەنانەت نەیشیدەزانی کات چۆن تێدەپەڕێت... بیری لە گەردەلووله بەفراوییەکەی پێشوو، گالیسکەکە، تیرەکان، ئەسپەی لە سەرما هەڵلەرزیو، خزمەتکارەکەی کە هەوڵی گەرمکردنەوەی دەدا، دەکردەوە. پاشان جەژنەکەی بەسەریان بردبوو، ژنەکەی، قایمقامی ناوچەکەی و سندووقی مۆمەکانی، بەشێوەی ئەندێشەی جۆربەجۆر بە مێشکیدا دەهات. لەپڕ بینی نیکیتا لەژێر ئەو سندووقەدایە. دواتریش لادێیەکان کە کڕین و فرۆشیان لەگەڵ دەکرد، خانووە بە چینکۆ سەرگیراوەکان، دیوارە سپییەکان لەبەرچاویدا ڕیزیان بەست، ئەمجارەیان نیکیتای لەژێر یەکێك لە خانووەکاندا بینی، لە کۆتاییدا هەموو ئەندێشەکانی تێکەڵ بوون و بەشێوەی تەمێك لەبەرچاوی بزر بوون، ڤاسیلیش خەوێکی قووڵی لێکەوت.
پاش خەوێکی ئارام و بێ خەوبینین، نزیکی بەرەبەیان خەونێکی بینی، ئێستا

ئافرەتێك كە پێنج (كاپیك)ی داوەتێ، بەسەر سندووقەكەوە وەستاوە، لەپێشەوەی مەراسیمەكە مۆمی بۆ سووتاندن دەوێت، ئەویش دەیەوێت مۆم بدات بە ئافرەتەكە، بەڵام دەستەكانی توند گوشیون و ناتوانێت لە گیرفانی دەریان بهێنێت. دەیەوێت بچێتە ئەولای سندووقەكەوە، ئەم جارەیان قاچەكانی لە جێگای خۆیان نابزوێن، جزمە لاستیكەكانی كە تازە كڕیبوونی، نووساوە بە تەختەكەوە، هەرچی دەكات بۆی لێناكرێتەوە، لەكاتێكدا بەم دەردەوە دەناڵێنێت، لەپڕ سندووقی مۆمەكان دەبێتە ڕاخەر، بینی خۆی لە ماڵەوە و لەسەر ئەو ڕاخەرە، لەسەر دەم ڕاكشاوە. سەرەڕای ئەوەی زۆر ئارەزووی دەكات، بەڵام ناتوانێت لە شوێنی خۆی بجووڵێت، ئەویش دەبێـت هەستێت، چونكە پاش كەمێك قایمقام (ئیڤان مایتەڤیچ) دێت و پێكەوە یان بۆ باخ و دارستان كڕین، یان ڕێككردنی زینی ئەسپەكە دەڕۆن. بۆ كامیانە، ئەمیش دڵنیا نییە. لە ژنەكەی پرسی:

- میكالۆڤنا، كەس نەهات؟

ژنەكەی وەڵامی دایەوە:

- نەخێر، كەس نەهاتووە.

دەنگی گالیسكەیەك لە دەرگاكە دەبیسترا، لەگەڵ بیركردنەوە لە هاتنی كابرا دووبارە پرسییەوە:

- میكالۆڤنا، كەس نەهات؟

- نەخێر.

دەیەوێت هەستێتە سەر پێ، كە ناتوانێت چاوەڕوان دەكات، بە تۆزێك كەیفخۆشی و تۆزێك ترسەوە چاوەڕوان دەكات، لەناكاو دڵخۆشییەكەی زیاد دەبێت. بەڵێ ئەوەی كە چاوەڕێی دەكرد هات، ئەمەی هاتووە قایمقام نییە، بەڵكو ئەو كەسەیە كە لەڕاستیدا چاوەڕوانی دەكرد، خاوەنی ئەو دەنگە بوو كە پێی وتبوو لەسەر جەستەی نیكیتا درێژ ببێت. ئەو لە شێوەی نوردا دەبینرا، بانگی دەكات. زۆر خۆشحاڵ دەبوو كە دەركەوێت و لێیەوە دیار بێت. هاواری كرد: "ئەوە دێم" لەگەڵ هاواركردنیدا بەخەبەر هات. بەخەبەر هات، بەڵام چ بەخەبەرهاتنێك! بەخەبەرهاتنی ئەمجارە

لەچاو بەخەبەرهاتنی دوو سێ کاتژمێر بەرلە ئێستا دەڵێی زیندەوەرێکی تر بوو، دەیەوێت هەستێت، بەڵام ناتوانێت، ناتوانێت بجووڵێت، ناتوانێـت لاقەکانی کۆبکاتەوە. ئەگەر بیەوێت سەری بسوڕێنێـت هێزی نییە، چونکە هەست دەکات هێندەی ستوونێکی چیمەنتۆ قورسە. زۆر سەرسام دەبێـت لەم کارە و لێی تێناگات.

سەرەڕای ئەوەی دەزانێت دەمرێـت، دڵتەنگ دەبێـت. کە خزمەتکارەکەی ژێری و گەرمبوونەوەی دێتەوە یاد، ئاسوودە دەبێـت. خۆی بە نیکیتا و نیکیتاش بە خۆی دەزانێت، خەیاڵی ژیانەوەی گیانی دەکات، نەك لە خۆیدا، بەڵکو لە نیکیتادا، بەوردی گوێی هەڵدەخست، گوێبیستی هەناسەدان و مرخەمرخی ئەسپەکە دەبوو. بە ڕووخۆشییەکەوە:

- نیکیتا دەژی، کەوایە منیش دەژیم.

پارەکان، دووکانەکەی، ماڵەکەی، کڕین و فرۆشەکانی و میرانۆڤەکان دەهاتەوە یادی، ئەو پیاوەی پێی دەڵێن ڤاسیلی، چۆن خۆی و هەموو تەمەنی لەو شتە پڕوپووچانەدا خەرج کرد، ئەقڵی تێپەڕی ناکات. بۆ ڤاسیلی دەڵێت: "چی بکات داماوە، لە کۆتایی کارەکەدا ئەقڵی تێپەڕی ناکات". لێکی دەدایەوە و ئەندێشەی دەکرد: "ئەوەی ئێستا من لێی تێدەگەم، ئەم پیاوەی کە تەواو ژیر نەبووە بەدبەختە. ئیدی هەڵەکردن نییە، هەر ئێستا ڕاستییەکان خۆیان دەبینم".

داواکاری ئەوەی کەمێك لەمەوبەر بانگی کردبوو، دووبارە بیستیەوە، هەستی کرد شادی و خۆشی و ئاسوودەیی هەموو بوونیادی داپۆشیوە، وتی:

- ئەوە دێم، دێم.

ئیتر هەستی بە ئازادی دەکرد، هەستی بەوە دەکرد کە هیچ شتێك نییە ڕێگەی لێ بگرێــت... ئیدی شتێك نەماوە ڤاسیلی لەم دونیایەدا ببینێـت و ببیستێت...

بەفر زۆرە و لە شێوەی گەردەلوودا سەما دەکات، چین چین لەسەر جەستەی سارد و سڕی ڤاسیلی، ئەسپی وەك شەق شەقە هەڵلەرزیو و

گالیسکەکە دەوەستێت.
خزمەتکاریش - بەهۆی جەستەی ساردبووەوەی ئاغاکەیەوە، گەرم ڕاگیرا بوو- خەوێکی قوڵی لێکەوتبوو.

١٠

نیکیتا سپێدەی بەیانی لەسەرمای شان وملی بەخەبەر هات و چاوی هەڵهێنا. تەواو لەوکاتەدا خەوی دەبینی. ئاردی ماڵی ئاغای بەعەرەبانەیەك لەئاش دەهێنایەوە، کاتێك لەدەریایەك تێدەپەڕی پردەکە دارما و لەژێریدا مایەوە. دەچێتە ژێر عەرەبانەکەوە و شان دەنێتە ژێری و دەیەوێت بەرزیبکاتەوە، بەڵام شتێکی سەیر! بزوتنی عەرەبانەکە لەولاوە بووەسێت، نە توانای بەرزکردنەوەی هەبوو نە ئەوەی خۆی لەژێریدا دەربازبکات، وەك ئەوەی بڵێیت نووسابێت بە شانییەوە، کێ دەزانێت، لەوانەیە بشکێت. هەوا هێندەی سەهۆڵ ساردبوو. دەبوو هەرچی زووە خۆی دەرباز بکات، وەك ئەوەی کەسێك هەبێت لەسەر گالیسکەکە:" هێی! بەسە ئیدی، ئەو گوێنییانە داگرە. ئاوا هاواری کرد.
گالیسکەکە تا دەڕوات ساردتر و قورستر دەبێت لەسەرشانی. زرمەیەك هات و چاوی کردەوە، ئێستا ئیدی هەموو شتێکی لەبیرە، ڕاڤەکردنی خەونەکەی کارێکی گران نەبوو. عەرەبانە ساردەکەی سەر شانی بێجگە لە جەستەی ساردو سڕی گەورەکەی شتێکی تر نەبوو. غەڵبەغەڵبەکەش کە گوێی لێبوو ئەسپەکەبوو دوو سێ جوتەی دابوو لە گالیسکەکە.
نیکیتا سەرەڕای هەموو ئەگەرێك فشاری خستە سەر شانی، یەك دوو جار بانگی ئاغاکەی کرد:
- ئاندرێچ، هێی، ئاندرێچ ڤاسیلی !"
وەڵامێك نەبوو، لاقەکانی ڤاسیلی، ناوقەدی ڕەق، وەك گوولەیەکی قورس لەسەر شانی کەوتبوو. نیکیتا کە لە ڕاستییەك تێگەیشتبوو، بیریکردەوە:" چی بڵێت هەژارە گیانی لەدەستداوە، خودا بۆ خۆی بیبەخشێت.

سەری وەرچەرخاند و بە دەستی کونێکی لە چینە بەفرەکەی سەر ڕوخساریدا کردەوە. دونیا ڕۆشنبوو، ڕەشەباکە وەك پێشتر لەنێوان تیرەکاندا فیکەفیکی بوو، بەفریش بەردەوام دەباری، تەنیا گۆڕانکارییەك هەبوو، ئاژەڵەکە ئیتر ناجووڵێـت، هەتا هەناسەدانیشی نەدەبیسترا. وتی" وادیارە ئەویش مردووە". لە ڕاستیدا ئەو دەنگە دەنگەی نیکیتای بەخەبەرهێنا کۆتا هەوڵ وتەقەلای ئەسپە بەستووەکەبوو بۆ خۆگرتن بەپێوە پێش گیان دەرچوونی.

" ئەی پەروەردگار، ئێستاش نۆرەی منە، فەرمانت لەسەر سەرمە، چی بۆ خۆت مەیل دەکەیت با وابێـت. درەنگ یا زوو هەموومانماڵئاوایی لەم دونیایە دەکەین.. ئەمەی وت و دەستی لەکونەکە کێشایەوە و ئیدی دڵنیابوو لە مردنی خۆی، بۆیە خەوێکی قوڵی لێکەوت.

بۆ سبەینێ دەمەونیوەڕۆ خەڵکی گوندەکە جەستەی ئاغا و خزمەتکارەکەیان نزیکەی پێنج سەد مەتر لەدەرەوەی گوندەکە و شەست- حەفتا مەتر دوور لەڕێگاکەوە دۆزییەوە.

لەگەڵ ئەوەی گالیسکەکە بەتەواوی بە بەفر داپۆشرابوو، بەڵام هێشتا تیرەکان و دەستەسری سەر لوتکەی تیرەکە دیاربوون. ئەسپەکە تا ئاستی ورگی لەبەفردا چەقیبوو، وەك پەیکەرێکی سپی بەپێوە وەستابوو. سەری شۆڕکردبووەوە و کونە لوتکەکانی تۆپەڵ تۆپەڵ سەهۆڵی گرتبوو، تەنانەت فرمێسکەکانی چاویشی بەستبوونی، ئاژەڵی بەدبەخت لەم تەنیا شەودا لەڕوولاواز ببوو، دوو چڵ ئێسقان مابووەوە.

ناوقەد و لاقەکانی ڤاسیلی ئێستاش هەر دەڵێی جەستەی نیکیتایان داپۆشیوە. برژانگ و مووەکانی سمێڵی چەشنی گوێسەبان چلورەیان گرتبوو.

سەرەڕای ئەوەی هەندێك جێگەی لەشی بەستبووی، بەڵام نیکیتا هێشتا لە ژیاندا مابوو، کە بەخەبەریان هێنایەوە، لای وابوو مردووە و ئەو ڕووداو و کارانەی دێـتە بەردەمی سەر بە ئەودنیان. کاتێك کە گوێی لە غەڵبەغەڵبی خەڵکەکە بوو خەریکبوون بە خاکەناز جەستەی ئاغاکەیان

لەسەری لادەبرد،"گوایە هاوارکردنی لادێییەکان لەودونیاش بەهەمان شێوەیە، پێکهاتەی جەستەییشیان هەمان جۆرە، بیری لێ دەکردەوە، زۆر سەرسام بوو بەم بارودۆخە.
کاتێك بۆی دەرکەوت هێشتا هەر لەم دونیایەدایە و کۆچی نەکردووە، بەتایبەتیش کە پەنجەکانی قاچی بەستوونی، لەبری خۆشی، پەژارەیەکی زۆر دایگرت.
نیکیتا دوو مانگ لە نەخۆشخانە خەوێنرا، سێ پەنجەی قاچیان بڕییەوە، ئەوانەی مانەوە، چاك بوونەوە. سەرەتا وەك وەرزێر و پاشان بە پیری بە پاسەوانییەوە بیست ساڵی تر بە ساغ و سەلامەتی بەسەر برد. لە خانوویەکی وەکو ئەوی خۆی ئارەزووی دەکرد و لە ژیانێکی نوێدا ساڵی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد، بەرلەوەی گیانی دەربچێت و ماڵئاوایی بکات، داوای لێخۆشبوونی لە ژنە پیرەکەی کرد، ماڵئاوایی لە کوڕ و کوڕەزاکەی کرد، وەسێتی بۆ بووکەکەی کرد کە لەبری بەخێوکردنی بەخێوکراوێکی بێ سوود، خۆیان ڕزگار بکەن.
هاودەم لەگەڵ بیری ئەوەی کە چیتر لەم دونیایە بێزار بووە و ساڵ لەدوای ساڵ چاوڕوانیی کۆچکردنە بەرەو دونیایەکی ئاسوودە و پەسەندتر، بە دڵێکی ئارام گیانی سپارد.
ئێستا ئایا ئەو دونیایەی تێی کەوتووە باشترە لەوەی ئێرەی یان نا؟ ئایا ئەوەی خوازیار بوو دەستی کەوتووە یان نا؟ یان باشتر لەوەیە کە چاوەڕوانی دەکرد؟ وەڵامی هەموو ئەمانە ڕۆژێك کە نۆرەی ئێمەش هات دەیانزانین...

پێویست بوو ئاگرەکە هەر بە پریشکی

خۆی بکوژێنیتەوە

سەردەمانێك لە یەكێك لە گوندەكاندا پیاوێك بەناوی (ئیڤان شەرباكۆڤ) لە كات و شوێنی خۆیدا، لە باشترین چاخی ژیانیدا، بەهێز و كۆششكەر، دەژیا. هەرسێ كورەكەی لە كاركردندا دەسترەنگین بوون.

كورە گەورەكەی ئیڤان، خێزاندار و دووەمیان دەستگیراندار بوو، كوری سێیەمیشی هەرچەندە هێندە گەورە نەبوو، بەڵام چاودێریی ئەسپەكانی پێ دەكرا، لەسەروو هەموو شتێكەوە دەستی كردبوو بە جووتكردن. هاوسەرەكەی ئیڤان، ژنێكی بەجەرگ و خاوەن هەڵوێست بوو، ئەركی جێبەجێكردنی كارەكانی ماڵەوەی گرتبووە ئەستۆ، لەبەرئەوەی بووكە گەورەكەیان بێدەنگ، ژیر، تێگەیشتوو و ئیشكەر بوو، خۆیان زۆر بە بەختەوەر دەزانی.

خێزانی ئیڤان هەردەم پێكەوە ژیانیان بەسەر دەبرد. هیچ بەربەستێك نەبوو تاكو لە ژیانیاندا ناخۆشی ببینن. لەم خێزانەدا تەنها ئیڤانی پیرەمێرد و پەككەوتەی سەر جێگا كاری نەدەكرد، چونكە نەخۆشی تەنگەنەفەسی هەبوو، ئێستا حەوت ساڵی ڕەبەقە لەسەر ئاگردانە لە خشت دروستكراوەكە كەوتووە.

ئیڤان خاوەنی هەموو پێداویستییەكانی بوو، بەئەندازەی پێویستیی خۆیان، سێ ئەسپ، نۆمایەك، مانگا و گوێرەكەیەك و پانزە سەر مەڕیان هەبوو. كەیبانووەكان هەم كارەكانی ماڵەوە ڕادەپەڕێنن، هەم جلوبەرگی

پیاوەکان دەچنن و هەم لە کێڵگەدا یارمەتیی پیاوان دەدەن، پیاوەکانیش خەریکی کاری خۆیان دەبن، جووت دەکەن. ئەو گەنمەی بەرهەمیان دەهێنا، هەمیشە ئەوەندە زۆر بوو کە هەتا خەرمانانی داهاتوو بەشی دەکردن.

ئەو جاوداره‌ی بەرهەمیان دەهێنا دەیانفرۆشت و بەپارەکەی باجیان لێ دەداو ئەوەشی دەمایەوە پێداویستییەکانی دیکەیان پێ دەکری.

ئەگەر ئەو کێشە و ناکۆکی نەبووایە لەگەڵ (گابریێل)ە شەلی کوری (گۆردی ئیڤانۆڤ)ی دراوسێیاندا کە هەرگیز کۆتایی پێ نەدەهات، ئەوا هیچ رێگرێکی دی لەبەردەم خۆشگوزەرانی ئیڤان و خێزانەکەیدا نەبوو.

هەتا ئەوکاتەی کە گۆردی نەخۆش بوو و خێزانی ئەمانیش ئیڤان خۆی بەرێوەی دەبرد، ئەم دوو دراوسێیە وەك پێویست بە کامەرانی لەگەڵ یەکتر هەڵیان دەکرد، هەتا ئەو رادەی لەدەستیان دەهات یارمەتی یەکترییان دەدا، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لەم دراوسێیانە هێڵەك، لەگەن، گوێنی و شتی لەم بابەتەیان پێویست ببووایە، یان ئەگەر چەرخەی عەرەبانەی یەکێکیان تێك بشکایەو چاککردنەوەی ئەستەم بووایە، ئەوا بەبێ یەك و دوو ئەوی تریان فریای دەکەوت.

کە ئاژەڵی ئەمیان رێگای لێ هەڵە بووایە و بچوایەتە نێو دەغڵودانی ئەوی تریانەوە تەنیا شتێك کە دەیانکرد، هێنانەدەرەوەی ئاژەڵەکە بوو، بە دراوسێکەیانی دەوت: "دراوسێی بەرێز، ئاژەڵەکەی ئێوە چووبووە نێو خەرمانەکەی ئێمەوە، ئاژەڵەکە ببەرەوە، هێشتا خەرمانەکەمان کۆنەکردووەتەوە... لەسەر ئەوەی چاودێریی ئاژەڵەکانیان بکەن، شەرە دەمیان لەگەڵ یەکتری نەدەکرد، ئەو رۆژانە تەنانەت داخستنی دەرگای عەمبار و کایەن لە یەکتری، شاردنەوەی شتێك لە یەکتری، یاخود لە پاشملە باسی یەکترکردن، تەنانەت بە زیهنیشیاندا تێنەدەپەری.

لە سەردەمی باوکیاندا ئەم دووخێزانە بەمجۆرە ژیانیان بەسەر دەبرد. کەچی کە دەسەڵاتی خێزانەکان کەوتە دەستی کورەکانیانەوە، هەموو شتێك گۆرا. رۆژگار هات و تێپەری، دوژمنایەتی کەوتە نێوانیانەوە.

بووکەکەی ئیڤان مریشکێکی هێلکەکەری هەبوو، زووتر لە وەرزی خۆی دەستی دەکرد بە هێلکەکردن. ئافرەتە گەنجەکە هێلکەکانی بۆ کاتی جەژنی گاور خڕ دەکردەوە، هەموو ڕۆژێك دەچووە کولانەکەوە و هێلکەیەکی دەردەهێنا و دەیشاردەوە، ڕۆژێکیان مریشکەکە لەترسی منداڵەکان هەڵفڕییە سەر پەرژینەکە و چووە ناو کولانەی دراوسێکەیانەوە و لەوێدا هێلکەی کرد. ئەو کات ژنە بە پاککردنەوەی ماڵەکەوە خەریك بوو، هەرچەندە گوێی لە گارەگاری مریشکەکە بوو، بەڵام بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی خۆی و وتی: "ئێستا کاتم نییە، دوایی دەچم هێلکەکە دەهێنم".

ئێوارە داهات و چوو بۆ کولانەکەی، بەڵام بینی هێلکەکە لەوێ نییە، ڕۆیشت و لە خەسوو و خەزووری پرسی کە گوایا ئەوان هێلکەیان هەڵگرتبێت. هەرکە ئەوانیش وەڵامیان بە نەخێر دایەوە، یەکسەر شوبرا بچووکەکەی - تاراسکا - وتی:

- دەبێت لە کولانەی دراوسێکەماندا هێلکەی کردبێت، گوێم لێبوو لەوێ گارەگاری دەکرد. پاشان بازیدایە سەر پەرژینەکە و هاتەوە بۆ ئەم دیو.

ئافرەتە گەنجەکە بەرەو کولانەکە بەڕێکەوت تاکو لە مریشکەکە، - لە تەنیشت کەڵەشێرەکەوە فس بووبووەوە -، بپرسێ لەکوێدا هێلکەی کردووە، مریشکەکە چاوی نیشتبوو، خەریك بوو خەوی لێ دەکەوت، بووکێ بیری کردەوە: "خۆزگە ئاژەڵ زمانی هەبووایە و قسەی بکردایە". دواتر هەستا و چووە ماڵی دراوسێکەیان، دایکە پیرەکەی گابرێل هات بەدەمیەوە:

- چیت دەوێت، کچم؟

- هین...دایە گەورە، مریشکەکەی من، ئەم بەیانییە هاتبووە کولانەکەی ئێوەوە، ویستم بپرسم ئایا لێرە هێلکەی نەکردووە؟

ژنەپیرەکە بە ڕەقی وەڵامی دایەوە:

- ئێمە مریشك و شتمان نەدیوە، سوپاس بۆ خوا، ئەوانەی خۆمان دەمێکە هێلکە دەکەن، هێلکەکان بەشی خۆمان دەکەن، پێویستمان بە هێلکەی

خەڵکی نییە، هەروەها ئێمە وەکو ئێوە لە کولانەی کەسی تردا هێلکە کۆناکەینەوە.
ژنەی تورە بوو لەم وتانە، چاوی نووقاند و دەمی کردوەوە. پیرەژنەکەش توندتر بەرپەرچی دەدایەوە، هەردوو ژنەکە بەیەکدا هەڵشاخان و شەر دروست بوو، خەسووی ژنەکە ئەوکات ئاوی دەهێنا، یەکسەر بەشداری شەرەکەی کرد، ئەمەو ژنەکەی گابرێلیش هاتە دەرەوە و کۆمەڵێك شتی راست و ناراستی پێ وت و شتێك نەمایەوە پێی تاوانبار نەکات. بەمجۆرە شەرەکە تابڵێی گەورە بوو، هەریەکەیان تا ئەوەندەی دەیانتوانی هاواریان دەکرد، کەس گوێی لە دەنگی خۆی نەبوو، چی لە زاری دێتەدەرەوە.

چەندین جنێوی وەك "تۆ ئاوایت.. تۆ ئاوانیت.. تۆ دزیت. تۆ ئافرەتێکی خراپیت. تۆ بێ دینیت. تۆ خەزوورت لەبرسا دەکوژیت". لەبەرامبەر یەکتریدا ریز کرد، لایەنی بەرامبەریش بەمجۆرە وەڵامی دەدایەوە
- ئەی خۆت، کەسێکی دزیت، هێلەکەکەی منت نەدزی و پارچەپارچەت نەکرد؟ سەتڵەکانتان بە تووڵەکەی ئێمە دەنێن بە شانتانەوە، تووڵەکەمان بۆ بگەرێننەوە.
دواتر لە کاتی شەرەکەدا تووڵەکەیان راکێشا و ئاوەکەیان رشت، دەستیاندایە سنگ و قژی یەکتری و شەریان گەرم کرد. گابرێل کە لەو کاتەدا لە کێڵگە دەگەرایەوە هات بەهانای ژنەکەیەوە. ئیڤان و کورەکەشی لە ماڵ هاتنە دەرەوە و خۆیان گەیاندە شوێنی شەرەکە، ئیڤانی بەهێز و ئازا هەریەکەیانی بەلایەکدا بڕوە پێکرد، دەستی برد چنگێك مووی لە ریشی گابرێل کردەوە، خەڵك کۆبووەوە تاکو بزانن چی روویداوە، بەزۆر لێکیان کردنەوە.
بەمجۆرە دوژمنایەتی نێوان ئەم دوو دراوسێیە دەستی پێکرد، گابرێلی زەرەرمەند  بە لەدەستدانی مشتێك مووی ریشی، پەنای بردە بەر قەڵەم و کاغەز و بۆ تۆمارکردنی  سکاڵای خۆی روویکردە دادگای ناوچەکە:

- خۆ من ڕیشم بۆ ئیڤانە دەموچاو کونجاوی درێژ نەکردۆتەوە، بەدەست هەڵیبکێشێت.

ژنەکەی گابرێلیش تاوانەکەی دایە پاڵ دراوسێکەیان و داوای کرد ئیڤان ڕەوانەی گرتووخانەی (سیبریا) بکرێت، ئیدی ئاوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناکۆکییەکە پەرەی دەسەند.

باوکە پەککەوتەکەی ئیڤان هەوڵی دەدا منداڵەکانی لەگەڵ دراوسێکەیاندا ئاشت بکاتەوە، پیرەمێرد:

- منداڵەکان لەخۆڕا ئەم شەڕەتان هەڵگیرساند. ئاخر لەسەر هێلکەیەك شەڕ دەکرێت! لەوانەشە منداڵەکان بردبێتیان، چ گرنگییەکی هەیە؟ مانای ئەوەیە بەشی تۆ نەبووە، سەرئەنجام یەزدان ڕزقی هەموو کەسێك بە زیادیشەوە نادات؟ نابێت وەڵامی قسەی خراپ بە قسەی خراپ بدرێتەوە، ئەگەر دراوسێکەت وتەی ناشیرینی پێ وتیت، پێویستە تۆ بەجۆرێك هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدەیت، تۆ بە زمانێکی جوان و شیرین وەڵامی بدەرەوە تاکو ئەویش قسەی جوان فێر ببێت. ئەگەریش لەنێوانتاندا ناکۆکییەك ڕوویدابێت، بزانن کە شتی ئاوا هەموو کاتێك بۆی هەیە ببێت، ئایا کەسێك هەیە لەناوماندا گوناهی نەبێت؟ تۆ لە تاوانی خەڵکی خۆش ببە تاکو خواش لە تاوانەکانی تۆ ببوورێت. ئەمانە شتگەلێکی گران نین. درێژەکێشانی ڕقوکینە و ناکۆکی کارێکی ناپەسەندە. هەرکەسێ کێشە گەورەی بکات هەر خۆی زەرەر دەکات.

بەمجۆرە ئامۆژگاری کردن.

گەنجەکان ئامۆژگارییەکانی پیرەمێردەکەیان بە قسەی پڕوپووچ زانی و هیچ گرنگییەکیان پێ نەدا.

ئیڤان ئامادەنەبوونی خۆی بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ دراوسێکەیدا و خۆکەمکردنەوە لەبەردەمیدا ڕاگەیاند و وتی:

- من ڕیشی ئەوم هەڵنەکێشاوە، خۆی لێی کردۆتەوە. جگە لەمەش کورەکەی قۆپچەکانمی پچڕاند و کراسەکەمی دڕاند.

پاشان ئیڤان دراوسێکەی دایە دادگا، لە هەردوو دادگای ناحیە و دادگای

ئاشتەوایی دەست کرا بە لێکۆڵینەوەی دۆسیەکانیان، لەم سەروبەندەدا و لە گەرمەی کێشەکەدا چەرخەی گالیسکەکەی گابریێل دیارنەما. ژنەکانی ماڵی گابریێل کوڕەکەی ئیڤانیان بە دزینی چەرخەکە تۆمەتبار کرد. دەیانوت:

- شەو بوو، بینیمان ڕاستەوخۆ بەرەو گالیسکەکە دەڕۆیشت. ئەو دراوسێیەی دیکەشمان بینیبووی ، کاتێك ویستبووی تایەکە بە مەیخانەچییەکە بفرۆشێت.

لەسەر ئەمەش دیسان دادگا کۆبووەوە، لە ماڵی هەردوو خێزانەکەدا دەنگ و هەرا نەدەبڕایەوە، منداڵە بچووکەکانیش ڕێك وەکو ئەوەی لە گەورەکانیانەوە بینیبوویان جنێو و قسەی ناشیرینیان بە یەکتر دەوت. ئافرەتەکان بۆ جلشتن دەچوون بۆ کانی، لەوێ زیاتر لە دەستیان، دەمیان کاری دەکرد، بەردەوام قسەی ناشیاو لەزاریان دەباری.

لەپێشدا لە نەزانی و لەخۆیانەوە، بووختانیان بۆ یەکتری دەکرد، بەڵام پاشان بەئەنقەست ئەو کارەیان دەکرد. لە کۆتاییشدا هەر شتێك لەدەستیان دەهات دەیانکرد، ژنەکان منداڵەکانیان هان دەدا، بەمجۆرە ژیان بۆ هەموویان بووبوو بە دۆزەخ.

ئیڤان و گابریێلە شەل ئەوەندە سکاڵایان لە یەکتری کردبوو، کۆڕی پیاوماقووڵانی گوند و دادگای ناحیە و دادگای ئاشتەواییان بێزار کردبوو، وای لێهاتبوو کەس حەزی نەدەکرد لە داواکانیان بکۆڵێتەوە.

یا گابریێل ئیڤان، یان ئیڤان گابریێلی دەدایە دادگا و سزای پارەی دەدا بە ملیدا، ناکۆکییەکەش تا دەهات گەورەتر دەبوو. هەروەك دوو ئاژەڵی درندە کە باوەشیان بەیەکتردا کردبێت و قەپاڵ لە یەکتر بگرن هەڵسوکەوتیان دەکرد. وەك چۆن لەکاتێکدا ئەمان بەیەکدا ئاڵسکاون، کەسێك دێت و لیسێك دەدات لە پشتی یەکێك لە ئاژەڵەکان، ئەمیش وا دەزانێت ئەوی تر قەپی لێ گرتووە و ڕقوکینەی بەرامبەری زیاد دەکات، ئەم دوو ماڵەش هەروا هێرشیان دەکردە سەر یەکتری. یەکێك دەبێتە هۆی دەستگیرکردن و سزادان لەلایەن دادگاوە، لەبەرامبەریشدا تووڕەیی ئەوی تر دە ئەوەندە

زیاد دەکات و دانی لێ تیژ دەکاتەوە: "ڕاوەستە بۆم! بزانە تۆڵەی ئەمەت لێ ناکەمەوە، نیشانت دەدەم".

ئەم ناکۆکییەی نێوانیان شەش ساڵی ڕەبەقی خایاند. بەدرێژایی ئەم کاتەش، باوکە لە جێگەدا کەوتووەکەی ئیڤان، بەردەوام ئامۆژگاری دەکردن:

- ڕۆڵەکانم، ئێوە خۆشتان نازانن چیتان کردووە! لەبری ئەوەی بەرووی یەکترییدا هەڵشاخێن، خەریکی کارو کاسبی خۆتان بن، هەتا ڕقوکینەتان بەرامبەر یەکتر هەبێت کارەکە خراپتر دەبێـت، ئەوەی بەتووڕەیی هەستێتە سەرپێ بە زەرەرەوە دادەنیشێتەوە.

بەڵام کەس نەبوو گوێ بداتە وتەکانی پیرە پیاوەکە.

ساڵی حەوتەمی ناکۆکییەکە، بووکەکەی ئیڤان لە ئاهەنگێکدا کەوتە زەمکردنی گابرێل و بە دزینی ئەسپ تاوانباری کرد لەبەردەم هەموو ئامادەبووواندا. گابرێلی سەرخۆش، خۆی لە خۆیدا خوێن بەرچاوی گرتبوو، نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر تووڕەییەکەیدا، وای لێدا کە ژنەی هەژار بۆ حەفتەیەك لەسەر جێگاکەی ڕاست نەبێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژنەکە سکپڕ بوو، ئیڤان بێ یەك و دوو چوو بۆ دادگا: "ئیتر لە دەستی ڕزگار دەبم، یان بەندی دەکەن، یان دووری دەخەنەوە بۆ سیبریا"، ئاوا بیری لێ کردەوە، بەڵام خۆزگەکەی ئیڤان بێهودە بوو، پزیشکەکان جەستەیان پشکنی، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی لێدانی پێوە دیار نەبوو. دادوەر لەبەرئەوەی بەڵگەیەك لەئارادا نەبوو، سکاڵاکەی ڕەت کردەوە.

بۆیە ئیڤان سەردانی دادگای ئاشتەوایی کرد، بەڵام دادوەر سکاڵاکەی ڕەوانەی دادگای ناحیە کرد. ئیڤان بیدۆنێك مەی وەك بەرتیل دایە بەڕێوەبەر و نووسەری دادگای ناوچە، سەرئەنجام سزادانی گابرێلی بۆ چووەسەر، نووسەری ڕاوەستاوی دادگا سزاکەی بە دەنگی بەرز خوێندەوەو: "بڕیار درا بە سزادانی گابرێل گۆردێڤ بە لێدانی بیست شەلاق لەپشتی، لەبەرچاوی جەماوەردا".

ئیڤانیش ئامادەی بیستنی بڕیارەکەی دادگا بوو. تەماشای گابرێلی

دەکرد تاکو بزانێت کاردانەوەی چی دەبێـت. دوای ڕاگەیاندنی بڕیارەکە، ڕووخساری گابریێل وەکو گەڵای پایز زەرد هەڵگەڕا، پشتی هەڵکرد و تێی تەقاندە دەرەوە. ئیڤانیش بەبیانووی چاودێریکردنی ئەسپەکەی بەدوایدا چووە دەرەوە، گابریێل زۆر بەتوورەیی لەبەرخۆیەوە وتی:

- زۆر باشە، با وای لێبێت شەللاق لە من بدەن و لەناوم بەرن، بەڵام ناوم گابریێل نەبێت، ئەگەر لەوە خراپتری پێ نەکەم، با بزانین چ شتێکی ئەو دەسووتێت.

لەبەرئەمە دووبارە گابریێلیان بانگ کردەوە بۆ هۆڵی دادگا. کەوتنە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا:

- تۆ قسەی وات کردووە؟

گابریێل لە وەڵامدا:

- نەخێر، من شتی وام نەوتووە، هەرچەندە پێتان خۆشە دەتوانن سزام بدەن. هەرچۆنێك بێت دەسەڵات لە دەستی ئێوەدایە، سەرەڕای ئەوەی من مافخوراووم، کەچی ئەوەی بە تەنها مایەوە منم، تەنها من سزا دەدرێم. ئەویش بە ئارەزووی خۆی سووکایەتیمان پێدەکات و چاویشی لێ دەپۆشرێت.

گابریێل ویستی شتی تر بڵێت، بەڵام جەستەی وەکو شەقشەقە دەلەرزی. هەرکەسێك بیبینیایە لە نیگاکەی دەترسا. دادوەرەکان کە چاویان بە حاڵی کەوت، ئەندێشەی ئەوە هات بە مێشکیاندا یان لە خۆی یان دژی دراوسێکەی کارێکی خراپ دەکات، دادوەرێکی بەتەمەن بە ئەوانی وت:

- سەیرکەن برایان.. تاکە ڕێگایەك لەم گێژاوە دەرتان بهێنێـت ئاشتبوونەوەیە، گابریێل براکەم، بەڕای تۆ هەڵکوتانە سەر ژنێکی دووگیان کارێکی شیاوە؟ بەخشیشی خودایە کە شتێکی بەسەر نەهاتووە. ئەگەر نا، دەبوویت بە بکوژ، ئەوەی کردت ڕەوا بوو؟ وەرە و دان بە تاوانەکەتدا بنێ و داوای لێبووردن لە ئیڤان بکە، ئەویش لێت خۆش دەبێـت، ئێمەش سزاکەت بۆ دەگۆڕین.

نووسەری دادگا کە ئەمەی بیست، ڕەخنەی گرت:

- ئەوەی ئاماژەتان پێ کرد، دژی مادەی (١١٧)ی دەستوورە. بەبێئەوەی ڕێکەوتن لەنێوان لایەنەکاندا ڕووبدات و لەبەرئەوەی دادگا بڕیاری خۆی ڕاگەیاندووە، بۆیە دەبێت بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت.

دادوەر نووسەری بەمجۆرە بێدەنگ کرد:

- بیبڕەوە ئیدی. سەری هەموو یاساکان، گوێڕایەڵیکردنی خودایە، خوداش فەرمانی ئاشتبوونەوە دەدات.

هەرچەندە دادوەر هەوڵی دا ئاشتیان بکاتەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو. گابرێل گوێی لە دادوەر نەدەگرت، وتی:

من تەمەنم گەیشتۆتە چل ونۆ، ژنم بۆ کوڕەکەم هێناوە، لە ژیانمدا -- شەلاقم نەخواردووە، ئێستاش ئەم ئیڤانە دەموچاو کونجاوییە منی بە لەداردان مەحکوم کردووە، بڕۆم و لەویش داوای لێبووردن بکەم؟ هەرگیز! ئاشتیم ناوێت، بەسە ئیدی! ئەگەر داخی هەموو ئەمانی پێ نەڕێژم، ناوم گابرێل نەبێت! دەبێت وای بەسەر بێنم ئیڤان هەتا مابێت .منی بیر نەچێتەوە

گابرێل دیسان جەستەی کەوتەوە لەرزین، هەناسەی لێ بڕا، هەروەها لە هۆڵەکە چووە دەرەوە. مەودای نێوان خانەی داد و گوندەکە حەوت کیلۆمەتر بوو، ئیڤان درەنگ کەوت، ئەسپەکەی لە گالیسکەکە کردەوە و بردیە کایەنەکەوە. هاتەماڵەوە و کەس لە ژوورەوە نەبوو، ژنەکان چووبوون ئاژەڵەکانیان لە لەوەڕگاکە بهێننەوە، پیاوەکانیش هێشتا لە کێڵگە نەگەڕابوونەوە، ئیڤان لە سووچێکدا دانیشت و بیری دەکردەوە، ئەو دیمەنەی هاتەوە بەرچاو کە بڕیاری دادگا خوێندرایەوە و چۆن گابرێل ڕەنگی زەرد بوو، خەم و پەژارە دایگرت. بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر خۆی سزایەکی ئاوا بدرایە، چی بەسەر دەهات و دڵگران بوو بۆ گابرێل، لەم کاتەدا گوێی لە دەنگی کۆکەی باوکی بوو، پیرەمێرد زۆر بەزەحمەت لەسەر جێگەکەی بەرز بووەوە، لاقەکانی شۆڕ کردەوە و هاتە خوارەوە، پاشان بە قاچەخشێ خۆی گەیاندە لای کورسییەك و دانیشت، ئەم تۆزە جموجووڵە پیرەمێردی هیلاك کرد. دووبارە بۆ ماوەیەك کۆکییەوە. خۆیدا

بەسەر مێزەکەدا و پرسی:
- چی بوو، سزا درا؟
- بەڵێ، سزایەکی بیست شەلاقی.
پیرەپیاو سەرێکی بۆ لەقاند و:
- خراپت کرد. ئاە کورەکەم، ئاە! بەڕاستی لە هەڵەدایت. نەك بەرامبەر بە ئەو، بەڵکو بەرامبەر بە خۆت خراپە دەکەیت. بە لەداردانی ئەو، تۆ چیت دەست دەکەوێت؟
- ئەمە دەرسێکی باش دەبێت بۆ ئەو، جارێکی تر کاری لەو شێوە ناکات.
- ئەوا جارێکی تریش کاری لەو شێوەیەی نەکرد، گوایە چی دەبێت؟ خۆ هەڵسوکەوتی تۆ لە هی ئەو باشتر نەبوو.
- واتا ئەو هیچ تاوانێکی نییە؟ چی بەسەر هێنام، هێندەی نەمابوو بووکەکەت بکوژێت. ئێستاش هەڕەشەی ماڵسووتاندنی لێ کردووین، ئەو، ئەم هەموو خراپەیە بەرامبەر من بکات، منیش بڕۆم سوپاسی بکەم، وانییە؟
باوکە پیرەکەی ئاهێکی هەڵکێشاو:
- سەیرکە کوڕم، تۆ بە هەموو لایەکدا دەچیت، من ساڵانێکە لەسەر ئەم ئاگردانە کەوتووم. لەبەرئەوە تۆ وا دەزانیت کە خۆت هەموو شتێك دەبینیت و دەزانیت، منیش ئاگام لە هیچ شتێك نییە، نا ڕۆڵە گیان، وانییە، لەڕاستیدا ئەوەی هیچ نابینێت تۆیت، نەفرەت و کینە چاوەکانتی کوێر کردووە، هەڵەکانی خەڵکی لەبەرچاوت دەکەیت بە دێوەزمە، هەڵەکانی خۆشت دەکەیت بە دەرزییەك و لە یەخەتدا دەیشاریتەوە، دەڵێیت ئەو خراپەی بەرامبەر کردووم، ئەگەر تەنها ئەو هەڵەی بکردایە، ئەوا شتێك بەناوی خراپەوە لەئارادا نەدەما، خراپە یەکلایەنە نییە، دوژمنایەتی هەمیشە لەنێوان دوو لایەندا دەبێت. نەنگی لە کێوەیە؟ لە بکوژ یان کوژراوەوەیە؟ دەڵێن هەم لە بکوژ و هەم لە کوژراوەوەیە. ئەو تاوانبارە و تۆش تاوانباری کوڕم، خراپەکانی ئەو دەبینیت، ئەی ئەوانەی خۆت بۆ چاولێناکەیت؟ هەرچەندە ئەو خراپە، بەڵام تۆ چاك بوویتایە، ئەم هەموو

کارەساتانەمان بەسەر نەدەهات. کێ بوو ڕیشی کابرای هەڵکەند؟ کێ بوو گڕوگیایەکەی دزی؟ کێ بوو دادگا بە دادگا ئەوی ڕاپێچ کرد؟ تۆ تەنها ئەو تۆمەتبار دەکەیت.

گوێ بگرە کوڕە شیرینەکەم، خۆت ژیانێکی ناخۆش بەسەر دەبەیت، چەرمەسەریی ڕاستەقینە ئەمەیە! ئێمە بەمجۆرە نەژیاین، کاری خراپیشم فێری تۆ نەکردووە. من لەگەڵ باوکی ئەودا ئاوا هەڵسوکەوتم نەدەکرد. ئێمە هەریەکەمان دراوسێییەکی چاکی وەك پێویست بووین، کە ئاردیان لێ دەبڕا، یەکێك لە کەیبانووەکانیان دەهاتە لام و دەیوت: "مامە ترۆل هەندێك ئاردمان پێ دەدەیت؟". منیش وەڵامم بەم شێوەیە دەدایەوە: "کچم، بڕۆ بۆ عەمبارەکە و چەندتان پێویستە بیبە". کاتێك کەسیان دەست نەدەکەوت ئەسپەکانیان بۆ بهێنێتەوە، من بە تۆم دەوت: "دەی کوڕم ئیڤان، بڕۆ ئەسپەکانی دراوسێکەمان بهێنەرەوە". ئەگەر من پێویستم بە شتێك هەبووایە، دەرۆیشتم لەوانم داوا دەکرد: "گۆردێی گیان، تۆ فڵان شتت هەیە؟" ئەویش لە وەڵامدا: "فەرموو بیبە ترۆل گیان". بەڵێ نێوان ئێمە تا ئەو ڕادەیە خۆش بوو. بەبێ کێشە ڕۆژگارمان بەڕێ دەکرد، ئەی ئێستا؟ ڕۆژی پێشوو شەڕی پلێڤنەی دەگێڕایەوە، شەڕەکەی نێوان ئێوە لەوەی پلێڤنە گەورەترە! ئەمەی بەسەری دەبەن ژیانی پێ دەڵێن؟ بیرێك لەوە بکەرەوە چەندە تووشی گوناه بوویت، تۆ پیاوێکی بەرپرسیاریت لە ماڵ و منداڵت، بێجگە لە جنێو و قسەی ناشیرین، چی فێری ژن و منداڵت دەکەیت؟ لەم ڕۆژانەی پێشوودا کوڕە بچکۆلەکەت، (تاراسکا)، جنێوی ناشیرین نەما بە پوورە (ئیرێنا)ی دراوسێمانی نەڵێت. دایکیشی هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، تەنها گوێی دەگرت و پێدەکەنی. ئاخر کەی ئەمە ڕەوایە؟! تەنها تۆ بەرپرسیاریت لەمانە!

تەنیا جارێك ویژدانت ببزوێنە و بیرکەرەوە. مرۆڤ دەبێت ئاوا بژی؟ تۆ جنێوێك بە من بدە، من دووقاتت پێ دەڵێمەوە، من زللەیەکت لێ دەدەم، تۆ دوو زللە... نا ڕۆڵەکەم، نا. ئەو ڕێگەیەی پەیامبەرەکان نیشانیان داوین، ئەمە نییە. ئەگەر وتەیەکی نەشیاوت لە یەکێکەوە بیست، بێدەنگ ببە تاکو

ناخی کابرا ئارام دەبێـت. تێدەگەیت؟ ئەگەر کەسێك زللەیەکی دا لەلایەکت تۆ ئەولاکەی تریشی بۆ بگرەوە با لێیدا، دوژمنەکەشت ویژدانی هەیە، دەروونی کابرا سەرزەنشتی دەکات، سەرئەنجام نەرم و نیان دەبێت و گوێت لێ دەگرێت، دینەکەمان وای فێر کردووین کە لەخۆبایی و لەخۆڕازیی نەبین. بۆ بێدەنگیت؟ وتەکانم ڕاست نین؟

ئیڤان بێدەنگ دانیشتبوو، گوێی بۆ باوکی شل کردبوو.پیرەمێرد بەزەحمەت خۆی لە کۆکە هەراسانکەرەکەی ڕزگار کرد و درێژەی بە قسەکانی دا:

- بەڕای تۆ پەیامبەرەکان شتی هەڵەیان فێر کردووین؟ ئەوان هەمیشە لەپێناوی ئێمەدا و بۆ چاکەی ئێمە تێکۆشاون. سەیرێکی ژیانی ئەم دونیایە بکە. ئەو بارەی لەنێوانتاندا سەری هەڵداوە، باشتر، یان خراپترە لە جەنگی پلێڤنە؟ تەنها ئەو پارانەی لە ڕێگەی دادگادا خەرجت کردوون، ئەژمار بکە، چوون و هاتنەوە و نانخواردنی ڕێگەت چەندی تێچووە؟ تەماشاکە منداڵەکانت، بوون بە پیاو، ئەو پارەیە لەبری ئەوەی لەم کارەدا بەهەدەری بدەیت، دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ فراوانترکردنی کارەکەیان، هەم لەکاتی پیرێتیدا سوودی لێ دەبینیت، بەڵام ئێستا پارەکانت کەمی کردووە، باشە بۆچی؟ بێگومان لەبەر لووتبەرزی و کەللەڕەقی خۆتە، تۆ دەبووایە ئێستا لەگەڵ ماڵ و منداڵت سەرقاڵی کێڵن و تۆوکردن بوونایە. کەوابێت تۆ گوێڕایەڵی ئەهریمەن دەکەیت و بەدوای دادوەرەکانەوەیت، هەڵبەت ئەگەر زەوییەکە لەکاتی خۆیدا نەچێنیت بەرهەمت نابێت. بۆچی ئەم ساڵ گەنمت نەبوو؟ کەی تۆوت دابوو؟ کە لە شار گەڕایتەوە؟ شارت کردووە بە خەرەك، باشە لە دادگا چیت دەست کەوت؟ بێجگە لە بەربەرەکانی چیت بەدەست هێنا؟ نا کوڕم، نا، ئەم کارانە بەو جۆرە نابێت، تۆ خەریکی کاری خۆت بە، لەگەڵ منداڵەکانت لە کێڵگە و ماڵەوە کۆشش بکە، کەسێك ئازاری دایت لێی ببوورە. بەمجۆرە هەم گوێڕایەڵی فەرمانی یەزدان دەبیت، هەم تووشی زیان نابیت. ئەوکات ژیانت بۆ ئاسان دەبێـت، بە خۆشی و ئاسوودەیی دەژیت.

ئیڤان هەر بێدەنگ بوو...

- کورم ئیڤان، گوێڕایەڵی داواکارییەکانی باوکە پیرەکەت بکە، لە ئێستاوە باسی لێوە مەکە، گالیسکەکەت ئامادە بکە و ڕاستەوڕاست بچۆ بۆ شار، هەموو سکالاکانت پووچەڵ بکەرەوە، کۆتایی بهێنە بەم کارە پڕوپووچە. بەیانیش هەستە بڕۆ بۆ لای گابرێل و لەبەر خوا لەگەڵیدا ئاشت بەرەوە. بۆ جەژنە پیرۆزەکەی سبەینێش بانگهێشتی بکە بۆ ماڵەوە، چا لەسەر سەماوەرەکە لێبنێن و پێکەوە نان بخۆن، بەمجۆرە ناکۆکییەکانی نێوانتان کۆتایی پێ دێت، بڕیارەکەت بۆ منداڵەکانیشت ڕوون بکەرەوە، بڵێ ئەوانیش هەمان کار ئەنجام بدەن.

ئیڤان هەناسەیەکی قووڵی بۆ هەڵکێشا و لە ناخی خۆیدا وتی: "باوکم ڕاست دەڵێت، بوغز و نەفرەتەکەی نێو دڵی کەم بووبوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن ئەم کارە جێبەجێ بکات!

پیرەمێرەد درکی بەوە کرد، کورەکەی بیر لە چی دەکاتەوە:

- خێراکە، ئیڤان زیاتر چاوەڕێ مەکە، هەتا ئاگرەکە گەورە نەبووە، بیکوژێنەرەوە، پاشان کە کار لەکار ترازا دەربازت نابێت.

هەرچەندە پیاوە پیرەکە ویستی بەردەوام بێت، بەڵام دەرفەتی نەبوو. لەو کاتەدا وەکو قەلەڕەش بە قیرەقیر خۆیان کرد بە ژووردا، هەواڵی لەداردانی گابرێل و هەڕەشەی سووتاندنی ماڵەکەیان بیستبوو. ئەوەی بیستبوویان، خۆشیان هەندێکی دیکەیان خستبووە سەر و لەگەڵ ئافرەتەکانی خێزانی گابرێلدا هاتبوونە مەیدانی جەنگەوە، بووکەکەی گابرێل دەستی کرد بە باسکردنی ئەوەی کە چۆن هەڕەشەیان لێ کراوبوو. بەپێی قسەکانی، دادوەری لێکۆڵەرەوە، پشتی گابرێلی گرتووە، بڕیارەکە بەپێچەوانەوە هەڵدەگێڕێتەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەش ئەمجارە لە دژی ئیڤان یاداشتێکی بەرز کردەوە بۆ دادگا، لەم یاداشتەدا دزرانی چەرخەی گالیسکەکە و بابەتی لەوەڕگاکە ڕوون کرابوونەوە، لەبەرئەوە نیوەی لەوەڕگاکەی ئیڤان دەچێتە سەر بەشەکەی گابرێل.

کاتێك ئیڤان قسەی ژنەکانی بیست، دووبارە دڵی پڕ بوو لە کینە و وازی

له ئاشتبوونەوە لەگەڵ گابریێل هێنا، دوای ئەوەی لەگەڵ ئافرەتەکان دووا، چووە دەرەوە.
بیری لەوە دەکردەوە کە لە کێڵگەیەکدا گەلێك کار بەرامبەر سەرۆکی خێزان دەکرێت، چوو بۆ جێگای خەرمانەکە، لەوێشەوە سەرێکی عەمبارەکەی دا، کاتێك کارەکانی تەواو کرد، خۆر ئاوا بوو، کورەکانیشی لە کێڵگە گەڕابوونەوە، کورەکان بۆ دەستخستنی بەروبوومی زستانە بە دوو ئەسپ کێڵگەکەیان دەکێڵ، ئیڤان چووە لایان و هەواڵی چۆنیەتی کارەکەیانی لێ پرسین، یارمەتی دانانی کەرەستەکانی دان لە جێگای خۆیاندا.
زینە دراوەکەی لە گۆشەیەکدا دانا بۆ چاککردنەوە. ویستی شووڵەکان بخاتە ناو عەمبارەکەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دونیا زۆر تاریکی کردبوو، پەشیمان بووەوە، ئاخوڕی بە ئاژەڵەکان دا و دەرگای گەورەکەی کردەوە و ئەسپەکانی کردە دەرەوە.
تاراسکای کوڕی، شەو ئەسپەکان دەبات بۆ لەوەڕ، بۆیە دەرگای دەرەوەی بە کراوەیی بەجێهێشت. دەرگای ژوورەوەی کلیل داو لەبەر خۆیەوە: "ئیدی نانەکەم دەخۆم و دەنووم".
زینە دراوەکەی هەڵگرت و خەریك بوو بڕواتە دەلاقەکەوە، هەرکە دەسکی دەرگاکەی گرت، گوێی لە دەنگی دراوسێکەیان بوو، هەتا ئەو کاتە لەمێژە قسەکانی گابریێل و باوکی لەبیر کردبوو. گابریێل بە دەنگێکی پڕ لە بێزاری نزای شەڕی دەکرد: "لەڕاستیدا شایانی ئەوەن کە بمرن و بچنە ناخی دۆزەخەوە".
ئیڤان هەرکە گوێی لەم قسانە بوو، ئاگرێك بەربووە ناخی، ڕقوکینەکەی بەرامبەر دراوسێکەی دیسان بڵێسەی سەندەوە، پاش گوێگرتن لە دراوسێکەی ڕۆیشتە ژوورەوە.
لەبەر ڕووناکی چراکە، بووکەکەی خووری دەڕێست، ژنەکەی سفرەکەی ئامادە دەکرد، کوڕە گەورەکەی قایشی دەدا لە پێیەوە لە توێکڵی درەخت دروستکراوەکانی، کوڕە ناوەنجیەکەی کتێبی دەخوێندەوە، تاراسکاش خۆی بۆ لەوەڕاندنی ئەسپەکان ئامادە دەکرد، لەم ماڵە بچکۆلانەدا هەموو

کەسێك کەیفخۆش بوو، ئەگەر ئەو شەڕە ناپەسەندە نەبووایە.
ئیڤان کە هاتە ژوورەوە بەداخ بوو. پشیلەکە لەسەر کورسییەکەوە خۆی فڕێدایە سەر زەوی، هاواری کرد بەسەر ژنەکاندا، لەبەرئەوەی جەوەنەی ئاوهێنانەکایان لە شوێنی خۆی دانەنابووەوە. لە تووڕەییدا نەیدەزانی چی بکات، بڕۆکانی هێنایەوە یەك و دەستی کرد بە چاککردنەوەی زینەکە، بەڵام هەرچی دەکرد هەڕەشەکانی دەرەوەی دادگا و وتەی (شایانی مەرگە)ی تۆزێك بەرلە ئێستا، لە مێشکی دەرنەدەچوو.
ژنەکەی خواردنەکەی تاراسکای هێنا، تاراسکا نانەکەی خوارد و پاڵتۆ کۆنە چەرمەکەی لەبەر کرد، پشتێنەکەی لەپشت کرد و پارچە نانێکی برد و چووە دەرەوە، دونیا تەواو تاریکی کردبوو، ئاسمان بە هەورێکی خەمۆك داپۆشرابوو، ڕەشەبایەکی توند هەڵیکردبوو. ئیڤان لە قادرمەکان هاتە خوارەوە و یارمەتی دا سواری ئەسپەکە بێت، نۆمایەکی خستە دوای کوڕەکەی و ماوەیەك چاوی لێ نەبڕی، هەتا لە گوندەکەوە ڕاست بەرەوخوار بووەوە. کەمێك پێشتر هەندێك گەنجی ئەسپسواری تری بینی، هاتنە لای کوڕەکەی.
هەتا گەنجەکان لەچاو ون بوون لە باخچەکەدا چاوەڕێی کرد، ئەو هەڕەشەیەی گابرێل کە دەیوت: "دەبێت نیشانی بدەم شەلاقلێدان چییە، با بزانین چ شتێکی ئەو دەسووتێت؟ لە گوێیدا دەزرنگایەوە.
لە ناخەوە بیری لەوە دەکردەوە: "ئەم کابرایە خوێن بەری چاوی گرتووە، وا بزانم نە بەزەیی بە خۆیدا دێتەوە نە بە ئێمەدا. هەموو شتێك وشکە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشەبایە. لەپشتی ماڵەکەوە خۆی حەشار دەدات و شتێك گڕ پێوە دەنێت و هەڵدێت. ئەم هەتیومچەی تاوانبارە هەم ئێمە دەسوتێنێت و هەم خۆشی بە بێ تاوان دادەنێت و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت، با لەقافدا بەسەر تاوانەکەوە بیگرم، ئەوسا بەبێ بەزەیی پاکی دەکەمەوە".
ئەم بیرە هێندە دابووی لە کەللەی، لەبری ئەوەی بچێتە ژوورەوە، هەتا سووچی کۆڵانەکە ڕۆیشت بە نەرمی: "چواردەوری حەوشەکە دەگەڕێم،

کەس نازانێت چی دەکات". لە سووچەکەدا لەوسەری پەرژینەکەوە لەبەرچاویدا وەك ئەوەی شتێك بجوولێتەوە وابوو، شتێك دەردەکەوت و دواتر بزر دەبووەوە.
ئیڤان ڕاوەستا و لەو دەوروبەرە ورد بووەوە. خامۆشییەك ئەو ناوەی داگرتبوو. تەنیا ڕەشەباکە لقی چنارەکەی دەلەراندەوە، خشەخشی بە قامیشی گوێسەبانەکە دەکرد. سەرەتا لە تاریکییەکەدا هیچی نەدەبینی، بەڵام ئێستا چاوەکانی بە تاریکاییەکە ڕاهاتوون، هەندێك چواردەوری خۆی دەرك پێ دەکات. سەری پەرژینەکە، گوێسەبانەکە و گاسنەکەی دەبینی، ماوەیەك دەوروبەری چاولێکرد، بەڵام کەسی نەبینی.
"لەوانەیە کەس لێرە نەبێـت و من خەیاڵم کردبێـت، بەڵام بەهەرحاڵ کۆنترۆڵێکی چواردەوری پەرژینەکە دەکەم". ئەمەی وت و بە پسکەپسك کەوتەڕێ، بەدرێژایی دیواری عەمبارەکە ڕێی کرد، هێندە بەهێواشی هەنگاوی دەنا کە تەنانەت خۆشی گوێی لە تەپەی پێیەوە لە توێکڵی دار دروستکراوەکانی نەبوو، گەیشتە سووچەکە و تەماشای لایەکەی دیکەیشی کرد، هەستی بە ڕووناکییەك کرد، لە تەنیشت پەرژینەکەوە، دەتوت شتێك پریشك دەدات و دەکوژێتەوە، لەترسا نیوەگیان بوو، لە شوێنی خۆیدا وشك بوو.
لەهەمان شوێندا چاوی بە ڕووناکییەکی گەورەتر کەوت. ئیڤان، زۆر بەڕوونی کەسێکی کێو لەسەری پشت لە خۆی بینی کە چیچکەی کردبوو، گڕی بەردایە لاسکی خەلەکە، دڵی بەشێوەیەك کە سنگی کون بکات لێی دەدا، بە هەنگاوی فراوان بەرەو کابرا خێرا بەڕێکەوت. ئەوکات تەنانەت هەستی بە هەبوونی قاچەکانیشی نەدەکرد، لەبەرخۆیەوە: "ئیدی لەدەستم ڕاناکەیت، بەسەر تاوانەکەوە دەتگرم".
مەودایەکی کەم لەنێوان ئیڤان و کابرادا مابوو کە پریشکە بچووکەکە گەورە بوو، سەربانەکە کە بە قامیشی لاسك داپۆشرا بوو، سەرەتا پاسارەکەی، دواتریش ڕووی سەرەوەی گڕی گرت، لەبەر ڕووناکی ئاگرەکە بەئاسانی دیار بوو، کە ئەو کابرایە گابرێلە.

ئیڤان وەك سوێسكە كەوتە دوای گابرێلە شەل، بیری دەكردەوە: "ئیدی كاری تەواوە، لەدەستم هەڵنایەت، هەر دەیگرم".

ئەوكات گابرێل گوێی لە تەپەی پێی ئیڤان بوو، هەتا قاچی بگرێت، گورج بازێكی هەڵدا بەسەر پەرژینەكەدا وەك ئاسكی ترساو لە پڵنگ هەڵهات.

ئیڤان وتی: "ئیدی لەدەستم رزگار نابیت" و وەك تیر كەوتە شوێنی. تەواو خەریك بوو یەخەی بگرێت، گابرێل خۆی خستە كەنار و لەدەستی دەرچوو. ئیڤان چاكەتەكەی راكێشا، بەڵام چاكەتەكەی بەدەستیەوە درا، ئەگەرچی لەناكاو كەوت بە زەویدا، بەڵام دەستوبرد هەستایەوە و رایكرد، لەلایەكی تریشەوە هاواری دەكرد: "فریام كەون... ئەو ریسوایە بگرن، ئەو دزە...

هەتا ئیڤان خۆی گورج كردەوە، گابرێلە شەل نزیكی حەوشەی خۆیان بووەوە، بەڵام ئیڤان دیسان پێی گەیشتەوە، هێندەی نەمابوو بیگرێت، لەپڕ شتێك ـ وەكو بەرد رەق بوو- كێشای بەسەریدا و ئاگای لە خۆی نەما. گوێچكەی كاس ببوو، گابرێل، ئەوكات لیسێكی بەرووی هەڵگرت و بە هەموو هێزی خۆی كێشای بەسەری ئیڤاندا.

ئیڤان وەك شێتی لێهات. لەچاوانیدا دەڵێی هەورەبرووسكە لێدەدا، پاشان بەرچاوی رەش بوو، لاقەكانی شەل وپەل بوون، قاچی بەیەكدا دەهات و لە شوێنی خۆیدا كەوتە سەر زەوی.

كە ئیڤان هاتەوە هۆش خۆی، گابرێل لەو ناوەدا نەبوو. ناوچەكە وەك رۆژ بووبێتەوە رووناك بوو، دەنگەدەنگی شێوەی خرەی مەكینە لای ماڵەكەوە دەهات. ئیڤان ئاوری دایەوە، بینی عەمبارێك بەتەواوی سووتاوە و عەمبارێكی تریش تازە گڕی گرتبوو. گڕ و دووكەڵی قامیش و كایە سووتاوەكە راست بەرەو ماڵەوە بەهۆی رەشەباكەوە ئاراستە ببوو.

ئیڤان دەیكێشا بە ئەژنۆی خۆیدا و بەسەر خۆیدا دەینەراند: "ئای خوایە گیان، ئەمە ئیتر چیە؟ ئەگەر یەكەمجار پریشكە بچووكەكەی بینیم، بمكوژانایەتەوە، ئەم ئاگرە گەورەیە نەدەكەوتەوە، تەنها ئەوە بەس بوو تۆزێك خاشاكم بكردایە بەسەریدا".

پاش کەمێك خیزە لە گەروویەوە هات، هەناسەی سوار بوو، ویستی رابکات، بەڵام دەسەڵاتی نەبوو و قسەی بەسەر لاقەکانیدا نەدەرۆیشت، هەرچۆنێك بوو لاقەکانی بزوواند و هێواش هێواش کەوتەرێ، پاشان دەنگی لێوە هات و دیسان هەناسەی لێ برا. دوای راوەستان و پشوودانێك کەوتەوە رێ، کە ئەم گەیشتە لای عەمبارەکان، عەمباری دووەمیش بە گڕی ئاگرەکە چواردەوری گیرا بوو، بڵێسەی ئاگر تاکو دەرگای دەرەوە و دەروازە سەرگیراوەکە دزەی کردبوو، بەهۆی گروتینی ئاگرەکەوە بەرەو ماڵەکە، چوونە دەرەوە بۆ حەوشەکە کارێکی مەحاڵ بوو، قەرەباڵغییەکی گەورە دروست بوو، بەڵام شتێکیان لەدەست نەدەهات. ماڵەکانی نزیکیان لەترسی ئەوەی ماڵەکانی ئەمانیش گڕ دەگرێت، کەلوپەلەکانیان دەهێنایە دەرەوە.

دوای ماڵی ئیڤان، ماڵەکەی گابرێلیش دەستی بە گڕگرتن کرد، لەبەر بەهێزی رەشەبایەکە بڵێسەی ئاگرەکە گەیشتبووە ئەوسەری کۆڵانەکە، هەرچی هەوڵ بوو بێهوودە دەردەچوو، سەرئەنجام نیوەی گوندەکە سووتا، و بوو بە خۆڵەمێش.

باوکە پیرەکەی ئیڤان بەزەحمەت لە ماڵە سووتاوەکە قوتاری بوو، ئەندامانی تری خێزانەکە بەوەی کە لەبەریاندابوو هەڵهاتن و تەنیا خۆیان بۆ رزگار کرا، بێجگە لەو ئەسپانەی ئەم شەو برابوون بۆ لەوەرگا، هەرچییەکیان هەبوو لە رەشەوڵاخ، پەلەوەر، گالیسکە، گاسنەکان، خەرمانەکان، لەگەڵ ئەوانەی لە ژوورەوە بوون سندووقی کەلوپەلی ژنەکان، دانەوێڵەی ناو عەمبارەکە، هەمووی سووتا و یەکپارچە بوو بە خەڵوز. ماڵی گابرێلیش ئاژەڵەکان و هەندێك شتومەکی تریان بۆ رزگار کرا.

ئەو شەوە تا بەیانی ئاگر بەردەوام بوو، ئیڤان، لەبەردەم ماڵەکەیدا هەڵوێستەی کردبوو و تەماشای ئاگرەکەی دەکرد و بەردەوام لەبەرخۆیەوە دەیوت: "پەنا بە خوا، ئەمە چۆن کارێکە! ئەگەر یەکەم پریشکم بکوژاندایەتەوە، وای لێ نەدەهات، تەنیا ئەوەندە بەس بوو تۆزێك پووش و پەڵاش بسوومە سەری".

لەم کاتەدا سەقفەکە دارما و ئیڤان ڕێك بەرەو ماڵەکە تێی تەقاند و چووە ناوەوە، ستوونێکی بە زەویدا خشاند و هەوڵی دەرهێنانی دەدا، ژنەکان چاویان بەم حاڵەی کەوت، هاوار و ناڵەیان لێ بەرز بووەوە و داوایان لێ کرد بێتە دەرەوە، ئیڤان بەبێ گوێدانە بانگەبانگی ژنەکان، ستوونێکی ڕاکێشا و هێنایە دەرەوە، پاشان کۆتەرەیەکی هەڵگرت، بەڵام هاوسەنگیی خۆیی لەدەست دا و کەوتە سەر ئاگرەکە، کورەکەی کەوتە فریای و بەدوایدا چووە ژوورەوە و بەدوای خۆیدا لەنێوان بڵێسەکانی ئاگرەکەوە ڕایکێشایە دەرەوە، قژو ڕیش و جلەکانی ئیڤان هەڵپروزکابوون، شوێنی سووتاوی بەدەستیەوە بوو، بەڵام هەستی بە هیچ نەدەکرد.

پاش ئەوەی خەڵکی لادێکە ئیڤانیان بەو جۆرە بینی، وتیان: "بەدبەخت لە مەراقدا خۆی ون کردووە". ئاگرەکە خۆی بۆ خۆی دەکوژێتەوە، بەڵام ئەو بەردەوام لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "پەنا بە خوا، ئەمە چیە؟ خۆزگە بە قاچ یەکەم پریشکم بکوژاندایەتەوە".

کە ڕۆژ بووەوە، کوری موختاری گوند هات، ئیڤان بانگ بکات، وتی:

- مامە ئیڤان، باوکتان خەریکە دەمرێت. منی نارد ئێوەی بۆ بانگ بکەم. دەیەوێت گەردنئازاییتان لەگەڵ بکات.

ئیڤان، تەنانەت باوکیشی بەیەکجاری لەبیر کردبوو، لە قسەکانی منداڵەکە تێنەگەیشت:

- باوکی چی، کێ دەیەوێت؟

کورەکەی موختار:

- باوکی جەنابت، بۆ گەردنئازاییکردن، وتی ئێوەی بۆ بانگ بکەم، خۆی لە ماڵی ئێمەیە، لە سەرەمەرگدایە، دەی مامە ئیڤان با برۆین.

ئەمەی وت و دەستی دایە ژێرباڵی ئیڤان و پێکەوە چوون بۆ ئەو ماڵەی باوکی لێ بوو.

پیرەمێردەکە، کە دەریانهێنابوو کەوتبوو بەسەر پووشە ئاگرگرتووەکاندا و سووتابوو، هەڵیان گرتبوو، بردبوویان بۆ ماڵی موختار ـ لەوپەڕی گوندەکەوە بوو ئاگرەکەی پێ نەگەیشتبوو ـ.

ئیڤان هاتەلای باوکی، لەوێ تەنها موختار و ژنەکەی و منداڵەکانی لێ بوون، ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی هێشتا بەلای ئاگرەکەوە وەستابوون، پیاوە پەککەوتەکە بە مۆمەکەی دەستیەوە لەسەر جێگەکەی ڕاکشابوو، بەردەوام لە دەرگاکەوە سەیری ئەو ناوەی دەکرد، کە ئیڤان هاتەژوورەوە بە ئیشارەت داوای لە کوڕەکەی کرد نزیك ببێتەوە، هەرکە ئیڤان لێی نزیك کەوتەوە، پیرەمێرد لێی پرسی:

- بینیت چی ڕوویدا ئیڤان، من پێم نەوتیت؟ کێ گوندەکەی سووتاند؟

- ئەو سووتاندی باوکە. بە چاوی خۆم بینیم، لەبەرچاوی خۆمدا ئاگری تێبەردا، ئەگەر بە قاچ پووشە گڕگرتووەکانم بکوژاندایەتەوە، ئەمانە ڕووینەدەدا.

- ئیڤان، سەیرکە ئەوە من دەمرم. هەرکاتێك نۆرەت هات، تۆش دەمریت. ڕاست بڵێ، خەتای کێیە؟ تاوانی ئەم هەڵانە لە گەردنی کێیە؟

ئیڤان قرو قەپ وەستابوو، تەماشای باوکی دەکرد، هیچ شتێك زاری پێ هەڵنەدەهێنا.

- ئێستا لەبەردەم پەروەردگاردا قسەی ڕاست بکە، تاوانی کێیە؟ من پێشتر پێم نەوتبوویت کوڕم؟

ئیدی دوای ئەم وتەیە، ئیڤان هاتەوە سەرخۆی و لە هەموو شتێك تێگەیشت:

- خراپە لە منەوەیە باوکە.

ئەمەی وت.. کەوتە سەر ئەژنۆ و دەستی کرد بە گریان.

- لێم ببوورە باوکە، بەرامبەر تۆ و بەرامبەر یەزدانیش تاوانبارم.

پیرەمێردەکە دەستەکانی جووڵاند و مۆمەکەی دەستی ڕاستی دایە دەستی چەپی، دەستی ڕاستی بەرز کردەوە و هەوڵی دا نزاو پاڕانەوە بکات، بەڵام دەستەکانی بەلادا کەوتن. دواتر:

- خودایە هەر تۆ گەورەیت. گەلێك سوپاس بۆ تۆ.

ئەم دووعایەی خوێند و چاوی بڕییەوە کوڕەکەی.

- ئیڤان.. ئیڤان.. لەگەڵ تۆمە.

- بەڵێ باوکە گیان، دەڵێی چی؟
- ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟
ئیڤان دەگریا:
- نازانم باوکە گیان، نازانم لەمەودوا چۆن بژین.
پیاوە پیرەکە چاوی داخست و بۆ دواجار هێزی دایە بەرخۆی، بە زمان لێوی تەڕ کرد و چاوی کردەوە:
- دەژین کوڕم، دەژین، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پەروەردگار ببیت، بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵ دەبیت.
ئەمەی وت. پاش کەمێك بێدەنگی بە پێکەنینەوە ئەم قسانەی کرد:
- گوێ ڕاگرە ئیڤان، بەهیچ جۆرێك باسی ئەوە مەکە کێ ئاگرەکەی هەڵگیرساند، ئەوەت بیر نەچێت، ئەگەر تۆ خراپەی کەسێك بشاریتەوە، یەزدان دوو هێندەی خراپەی تۆ دەشارێتەوە.
پیرەمێرد، دەستی خستە سەر سنگی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گیانی سپارد.
ئیڤان گابرێلی نەدا بە دەستەوە و کەسیش نەیزانی کێ ئاگرەکەی خستبووەوە.
ڕقوکینەکەی ئیڤان بەرامبەر گابرێل خامۆش بۆوە، گابرێل زۆر سەری لەوە سوڕما کە ئیڤان ڕووداوەکەی بۆ کەس نەگێڕایەوە، یەکەمجار لەوە دەترسا ئیڤان کاردانەوەیەکی هەبێت، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، ئەو ترسەی نەماو ڕاهات.
پیاو و ژنەکان وازیان لە شەڕکردن هێنا. خانووی نوێیان دروست کردەوە، هەردوو خێزانەکە لەهەمان ماڵدا ژیانیان بەسەر برد. لەگەڵ ئەوەی خێزانەکان دەیانتوانی ماڵی نوێیان لە دووری یەکتری دروست بکەن، لە ماڵەکانیاندا ـ بە تەنیشت یەکەوە بنیاتیان نابوو ـ لەسەر یەك حەوشە دەستیان بە ژیانێکی نوێ کرد. لەدوای ئەمەوە ئیڤان و گابرێل وەك سەردەمی باوکیان زۆر بە دروستی و وەك پێویست ئەرکی دراوسێیەتییان بەرامبەر یەکتری بەجێ دەهێنا، ئیڤان، قسەکانی باوکی هەرگیز لەیاد نەدەچوو: "گوێڕایەڵی

یاساکانی پەروەردگار ببە و هەر بە پریشکەی ئاگرەکە بکوژێنەرەوە".
لەو ڕۆژە بەدواوە کەسێك نارەواییەکی دژی ئیڤان بکردایە، ئەم هەرگیز بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەدەکردەوە، بەپێچەوانەوە هەوڵی دەدا کێشەکەی نێوانیان بە ژیرانە چارەسەر بکات. لەبری ئەوەی وەڵامی قسەی ناشیرین و جنێو بە جنێو بداتەوە، وا بە جوانی وەڵامی دەدایەوە، بەرامبەرەکەی بۆ وتەی شیرین هان دەدا، هەمان دەستووریشی فێری ژن و منداڵەکانی خێزانەکەی کرد.
بەڵێ ئیڤان شەرباکۆڤ، دوای ئەوەی کێشەکەی بەو جۆرە چارەسەر کرد، وردەوردە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا. سەرەنجام زۆر زیاتر لە جاران شادمان و ئاسوودە بوو.

* میرۆنۆڤ: ناوی قەبیلەیەکی ناوچەکە بوون.

کۆتایی
٢٠٠٧/١٠/١٧